بەشی چوارەم

شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفالەکان (هەشت قۆناغەکانی ئەنفال 23.2.1988-6.9.1988):

شاڵاوی ئەنفالی یەکەم و هێزە بەشداربووەکان:

ئەنفال هەشت قۆناغەو لە ماوەی نێوان (23.2.1988–6.9.1988)دا درێژەی کێشا. کەواتە ئەنفال لە ماوەی (198) رۆژدا ئەنجام دراوە، کە ماوەی (187) رۆژ تەرخانکراوە بۆ حەوت قۆناغی ئەنفال کە لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جێبەجێکرا، کەچی (13) رۆژ تەرخانکراوە بۆ جێبەجێکردنی قۆناغی ئەنفالی هەشتەم (کۆتایی ئەنفالەکان). بڕیاری جێبەجێکردنی قۆناغەکانی ئەنفال بە فەرمانی سەدام حوسێن مەجید تکریتی سەرۆک کۆمارو بڕیاری هەریەک لە ئەنجومەنی بەناو سەرکردایەتی شۆڕش و فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکانی ئێراق (القيادة العامة للقوات المسلحة العراقية) بوو، کە سەدام خۆی هەم سەرۆکی ئەنجومەنی بەناو سەرکردایەتی شۆڕش و هەم فەرماندەی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ئێراق بووە. جیاوازی لە جێبەجێکردنی ماوەی نێوان حەوت ئەنفالی یەکەم و ئەنفالی هەشت زۆرن، بەڵام گرنگترینیان ئەوەیە کە هێزێکی یەکجار گەورەو پڕ چەکی رژێم کە زۆرتر لە دوو سەد (200) هەزار سەرباز دەبوون لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری فەوجی جاشەکان کە (171) فەوج بوون، لەگەڵ زۆرتر لە (100) یەکەی سەربازی، کەتیبەی تانک، کەتیبەی تۆپهاوێژی، یەکەی مغاویرو هێزی تایبەت بەشداری ئەنفالی هەشتیان کردووە بۆ سەر ناوچەکانی ژێردەستی پارتی دیموکراتی کوردستان. یەکەم هێرشی ئەنفال بە شاڵاوی ئەنفالی یەکەم ناسرا، کە لە نیوەشەوی (23.2.1988)دا دەستپێکردو لە رۆژی (19.3.1988)دا بەدەرکردنی بەیانی ژمارە (3087)ی سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان کۆتایی پێهات. شاڵاوی ئەنفالی یەکەم بۆ سەر دۆڵی جافایەتی و بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لە گوندەکانی سەرگەڵوو بەرگەڵوو، لە چوارتا تا ماوەت و لەوێشەوە بۆ سلێمانی و ئینجا بەرەو سورداش، دوکان و بنگرد (کە هەمووی نزیکەی 150 گوندی) گرتەوەو دانیشتوانەکانی ئەنفالکران، بەشێک لە گوندەکان کە

ئەمانەی خوارەوە بوون و لەسەر نەخشە سڕانەوە: (ئاوەژێ، باڵخ، بەرگەڵوو، بێقۆچ، تەلان، جاسەنە، خەمزە، چاڵاوە، چنارنە، چەرەچەتان، چۆخماخ، پیرکە، پیسکەنی، دۆڵەبی، زەرزی، زەنوون، زێوێ، سابوراوە، سەرمۆرد، سەفرە، سوسێ، سورقاوشان، سنگر، سێدەر، سێکانیان، شارستێن، شاناخسێ، شەدەڵە، فەیاڵ، قامیش، قەرەچەتان، قەرەسەد، قەڵاچوغە، قەڵەم پاشا، قەرە هەنگوێ (گەرەنگوێ)، قەمچوغە، قزلەر، قۆمەرغان، قەیوان، کانی توو، کەرکەر، گاپیلۆن، گەپە، گەڕەدێ، گەورەدێ، گەڵاڵە، گوێزیلە، گۆمەزەڵ، مێرگەپان، مێوڵاکە، هەڵەدن، هەنارانی خواروو، هەنارانی سەروو، هەنجیرە، وڵاخلوو، یاخسەمەر). ئەنفالی یەکەم بە سەرکردایەتی لیوا روکن سوڵتان هاشم ئەحمەد محەمەد ئەلتائی فەرماندەی جێگرەوە (قائد ردیف)ی فەیلەقی یەک (کە لە دانیشتنی ژمارە (33)ی دادگاییکردنی تاوانبارانی شاڵاوی ئەنفالەکان لە رێکەوتی (21.12.2006)دا گووتی: فەرمانی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوییان پێنەدام لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، بەڵام ئەگەر ئەو فەرمانەیان پێبدابام ئەوکاتە بەدڵنیایی چەکی کیمیاویم بەکاردەهێنا)، لیوا روکن نوعمە فارس حوسێن ئەلمحیاوی فەرماندەی فەیلەقی پێنجی ئەوکات و بە سەرپەرشتی راستەوخۆی فەریق یەکەمی روکن عەدنان خەیرۆڵڵا تولفاح وەزیری بەرگری، عەلی حەسەن مەجید تکریتی بەرپرسی بیرۆی باکووری حیزبی بەعس (کە لە دانیشتنی ژمارە (37)ی دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال لە رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی (21.12.2006)دا گووتی: پەشیمان نیم لەو کارانەی کە لەکاتی شاڵاوی ئەنفالەکاندا ئەنجامم داون، ئێستاش هەمان بارودۆخ دووبارە ببنەوە، هەمان ئەو کارانەی لە ئەنفالەکاندا کردوومە دیسان ئەنجامیان دەدەمەوە)، فەریقی روکن نزار عەبدولکەریم فەیسەل ئەلخەزرەجی سەرۆک ئەرکانی سوپا، فەریق روکن حوسێن رەشید محەمەد عەرەب تکریتی یارمەتیدەری سەرۆکی سوپا بۆ کاروباری ئۆپراسیۆنەکان، لیوا روکن سابیر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی دوری بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی سەربازی، عەقید روکن فەرحان موتلەگ ساڵح خەڵەف جبوری، بەڕێوەبەری رێکخراوی هەواڵگری ناوچەی خۆرهەڵات (مدیر منظومة إستخبارات المنطقة الشرقية) و بە بەشداری (25) تیپی (فرقە)ی سەربازی و هێزەکانی گاردی کۆماری بوو. ئەو هێزانەی کە بەشداری ئەو ئەنفالەیان کردووەو بۆ ئێمە ناسراون بریتین لە: (هێزەکانی بەدر ئەلکوبرا، بە فەرماندەیی عەمید عەلی حوسێن مزعەل ئەلمحەمەداوی

و رەفیق عەقید ناسر فاخر عەلوان، رازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی بەدر ئەلکوبرای سەربازی). عەمید عەلی حوسێن مزعەل ئەلمحەمەداوی، فەرماندەی هێزەکانی بەدر ئەلکوبرا تەنیا لە ئەنفالی یەک شەش مەدالیای بەناو ئازایەتی وەرگرتووەو، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەی سورداش و هەریەک لە گوندەکانی: (سەرگەڵوو، بەرگەڵوو، شەدەڵە، هەڵەدن)ی کردووە - سەرچاوە: (رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (960)ی رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی (24.3.1988)، زکریات محەمەد حەسەن، نێردراوی هاوکاری: یەکەمین کەس بوون گەیشتنە بنکەکانی خاین جەلال تاڵەبانی لە سەرگەڵوو، ل6-7). عەمید عەلی حسێن مزعەل لە درێژەی قسەکانیدا بۆ هاوکاری دەڵێت: (هاریکاری کردن لەنێوان ئێمەو لەنێوان فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی زۆر دیارو رێک و پێک بوو، تێیدا فەوجەکان لە رۆڵەکانی گەلی کوردی خۆشەویستمان قوربانییەکی مەزنیان بەخشی و ئەو فەوجانەی لەم جەنگەدا بەشداریان کرد ئەمانە بوون: فەوجی (2، 5، 20، 23، 36، 37، 51، 81، 96، 109) کە دە فەوج بوون). سەرۆک جاشی فەوجەکانی ئاماژە پێکراو لە سەرەوەدا کە بەشداری ئەو ئەنفالەیان کردووە، بریتین لە: (سەرۆک جاشی فەوجی (2)ی جاشە سووکەکان، سابیر ئەحمەد رەقیب محەمەد سوورچی. سەرۆک جاشی فەوجی (5)ی جاشە سووکەکان، ئەسعەد جهانگیر ئاغای هەرکی. سەرۆک جاشی فەوجی (20)ی جاشە سووکەکان، ئیبراهیم عەلی حاجی مەلۆ مزوری. سەرۆک جاشی فەوجی (23)ی جاشە سووکەکان، عاسیف ئەحمەد ئاغای زێباری. سەرۆک جاشی فەوجی (36)ی جاشە سووکەکان، سادق زێڕۆ ئەمین هەرکی. سەرۆک جاشی فەوجی (37)ی جاشە سووکەکان، تاریق فایەق وەلەد کاکەیی زەنقڕی. سەرۆک جاشی فەوجی (51)ی جاشە سووکەکان، ئیبراهیم مەولود گەردی و مامەند حەمەد مەولود گەردی. سەرۆک جاشی فەوجی (81)ی جاشە سووکەکان، محەمەد عومەر ئەمین جەمیل باساکی. سەرۆک جاشی فەوجی (96)ی جاشە سووکەکان، خالید مەحمود ئەحمەد شەیف غەوارە (خالیدی خولە سوور). سەرۆک جاشی فەوجی (109)ی جاشە سووکەکان، شێخ خەلیل عەبدوڵڵا ئیبراهیم شەرەفانی). هێزەکانی خالید بن وەلید (تیپی 2)ی پیادەی سەربە فەیلەقی یەک، کە فەرماندەکەی عەمیدی روکن عەبدولمەجید عەباس وەهیب بووە. هێزەکانی قەعقاع ناسراو بە (تیپی چوار)ی ناسراو بە (قوات القعقاع)ی سەربە فەیلەقی پێنج، کە

فەرماندەکەی عەمیدی روکن عیسمەت سابیر عومەر فەتحوڵڵا ئەلبەیاتی بووە. تیپی (8)ی پیادەی ناسراو بە (هێزەکانی موسەنا)ی سەربە فەیلەقی یەک، کە فەرماندەی تیپەکە عەمیدی روکن ناتق شاکر مەحمود رامز بووە. تیپی (24)ی پیادەی ناسراو بە (هێزەکانی موعتەسەم)ی سەربە فەیلەقی پێنج، کە فەرماندەکەی لیوا روکن عەبد عۆن نوعمە نسور بووە. لیوای کۆماندۆی یەکی سەربە فەیلەقی یەک، بە فەرماندەیی عەمید عەلی و فەرماندەی فەوجی یەکی لیوای کۆماندۆی یەک، بە فەرماندەیی رائید شەهید عەلی. لیوای کۆماندۆی دوو سەربە فەیلەقی چوار. لیوای کۆماندۆی یەکی سەربە فەیلەقی شەش. تیپی (33)ی پیادەی سەربە فەیلەقی پێنج، کە فەرماندەکەی عەمیدی روکن رەمزی مەحمود عەبدوڵڵا فەتحی ئەلقەیسی بووە، هەروەها رائید محەمەد رەشید سوڵتان، فەرماندەی یەکەیەکی سەر بەو تیپە بوو بەشداری ئەو ئەنفالەو ئەنفالەکانی تری کردووە لەگەڵ تیپەکەیاندا. عەمیدی روکن رەمزی مەحمود عەبدوڵڵا فەتحی ئەلقەیسی بەهۆی بەشداری کارای لە شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفالی یەکەم و سێیەمدا، دوو مەدالیای بەناو ئازایەتی وەرگرتووە - سەرچاوە: (العراق)، ژمارە (3905)، دووشەممە، (21.11.1988)، ل3). تیپی (38)ی پیادەی ناسراو بە (هێزەکانی عومەر بن عەبدولعەزیز)ی سەربە فەیلەقی پێنج، کە فەرماندەی تیپیەکە عەمیدی روکن عەبدولئەمیر عەلوان حوسێن بووە. بیست لیوای (مدفعية الميدان) کە ژمارەیان بیست هەزار سەربازی پڕ چەک دەبوو، بەخۆیان و (720) تۆپی دوورهاوێژو ئەو هێزە سەربە سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان بوو کە بەشداری هەموو ئەنفالەکانیان کرد، بیست لیوای کۆماندۆی فەیلەقەکانی (2، 3، 4، 5، 6، 7)، هەر سێ فەوجەکانی کۆماندۆی سەربە لیوای کۆماندۆی (72). لیواکانی کۆماندۆی هەریەک لە فەیلەقەکانی (1، 2، 3، 4، 5، 6). لیواکانی پیادەی (19، 26، 31، 32، 36، 72، 75، 116، 438، 445، 448)، عەقید فەوزی جەواد هادی فەرماندەی لیوای (19) بووەو، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (42)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. موقەدەمی روکن حوسێن عەلی حەمید فەرماندەی لیوای (36) بووەو، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (137)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. عەمیدی هێزەکانی تایبەت (ق.خ)

عەلی حوسێن مزعەل ئەلمحەمەداوی فەرماندەی لیوای پیادەی (72) بووەو، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (62)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.
عەقیدی پیادە محەمەد یەعقوب یوسف فەرماندەی لیوای (438) بووەو، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (44)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.
عەقیدی پیادە قەیس ئیبراهیم مەدحەت، فەرماندەی لیوای (445) بووەو، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (43)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.
هێزی تایبەتی لیواکانی (65 و 66) کە هێزێکی تایبەتی سەربە سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکان بوون و ژمارەیان نزیکەی (5) هەزار سەرباز دەبوو، لە ساڵی (1990)دا عەمیدی روکنی هێزی تایبەت عەبدولموحسن سلێمان کازم فەرماندەی لیوای (65)بووە، بەڵام ئەوە بۆمن روون نەبۆتەوە کە ئایا لەکاتی ئەنفالەکانیشدا هەر ئەو بووە یان ئەفسەرێکی تر! هەروەها فەرماندەی لیوای (66)ی هێزی تایبەت عەمید روکن جەعفەر سادق بووە. هەروەها (30) فەوجی لە دایکبووانی ساڵی (1945). سێ لیوای پاسەوانی کۆماری (الحرس الجمهوري) بەتەواوی چەک و تفاقی پێشکەوتووی شەڕیانەوە بەشداری ئەو قۆناغەی ئەنفالیان کردووە. بەگوێرەی رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (962)ی رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی (31.3.1988)، وتارێکی (زکریات محەمەد حەسەن) کە لە لاپەڕە چواردا لەژێرناوی (هاوکاری لە شاری سلێمانی میوانی یەکێکە لەو پێکهاتوانەی کە بەرەو نەمری دەچن)دا بڵاوکراوەتەوە، باسی بەشداریکردنی هەریەک لە (عەمید روکن بەشیر عەلی محەمەد، فەرماندەی پێکهاتەیەکی سوپا بەناوی (قوات الربيع – هێزەکانی ئەلڕەبیع)، رائید عەبدولجەلیل قاسم محەمەد، ئەفسەری ئاراستەی رامیاری (ضابط التوجيه السياسي) و فەرماندەی رەتڵی یەکەمی (هێزەکانی ئەلڕەبیع)و رائید عەبدولئیلا عەبدولڕەزاق محەمەد ئەلجومەیلی)ی کردووە لە ئەنفالی یەک، کە ئەنفالی دانیشتوانی گوندەکانی سەرگەڵوو بەرگەڵوویان کردووە. شانبەشانی (هێزەکانی ئەلڕەبیع) هەریەک لە فەوجی (72)ی فوئاد کەریم کابایز هەمەوەندی، فەوجی (78)ی رەشید ئەحمەد ئەمین عەزیز شێروانی و فەوجی (101)ی راوێژکار رەفیق سەید وەلەد ئاغا

کاکەیی، بەشداری ئەنفالی یەکیان کردووە لە دۆڵی جافایەتی. کەرتەکانی سەربازی (ئەزمر، سوسێ، دوکان و بنگرد)و تەواوی کەرتەکانی سەربازی سەربە هەردوو فەیلەقی (یەک و پێنج). فەرماندەی کەرتی سوسێ عەمید خالید و فەرماندەی کەرتی سەربازی دوکان عەمید تەڵعەت سلێمان وەلی بووە، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (65)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. رێکخستنەکانی حزبی بەعسی سەربە لقی رەشیدی سەربازی. هەروەها دەستەی کیمیاوی (لەڕێگەی بەکارهێنانی تۆپی قورسی (130) ملم، (154) ملم، کاتیۆشای (132) ملم، هەلیکۆپتەرو فڕۆکەی پیلاتۆز)، فڕۆکەوانی سوپا، هێزی ئاسمانی، یەکەکانی کوشتار (وحدات قتالیة)ی سەربە فەیلەقی پێنج، تواناکانی ئەندازیاری بۆ کاولکردنی گوندەکان، کردنەوەی رێگاو رێچکەی چیایی، یەکەکانی ئیستخبارات و تەواوی یەکەکانی تانک، زرێپۆش، کاتیوشاو تۆپخانەی سەر بەو فەوج، لیوا، فرقەو فەیلەقانەی کە بەشداری ئەو ئەنفالەیان کردووە، رۆڵی سەرەکییان بینی لە کیمیاباران کردنی دێهات و ناوچەکانی ئەنفالی یەکەم). شانبەشانی ئەو هێزە سەربازییانەی سەرەوە جاشی کوردیش بە مەفرەزە تایبەتییەکانی (29 + 68 (فەرماندەی مەفرەزەی ناوبراو محەمەد ئەمین عوسمان فەقێ بووە) + 87 + 119)ی سەربە ئیستخبارات و، مەفرەزەی تایبەتی (حەیدەر شەریف)ی فەرماندەی یەکێک لە مەفرەزەی تایبەتییەکان بەشداری ئەنفالی یەکیان کردووە - سەرچاوە: (رۆژنامەی ئێراق، ژمارە (3709)ی، رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی (31.3.1988). سەباح عەلی فەقێ، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی، بەشداری ئەنفالی دووی کردووە - سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلجمهوریە، ژمارە (6777)ی رۆژی سێشەممە، رێکەوتی (5.4.1988)، ل6). عەلی تۆفیق محەمەد (عەلە لوت ماسی) فەرماندەی مەفرەزەی ژمارە (85)ی سەربە ئیستخباراتی شیمالی، بەشداری ئەنفالی شاڵاوی ئەنفالی ماوەت و چوارتای کردووە، کە دەکاتە شاڵاوی ئەنفالی یەکەم – سەرچاوە: (زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، چاپی دووەم، ل243). هەروەها بەگوێرەی قسەکانی لیوا روکن سوڵتان هاشم ئەحمەدی فەرماندەی فەیلەقی یەک، کە خۆی سەرپەرشتی ئەنفالی یەکەمی کردووە، نزیکەی (70) فەوجی جاشە سووکەکان بەشداری ئەو ئەنفالەیان کردووە، بەڵام شۆڕش حاجی لە پەرتووکی (ئەنفال کوردو دەوڵەتی

ئێراق)دا تەنیا ئاماژەی بەناوی (47) سەرۆک جاش و فەوجی جاشان کردووە. بەڵام بەگوێرەی (ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988) و (رۆژنامەی ئەلجمهوریە، ژمارە (6789)ی رۆژی سێشەممە، رێکەوتی (26.4.1988)دا، هەریەک لەم فەوجانەی خوارەوە کە ژمارەیان (77) فەوجە بەشداری ئەنفالەکانی یەک و دوویان کردووە: (لەتیف ئەحمەد محەمەد زێباری، سەرۆک جاشی فەوجی (1). سابیر ئەحمەد رەقیب محەمەد سوورچی (سابیر سوورچی)، سەرۆک جاشی فەوجی (2). نەوزاد ئەنوەر رەشید بەگی بێتواتە، سەرۆک جاشی فەوجی (4). ئەسعەد جهانگیر ئاغای هەرکی، سەرۆک جاشی فەوجی (5). حوسێن خدر حەمەد سوورچی، سەرۆک جاشی فەوجی (6). محەمەد رەشید مەحمود جاف، سەرۆک جاشی فەوجی (13). ئیبراهیم عەلی حاجی مەلۆ مزوری، سەرۆک جاشی فەوجی (20). ئیسماعیل مەحمود رەسوڵ ئاغا پشدەری، سەرۆک جاشی فەوجی (21). هەمزە عەباس مامەند ئاکۆ ئاغای پشکۆ، سەرۆک جاشی فەوجی (22). عاسیف ئەحمەد ئاغای زێباری، سەرۆک جاشی فەوجی (23). سەعید یوسف (یونس) ئەسعەد زراری، سەرۆک جاشی فەوجی (25). نەقیب مەحمود حەمە رەسوڵ ئاغا پشدەری، سەرۆک جاشی فەوجی (26). سەعید ئەسعەد ئاغای شێتنە، سەرۆک جاشی فەوجی (34). عەمید فەتاح کەریم فەتاح جاف، سەرۆک جاشی فەوجی (35). سادق زێڕۆ ئەمین هەرکی، سەرۆک جاشی فەوجی (36). تاریق فایەق وەلەد کاکەیی زەنقڕی، سەرۆک جاشی فەوجی (37). مەدحەت تۆفیق مەنسور داودی، سەرۆک جاشی فەوجی (47). مامەند محەمەد مەولود گەردی، سەرۆک جاشی فەوجی (51). چیاد دێوالی دۆسکی، سەرۆک جاشی فەوجی (58). سوعاد فەیزوڵڵا محەمەد تاڵەبانی، سەرۆک جاشی فەوجی (60). شێخ مەجید شێخ بایز حەسەن محەمەد بەرزنجی قەڵاسێوکەیی، سەرۆک جاشی فەوجی (61). کەریم عەبدوڵڵا محەمەد (جمور)، سەرۆک جاشی فەوجی (62). (تاریق) قادر شەفیق نوعمان کافرۆشی، سەرۆک جاشی فەوجی (63). شێخ موعتەسەم عەبدولکەریم حوسێن بەرزنجی، سەرۆک جاشی فەوجی (64). عەباس حاجی ئاغا رەسوڵ ترکەڕەشی، سەرۆک جاشی فەوجی (66). مەحمود حەمەئەمین حەمە ساڵح (ساڵح حەمە) گوڵێ، سەرۆک جاشی فەوجی (69). فوئاد کەریم محەمەد کابایز هەمەوەندی، سەرۆک جاشی فەوجی (72). محەمەد حەسەن عەلی (عەلی حەسەن)

میرزا جاف شەمێرانی، سەرۆک جاشی فەوجی (74). کیسرا محەمەد سەعید محەمەد فەتاح بەگ جاف، سەرۆک جاشی فەوجی (75). رەشید حەمەدئەمین عەزیز شێروانی، سەرۆک جاشی فەوجی (78). قادر سوارە حەمە بڵباس، سەرۆک جاشی فەوجی (80). محەمەد عومەر ئەمین جەمیل باساکی، سەرۆک جاشی فەوجی (81). هەڵگورد شێخ عەبدولکەریم کەسنەزانی، سەرۆک جاشی فەوجی (83). فارس تاهیر مستەفا ئاغا غەفوری کۆیی، سەرۆک جاشی فەوجی (85). عوسمان عومەر مام یەحیا کۆیی، سەرۆک جاشی فەوجی (86). عەباس بایز باڵو ئاغا، سەرۆک جاشی فەوجی (91). کەمال محەمەد مام رەشید چوارتایی، سەرۆک جاشی فەوجی (94). خالد مەحمود ئەحمەد شەریف غەوارە (خالیدی خولە سوور)، سەرۆک جاشی فەوجی (96). جەمال فەقێ حوسێن کەلهوڕی، سەرۆک جاشی فەوجی (97). سەلیم مەمەند رەسوڵ ئاغای میراودەلی (رەسوڵ مەمەند میراودەلی)، سەرۆک جاشی فەوجی (98). تاهیر عەلی عەبدولڕەحمان جەباری، سەرۆک جاشی فەوجی (99). شێخ ئیبراهیم شێخ نەسرەددین عەزیز بەرزنجی، سەرۆک جاشی فەوجی (102). عومەر حەمە عەلی رۆستەم چەرمەگایی، سەرۆک جاشی فەوجی (104). سەباح سەعید کەریم فەتاح کاکەیی تۆبزاوەیی (سەباح سەعید کەریم هەواری)، سەرۆک جاشی فەوجی (106). محەمەد تاهیر یونس محەمەد زیناوە شکاک، سەرۆک جاشی فەوجی (107). شێخ خەلیل عەبدوڵڵا ئیبراهیم شەرەفانی، سەرۆک جاشی فەوجی (109). تۆفیق سلێمان یاسین بەرواری شکیرانی، سەرۆک جاشی فەوجی (113). عومەر بابەکر سەلیم ئاغا پشدەری، سەرۆک جاشی فەوجی (114). حەسەن مەحمود محەمەد ئەمین بەگ هەورامی، سەرۆک جاشی فەوجی (115). مەحمود ئەحمەد شەریف غەوارە، سەرۆک جاشی فەوجی (122). شەریف مەحمود مەعروف کوڕەداوێ، سەرۆک جاشی فەوجی (126). شێخ ئەنوەر محەمەد رەزا جاف (لەک). سەرۆک جاشی فەوجی (131). فەخری ئیسماعیل عەبدولقادر ئاغا رەژیگەری، سەرۆک جاشی فەوجی (133). ئیبراهیم کانەبی باڵو ئاغای پشدەری، سەرۆک جاشی فەوجی (147). محەمەد عەلی رەسوڵ (محەمەد بچکۆڵ)، سەرۆک جاشی فەوجی (148). نەقیب عەبدوڵڵا حەسەن ساڵح بابان رەنگینەیی، سەرۆک جاشی فەوجی (151). عەلی عەبدولڕەحمان (ئەوڕەحمان) حەسەن گرگاشەیی، سەرۆک جاشی فەوجی (168). خدر فەتاح حوسێن قامیشەیی، سەرۆک جاشی فەوجی

(170). عومەر ئەحمەد عەلی جاف (عومەرە بچکۆل)، سەرۆک جاشی فەوجی (171). تەحسین شاوەیس سەعید رۆژبەیانی، سەرۆک جاشی فەوجی (172). خدر رەشید بەحری پێنجوینی، سەرۆک جاشی فەوجی (173). شێخ نەجمەددین شێخ سالّح محەمەد بەرزنجی، سەرۆک جاشی فەوجی (174). محەمەد عیسا جاف، سەرۆک جاشی فەوجی (176). محەمەد سەعید ئەحمەد محەمەد جاف هارۆنی، سەرۆک جاشی فەوجی (197). عەلی شێخ ئەمین فەرەج بەرزنجی، سەرۆک جاشی فەوجی (201). شێخ تەیب شێخ محەمەد شێخ عوسمان بەرزنجی، سەرۆک جاشی فەوجی (203). رەزا تەها محێدین بەرزنجی (سەید مانگا)، سەرۆک جاشی فەوجی (211). عەدنان عەبدوڵڵا نەجم جاف (عەدنان دیسکۆ)، سەرۆک جاشی فەوجی (212). بایز عەزیز رەشید ئاغا باواجانی، سەرۆک جاشی فەوجی (213). قاسم کەریم ئەحمەد مەحمود شینکی، سەرۆک جاشی فەوجی (237). سوارە فەتاح فەرەج جاف، سەرۆک جاشی فەوجی (239). محێدین شێخ عەزیز محەمەد بابا عەلی بەرزنجی، سەرۆک جاشی فەوجی (242). سەدیق عەلی محەمەد ئەمین هارۆنی، سەرۆک جاشی فەوجی (245). سەعید محەمەد غەریب جاف، سەرۆک جاشی فەوجی (251). حەمید نوری خورشید هەرکی، سەرۆک جاشی فەوجی (؟؟؟؟؟).رەفعەت محەمەد عەلی گلی، سەرۆک جاشی فەوجی (؟؟؟؟؟). محەمەد کەریم زێباری، سەرۆک جاشی فەوجی (؟؟؟؟؟).

محەمەد تاهیر یونس محەمەد زیناوە شکاک، سەرۆک جاشی فەوجی (107)ی جاشە سووکەکان، بەشداری ئەنفالی کردووەو سەبارەت بە ئەنفالی یەک بەمشێوەیە دێتە گووتن: (شەرەفێکی مەزنە بۆ ئێمە کە بەشداری ئەو داستانە قارەمانێتیە دەگمەنەمان کردووە - سەرچاوە: رۆژنامەی ئەلعێراق، ژمارە (3709)، رۆژی پێنجشەممە، ریکەوتی 31.3.1988). تالّیب ئیبراهیم بەرزنجی، سەرۆک جاشی فەوجی (؟؟)، بەشداری شالاوی ئەنفالی یەکی کردووە - سەرچاوە: رۆژنامەی سەورە، ژمارە (6515)، رۆژی یەکشەممە، ریکەوتی (27.3.1988). بەگوێرەی پەرتووکی (تونی مەرگ، زیاد عەبدولڕەحمان، ل243+245)، دوو راوێژکار بە ناوەکانی حوسێن محەمەد عوسمان پشدەری (حوسێن حەمە سور ئاغا)، سەرۆک جاشی فەوجی (175) و بەکر کەریم غەفوری) بەشداری ئەنفالی یەکیان کردووە. عزەدین محەمەد ئەمین یاسین عچاچ رەشگەری، سەرۆک جاشی فەوجی (16)

بەشداری لە شالاوی ئەنفالی (1)دا کردووە - سەرچاوە: (هاوکاری، ژمارە (967)، رۆژی دووشەممە، ریکەوتی 18.4.1988، ل4). هەروەها بەگوێرەی (رۆژنامەی العراق، ژمارە (3795)، رۆژی دووشەممە، ریکەوتی (11.7.1988)، فەوجی (56)ی سەربە رەفعەت کیخوا عەبدوڵڵا عومەر شێروانی لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا بەشدار بووە، کە جیگری سەرۆک جاشی فەوج مەدحەت عەبدوڵڵا شێروانی برای رەفعەت شێروانی بۆ رۆژنامەی ناوبراو دەڵێت: (بەشداریمان لە هەردوو ئەنفالی یەک و دوودا کردووەو لەو داستانی پاڵەوانیتیەدا ئەوپەڕی ئازایەتیمان نواندووە). تەحسین محەمەد رەشید زەنگەنە سەرۆک جاشی فەوجی (179)ی جاشە سووکەکان، بەشداری ئەنفالی یەکی کردووە - سەرچاوە: (رۆژنامەی هاوکاری کە کۆپییەکەی لامە، بەڵام بەداخەوە ژمارەکەی دیار نییە). سەرۆک جاشی فەوجی (353)ی جاشە سووکەکان قادر محەمەد رەشید عەبدولقادر، بەگوێرەی لێدوانی خۆی باسی ئەوەی کردووە کە فەوجەکەیان بەشداری جەنگەکانی هەڵەبجە، قەرەداغ، ئەنفالەکانی یەکەم، دووەم و سێیەمیان کردووە - سەرچاوە: (رۆژنامەی هاوکاری، کە ژمارەو رۆژەکەی لەسەر نییە، بەڵام دەقی چاوپێکەوتنەکەی ناوبراوم لایە کە بۆ هاوکاری لێدوانی داوە.

هێرش و پەلامارە درندەکانی میلیشیای بەعس لە ئەنفالی یەکدا بۆ دۆڵی جافەتی و بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەمشێوەیە ئەنجام دراون:

قۆڵی یەکەم: هێزێک لە گاپیلۆن بۆسەر زنجیرە شاخەکانی هێلانە بەراز و شاخەسوور، دواتریش بەرەو گوندەکانی گەڕەدێ و گەورەدێ. هێزی دووەم لە گاپیلۆن بەرەو گوندەکانی: باڵخ، وڵاغلوو و شاخی گۆجاڕ؛ هێزی سێیەمیش لە گاپیلۆنەوە بەرەو شاخی خەجەلەرزۆک.

قۆڵی دووەم: لە دۆڵە رووتەوە بەرەو قزلەر، کە لێرەدا هێزەکە بۆتە دوو بەش بەشی یەکەمیان بەرەو شاخی یاخیان و لوتکەی چایەر بەرامبەر بە گوندی زێوێ و بەشی دووەمیان بەرەو کەڵکی قزلەر.

لەو ئەنفالەدا موقەدەم عارف حوسێن محەمەد، سەرپەرشتی قۆڵی یەکەم و دووەمی (لە ئەزمڕ و کارێزەوە بەرەو گاپیلۆن – گەڕەدێ – گەورەدێ و لە گاپیلۆنەوە بەرەو گوندو بەرزاییەکانی دووبرا – قزلەر – کەڵکی قزلەر - زێوێ – خەجەلەرزۆک – گۆجاڕ – شاخەسوور - قەیوانی کردووە).

قۆڵی سێیەم: لەسەر ڕێگای سورداشەوە بەرەو زێوێ.
قۆڵی چوارەم: لەسەر ڕێگای سورداشەوە بەرەو قوڵەپووشێن، قوڵە سەوزە، کلکەی سپیلک و لەوێشەوە بەرەو گوندی شەدەڵە.
قۆڵی پێنجەم: لەسەر ڕێگای دوکان رووەو سورداشی کۆن، هۆمەر قەوم، شەدەڵە و شاخی دابان.
قۆڵی شەشەم: لەسەر ڕێگای دوکان رووەو گوندەکانی قەمچوغە و سەرمۆرد.
قۆڵی حەوتەم: لە قەرەسرتەوە بەرەو قەڵەمپاشا و کلاوسپی.
قۆڵی هەشتەم: لەسەر ڕێگای بنگرد رووەو هەنجیرە، شارستێن، سێدەر، دۆڵەبی و هەوارەبەرزە.
قۆڵی نۆیەم: لەسەر ڕێگای بنگرد رووەو ئاوەژێ، چنارنە و سیروان.
عەمید روکن سوبحی فازڵ حەمید جێگری فەرماندەی فەیلەقی پێنج، سەرپەرشتی قۆڵی هەشتەم و نۆیەمی کردووە. هەروەها عەمید روکن سەعد شەمسەدین خاڵس سەرپەرشتی فەرمادەی جەحافیلی سووکی یەکی کردووە.

بەگوێرەی قسەکانی نەوشیروان مستەفا ئەمین، کە لە لاپەڕە (150)ی پەرتووکی (خولانەوە لەناو بازنەدا)دا، زیانی پێشمەرگەی لە ئەنفالی یەکەمدا بە زۆرتر لە شەش سەد شەهیدو بریندار داناوە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ناوچەکە. بەڵام لە بەیاننامەیەکی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە ڕێکەوتی (19.3.1988)دا دەرچووە، زیانەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی بە (60) شەست پێشمەرگەو، زیانی دوژمنی لە ریزەکانی میلیشیا چەکدارەکانی بەعس بە زۆرتر لە (8.000) هەزار چەکدار داناوە کە چوار سەد کەسیان ئەفسەری پلە بەرزن. ئەوەی شایەنی باسە فەرماندەی ئەنفالی یەکەم لیوا روکن سوڵتان هاشم ئەحمەدی فەرماندەی فەیلەقی یەک، لەکاتی وتە وەرگرتنیدا کە لە ڕێکەوتی (23.6.2005)دا وتەی وەرگیراوەو (لە بەشی (27)ی سەرچاوەی یەکەمدا لە لاپەڕەکانی (8177-8178)دا، باسی ئەوەی کردووە کە ئەو خەڵکەی دانیشتوانی دێهاتەکان بوون و دەگیران، سەرەتا هێزەکانی سوپا دەیدانە ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی خۆرهەڵات (منظومة الأستخبارات المنطقة الشرقية)، کە عەقید روکن فەحان موتلەگ ساڵی جبوری بەڕێوەبەری بووەو، ئەوانیش دەیانبردن بۆ (مکتب تنظیم الشمال)ی عەلی حەسەن مەجید، بەڵام دواتر (مکتب تنظیم الشمال) داوایکرد تەنیا

خەڵکی سیڤیل رادەستی (منظومة الأستخبارات المنطقة الشرقية) بکەن). بەگوێرەی لاپەڕە یەکی ڕۆژنامەی (الجمهورية)، ژمارە (6881) و لاپەڕە (14)ی ڕۆژنامەی (العراق)، ژمارە (3803)ی ڕۆژانی چوارشەممە، ڕێکەوتی (20.7.1988)، فەرماندەی جێگرەوەی (قائد ردیف)ی فەیلەقی یەک لیوا روکن سوڵتان هاشم ئەحمەد کە سەرکردایەتی ئەنفالی یەکەمی کردووە، چوار مەدالیای بەناو ئازایەتی و یەک (وسام الرافدینی) پلە دووی جۆری سەربازی، وەکو خەڵات لە پاداشتی سەرکردایەتی کردن و سەرکەوتنی لە ئەنفالی یەکدا لە سەدامی دیکتاتۆر وەرگرتووە. هەروەها لیوا روکن سوڵتان هاشم بەهۆی بەشداری کارای لە شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفالی یەکەم، یەک مەدالیای بەناو ئازایەتی وەرگرتووە - سەرچاوە: (العراق)، ژمارە (3905)، دووشەممە، (21.11.1988)، ل3).

First Anfal: 23 February - 19 March 1988



راگەیاندنی مەکتەبی سیاسی یەکیتی نیشتمانی کوردستان .

لەروژی (۲۰۱ / ۳ / ۹۸۸)وە تا روژی ۱۸ / ۳ / ۹۸۸ هەموو ئەنفالی ئەیلەقی یەك وفەیلەقی پێشێی جەیشی احتلالی بەعسی بەپشتیوانی زیاتر لە (۲۰) لیوا کەلەفەیلەقەکانی (۲و۳ و٤ و۷و۷) جەیشیان بوون بە پالپشتی سەدان تانك و مدرعەو ناقیلەوسەدان ئوبی ئورمی (۱۳۰) ملم و(۱۵۲) ملم وزەیان کانیۆنای (۱۲۰) ملم بەپالپشتی تەیارانی جەیشی هیزی ئاسمانی عیراق هیرشیکی بەربڵاوی کردە سەر ناوچەکانی دولی جافاتی کەبەشێك لەبەرەگانی سەرکردایەتی و مەلبەندی دووی یەکیتی نیشتمانی کوردستانی لی بوو . لەشەریکی جەبهەیی قورس دا کەزیاتر لە (۲۵) هەموو روژی خایاند بەدریژایی ئەوشەرە جەبهەیی کە (۷۰) کم زیاتر بوو ، دوژمن هەموو جورە چەکیکی تیا بەکار هینا و سەدان تەن گازی زەهراوی خەردەلی بەسەر جەبهەکەو ناوچەکەدا رشت ئەلەم شەرە کەم وینەیەدا ه . پ . ك داستانیکی کەم وینەی بڕ تەجروبەیان تومار کردو لەسەر هەر بەردو لوتکەیەکی نیشتمانەکەی خۆیان بەوبەری ئازایەتیەوە بەرامبەر جەیشی احتلالی بەعس جەنگان و بەسەدان کەلاکیان لی خستن .. ئەم شەرە لەلایەن خودی جەلادی عیراق (صدام حسین) ، وە ئیدارە ئەکرا ، وەزیری دیفاع عدنان خیر الله و ئاموزا خوین ریژەکەی صدام عەریف (علی حسن المجید) سەربەرشتی ئەکرا . جەیشی احتلالی بەعسی لەم هیرشەدا جگە لەداگیر کردنی ئەو ناوچانە ئەیویست زەمانەو زەمینی عەریکی ئابەرامبەر لەژمارەو جوری چەکنا بەیەسەر هیزەکانی ئیمەدا بسەپێنی بوئەوەی لەچالاکیان بخات ، بویە سەرکردایەتی (ی . ن . ك) بەچاکی زانی کەخەلکی ناوچەکە ، بوئەوەی توشی زەرەری زورتر نەبن ، بگوێزنەوە بو دەرەوەی ئاثرەی جەبهەکە .. لەشەوی ۱۷ / ۳ دا هیزی پێشمەرگە لەمەندی عوبێلی ناوچەکەبەویك و پرکی و بەسەلامەت، کشایەوەو ئەی هیمت لەشەی هیچ پێشمەرگەیەکی شەهید یا ئەنیا یەك بریندار دەست دوژمن بکەوی نیاهیچ کەلوپەلیکی یەکەلك ئەنانەت هیچ ئاژەل و کولەتیکی کەدوژمن سوودی لی وەربگری جەنانی بو دوژمن بەجی بهیلی . لەم شەرە کەم وینەیەدا هیزی پێشمەرگەی ئازەمان ئەنیا (٦٠) کەمتر شەهیدی دا و لەداو ئەوانەدا ئەنیا یەکیکیان ئەرماندەی تیپ بوو کەکاك محمد رازانی ئەرماندەی تیپی (٦٣ جوتیاران) بوو کەلە هیرشی شەوی (۱ / ۳) دا بریندار بەدەلە شەهیدبوو .. لەبەرامبەر ئەمەدا دوژمن زیاتر لە حەفت هەزار کەس لەهیزە جەکدارەکانی گوزراو و بریندارە کەزیاتر لە (٤٠٠) کەسیان ئەکەوتە لەوانە قائدی (فرقەی ٢٤) واتە قوانی (مهتقم) وەئامر مقدمەی (فرقەی ٣٤) بەناوی مصین عەبدیان امر لیوا و ئامر لەوج و ئامر سریە ، هەروەها دەیان دەبابە و ناقیلەو مدرعە و سەیارەو توپخانە تیك شکیندراو جەندین کوپتەر بەکار هاتوە کەبەکوپتەرانی لەسلیمانی و بەکیکی تر لەروژی ٣/٧ دا لەجوار قورنە بەبەر چاوی خەلکی کەوتە خوارەوە و سەدان سەربازو ئەفسەر لەم (لیوا) یانە بەئەسیر گرت (لیوای قوات خاصەی ٦٥ و ٦٦ هەردوکیان سەر بە قیادەی عامەی قوانی سلحەن لیوای مینا ویری فەیلەقی (٢و٤ و٥ و٦) ـ لیوای ١٩ لیوای ٣٦ ـ لیوای ٣٢ ـ لیوای ٣٢ ـ لیوای ٧٥ ـ لیوای ١١٦ ـ لیوای ٤٢٨ ـ لیوای ٤٤٨ ـ لیوای ٤٤٥ ، ئەوینی مینا ویری فرقەی ١٠و٤ ، (٣٠) ئەوینی مستەقیل لەموالیدەکانی (١٩٤٥) سەرەرای هەندی جاشی خونروش) هەروەها سەدان پارچەچەکی جوراوجور دەزگای پێوەندی و قەمچەو مستەمسەکانی جاجیا دەسکەوت بو بەم بوئەیەوە ئاگاداری جەماوەری میللەتەکەمان ئەکەین ئەگەر بی دوژمن بەقیمەتیکی گران سەرکەوتنی بچوکی لەگرتنی ناوچەیەکی جوگرافی تمسك بەدەست هینا ، بەلام دلنیایان ئەکەین کەئەم شەرە ئنفالەی وەرچەرخانیك ئەبی لەجەنگی (٢٢) سالەی گەلی کوردو جەیشی عیراقی دابەقازانجی گەلەکەمان و سەرەتای پاك کردنەوەی یەکجاری خاکی خاکی کوردستان ئەبی لەهیزی جەیشی داگیرکەری بەعسی کەروزی لەگەل ئازادی لزیك بوتەوە ...

بویەمەوە بویەرە بیدانی خەبات لەپیناوی روخاندنی رژیمی بەعسی و بەدەستهینانی مافی ئازادی ئازەکوردی بوگەلی کورد ..

مەکتەبی سیاسی
یەکیتی نیشتمانی کوردستان
١٩/ ی مارتی ١٩٨٨

بسم الله الرحمن الرحيم

مرسوم جمهوري
رقم (٧٧٢/أ)

تقديرا "للموقف القيادي المسؤول والشجاعة المتميزة التي ابداها اللواء الركن سلطان هاشم أحمد في الذود عن شرف الأمة وكرامتها وعزتها ضد العدو الايراني المندحر في عملية الأنفال الأولى وتحرير أراضينا الوطنية في عمليات (محمد رسول الله) ، واستنادا" الى أحكام المادة (٢٦) من قانون الأوسمة والانواط رقم ٩٥ لسنة ١٩٨٢ .

رسمنا بما هو آت :-

منح اللواء الركن سلطان هاشم أحمد ، قائد الفيلق الأول أربعة أنواط شجاعة .

على وزير الدفاع تنفيذ هذا المرسوم

كتب ببغداد في اليوم الرابع من شهر ذي الحجة لسنة ١٤٠٨ هجرية
المصادف لليوم الثامن عشر من شهر تموز لسنة ١٩٨٨ ميلادية

صدام حسين
رئيس الجمهورية

شاڵاوی ئەنفالی دووەم و هێزە بەشداربووەکان:

ئەنفالی دووەم بە سەرکردایەتی لیوای روکن ئەیاد خەلیل زەکی محەمەد ئەلبەیاتی فەرماندەی فەرماندەیی هێزەکانی جەحفەلی پارێزگاری نیشتمانی یەکەم – امر امرية جحفل الدفاع الوطني الاول- و دواتریش فەرماندەی فەیلەقی پێنجەم و بە سەرپەرشتی راستەوخۆی فەریق یەکەمی روکن عەدنان خەیرۆڵڵا تولفاح وەزیری بەرگری، عەلی حەسەن مەجید تکریتی بەرپرسی بیرۆی باکووری حیزبی بەعس، فەریقی روکن نزار عەبدولکەریم فەیسەل ئەلخەزرەجی سەرۆک ئەرکانی سوپا، فەریق روکن حوسێن رەشید محەمەد عەرەب تکریتی یارمەتیدەری سەرۆکی سوپا بۆ کاروباری ئۆپراسیۆنەکان، لیوا روکن سابیر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی دوری بەرێوەبەری هەواڵگری گشتیی سەربازی، عەقید روکن فەرحان موتلەگ ساڵح خەڵەف جبوری بەرێوەبەری رێکخراوی هەواڵگری ناوچەی خۆرهەڵات (مدير منظومة إستخبارات المنطقة الشرقية) و بە بەشداری (27) تیپی سەربازی و هێزەکانی گاردی کۆماری ئەنجام دراوە. شاڵاوی ئەنفالی دووەم بۆ سەر ناوچەکانی (قەرەداغ، سەنگاو، بازیان، دەربەندیخان، زەرایەن، نەسرو عەربەت) بوو، کە لە رێکەوتی (22.3.1988)دا دەستیپێکردو، بە داگیرکردن و کاولکردنی گوندەکانی (ئاجاغ، ئاجداغ، ئاڵیبزاو، ئاوەکەڵە، ئەستێلی سەروو، ئۆمەر قەڵا، باخچە، بارۆیی، باسەرە، باڵانجۆ، بانی مۆرد، بانی میران، باوەخۆشێن، بەرانان، بەرزەبان، برایماوە، بەلەکجار، بەکر بایەف، بەڵخە، بلیکان، بیردای، بیرکێ، بێستانە، پۆخشین، تەپەکرۆز، تەکیە، تەنگیسەر، تیمار، جافەران، جنۆکە، چاڵگە، چرچەقەڵا، چەمی سمۆر، چۆلان، خاوێ، خێوەتە، دارەرەش، درۆزنە، دسکەرە، دەربەند سووتاو، دەربەند فەقیرە، دەرووانی سەروو، دوکان، دۆڵانی خوارو، دێلێژە، دێوانە، رەبات، زرگوێز، زەردە، زەنان، ژاڵە، سێوسێنان، سەرکۆ، سەگرمە، سەروچاوە، سەنگاو، سۆفی حەسەن، شەمە، شۆراو، شێخ تەوێل، عەلیاوە، قارەمان، قەرەداغ، قەرەتامور، قازانقایە، قۆپی قەرەداغ، قوشقایە، کانی رۆشنا، کانیسارد، کانیشایەن، کانی هەنجیرە، مەلا حەسەن، میران، کچان، کەڵۆش، کلاو جومعە، کونە کۆتر، کۆشکی سەروو، گاوانی، گەرەزیل، گوڵان، گوڵەجۆ، گۆمەزەرد، مچەکوێر، مەسۆیی، مێوڵی، ناوتاق، وێڵەکە، هاڵەی

سەروچاوە، هەنجیرە، هەزارکانی، ورمزیار) و بە دەرکردنی بەیانی ژمارە (3109)ی سەرکردایەتی گشتی هێزەکانی چەکدار لە (2.4.1988)دا کۆتایی پێهات.

هێرشەکانی ئەنفالی دووەم بەمشێوەیە ئەنجام دراون:

قۆڵی یەکەم: لە شارۆچکەی دەربەندیخانەوە بەرەو چرچەقەڵا و شاخی زەردە.

قۆڵی دووەم: هێزێکی تری بەعسی دوژمن لە شارۆچکەی دەربەندیخانەوە بەرەو گوندەکانی باوەخۆشێن، سێوسێنان و کانیسارد.

قۆڵی سێیەم: لە ئۆردوگای زەڕایەنەوە بەرەو گوندەکانی: دسکەرە، کانی هەنجیر و شاخی سۆڵە.

قۆڵی چوارەم: لە سلێمانییەوە بەرەو گوندەکانی: دارەڕەش، زڕگوێز و شارۆچکەی قەرەداغ.

قۆڵی پێنجەم: هێزێک لە ئۆردوگای ئەڵڵاییەوە بەرەو گوندەکانی: ئاڵیبزاو، باڵاجۆ، دەربەند سووتاو، شێخمەند و هەنجیرە. هێزێکی تر هەر لە ئەڵڵاییەوە بەرەو گوندەکانی: خێوەتە، دێلێژە و هاڵەی سەروچاوە. هێزی سێیەمیش هەر لە ئەڵڵاییەوە بەرەو گوندەکانی: بارۆیی، قوشقایە، کانیشایەن، گاوانی و ورمزیار.

قۆڵی شەشەم: لە دەربەندی بازیانەوە بەرەو بەرزاییەکانی دەربەندی باسەڕە.

قۆڵی حەوتەم: لە چەمچەماڵەوە بەرەو گوندەکانی ژاڵە، مەلا حوسێن و بەرزاییەکانی دەربەندی باسەڕە.

ئەوەی پێویستە باس بکرێت ئەوەیە کە عەمید روکنی فڕۆکەوان غازی ئەحمەد خەلیل لە رێکەوتی (22.3.1988)دا بەگوێرەی نووسراوی ژمارە ()ی داوایکردووە کە بە فڕۆکە ئەو شوێنانە بۆردوومان بکرێن: (دۆڵی زەڵم، دێزڵێ، مەلاگرد، دڕەبی، لە بیارە تا تەوێڵە، درودە، سناو، ئەسکۆل، کانیکوردە، سردوش، ماوەت و هەڵەبجە – سەرچاوەی ژمارە دوو، بەشی هەشتەم، ل2498)، بۆ بەدەنگەوە هاتنی ئەو داواکارییەی فڕۆکەوانی ناوبراو لەسەرەوەدا هێزەکانی میلیشیای سەدام و بەعسی فاشی بە فڕۆکە لە رێکەوتی (23.3.1988)دا ناوچەکە و گوندی سێوسێنان-یان بۆردوومان کرد، ئەو بۆردوومانە (78) شەهیدو نزیکەی دوو سەد بریندارى لێ کەوتەوە. هەندێک لە هێزە بەشداربووەکانی ئەو قۆناغەی ئەنفال کە بەگوێرەی بەڵگەنامەکان بۆمان ئاشکرا بووینە ئەمانەن: (فەرماندەی هێزەکانی (42)ی سەربە فەیلەقی یەک، کە فەرماندەی تیپەکە عەمیدی روکن ئەیاد شەعبان رەمزی بووە.

فەرماندەی هێزەکانی تیپی (43)ی سەربە فەیلەقی یەک، کە عەمیدی روکن عەلی حوسێن عوەید ئەلمەلکاوی فەرماندەی تیپی ناوبراو بووە. هێزەکانی ئوسامە بن زەید واتە (تیپی 50)ی پیادەی سەربە فەیلەقی یەک، فەرماندەی ئەو تیپە عەمیدی روکن زوهەیر یونس عەلی بووە. فەرماندەیی هێزی تایبەتی پارێزگاری بارەگاکانی فەیلەقی یەک، کە فەرماندەکەی (لیوا روکن مونزر ئیبراهیم)و (عەمید روکن عەلاء محەمەد تەها) بوون. فەرماندەیی هێزەکانی یەکەم کە تیپی پیادەی ئالی (1)ی ناسراو بە (هێزەکانی ئەبوعوبەیدە)ی سەربە فەیلەقی پێنج کە فەرماندەی تیپی ناوبراو (عەمید رافع حەمدون زەنون) بووە. تیپی (2)ی پیادەی ناسراو بە (هێزەکانی خالید بن وەلید)ی سەربە فەیلەقی یەک، کە فەرماندەی تیپی ناوبراو ئەوکاتە عەمیدی روکن عەدنان ناجی حەبیب بووە. تیپی پیادەی ئالی (5)ی ناسراو بە (هێزەکانی محەمەد قاسم)ی سەربە فەیلەقی یەک، کە فەرماندەکەی عەمیدی روکن موحمود فەیزی محەمەد ئەلهەزاع بووەو، بەو هێزانە بەشداری کردووە: (لیوای پیادەی ئالی (15)، کەتیبەی تانکەکانی 5)، لیوای پیادەی ئالی (20)، کەتیبەی تانکەکانی (10)، هەروەها (کەتیبەی تانکەکانی حەسەن، حوسێن، عەلیو پۆلی پیادەی ئالی 7)ی سەربە لیوای زرێپۆشی (26). فەرماندەیی هێزەکانی جەحفەلی پارێزگاری نیشتمانی یەکی سەربە فەیلەقی یەک، بە فەرماندەیی عەمید روکن سەعد شەمسەدین خالّس، فەرماندەیی جەحافیلی (3). فەرماندەیی کەرتی سەربازی قەرەداغ، بە سەرکردایەتی عەقید فەهمی سەید عادل سەید رەشید و مولازم عەبدولحەمیدمەحمود حەمادی، جێگری فەرماندەی کەرتی قەرەداغ. تیپی زرێپۆشی (3)ی ناسراو بە (هێزەکانی سەلاحەدین)ی سەربە فەیلەقی دوو کە بریتیبوون لە: (کەتیبەی تانکەکانی خالید، کەتیبەی تانکەکانی مقداد، کەتیبەی تانکەکانی یەرموک و فەوجی پیادەی ئالی شەشی سەربە لیوای زرێپۆشی (6)، هەرسێ فەوج و کەتیبەی تانکەکانی (3)ی سەربە لیوای پیادەی ئالی (8)، هەروەها (کەتیبەی تانکەکانی قادسیە، کەتیبەی تانکەکانی قوتەیبە، کەتیبەی تانکەکانی موعتەسەم و فەوجی پیادەی (12)ی سەربە لیوای زرێپۆشی (12). تیپی پیادەی (15)ی ناسراو بە (هێزەکانی فاروق)ی سەربە فەیلەقی دوو، کە فەرماندەکەی ماوەیەک لیوا روکن داود سەلمان ئەلجبوری و ماوەیەکیش عەمید روکن قەیس عەبدولڕەزاق محەمەد جەواد ئەلئەعزەمی (ئەبو محب) بووە، ئەو تیپە بەو هێزانە بەشداریکردووە: (لیوای پیادەی (76)و لیوای پیادەی (104)، هەروەها

لیوای پیادەی (432) بە هەر سێ فەوجەکەی و کەتیبەی تانکەکانی نەهاوەند و فەوجی کۆماندۆی تیپەکە. تیپی پیادەی (34)ی ناسراو بە (هێزەکانی حارس)ی سەربە فەیلەقی دوو، کە فەرماندەکەی لیوا روکن شاکر شالی بووە، بە لیواکانی (90، 502، 504)و کەتیبەی تانکەکانی حارس و فەوجێکی مغاویر بەشداری کردووە. لیواکانی (1، 20، 22)ی فەیلەقی یەک. لیواکانی کۆماندۆی (65، 66، 68)ی سەربە گاردی کۆماری. لیواکانی (417، 444)، دوو کەتیبەی تۆپی (135، 175)و هێزی ئاسمانی، بە پاڵپشتی کۆپتەری جەنگیو تۆپی دوورهاوێژ کە بە چەکی کیمیاوی تەواوی ناوچەکەیان کیمیابارانکرد. هێزی تەواری سلێمانی کە تەواوی (مەفرەزە تایبەتییەکانی سەربە ئەمنی سلێمانی دەگرێتەوە)، ئەو مەفرەزە تەوارییانەی کە بەشداریان کردووەو بەگوێرەی بەڵگەنامەکان ناسراون بریتین لە مەفرەزە تایبەتییەکانی ژمارە (29 + 68 (کە فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ناوبراو محەمەد ئەمین عوسمان فەقێ بووە) + 87 + 119)، لەگەڵ دەستەی کیمیاوی، فڕۆکەوانی سوپا، هێزی ئاسمانی، تواناکانی ئەندازیاری راسپێردراو بە کاولکردنی گوندەکان، تواناکانی جەنگ بۆ کردنەوەی رێگاو رێچکەی چیایی، یەکەکانی هەواڵگری سەربازی. جاشەکانی سەباح عەلی فەقێ، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی، بەشداری ئەنفالی دوویان کردووە – سەرچاوە: (ئەلجمهوریە، ژمارە (6777)ی رۆژی سێشەممە، رێکەوتی (5.4.1988)، ل6). هەروەها سەبارەت بە بەشداریکردنی جاشەکان بەگوێرەی قسەی لیوا روکن سوڵتان هاشم ئەحمەدی فەرماندەی جێگرەوەی (قائد ردیف)ی فەیلەقی یەک، نزیکەی (70) فەوج بەشداری کردووەو هەر هەمان ئەو فەوجانە بووینە کە بەشداری ئەنفالی یەکەمیان کردووە، بەڵام هەندێک لەو فەوجانەی کە بەشداری ئەنفالی یەکیان کردبوو، لە ناوچەکانی ئەنفالی یەکدا جێگیرکران نەوەک پێشمەرگە بگەڕێنەوە، بۆیە چەندین فەوجی تریان هێنا لەبری ئەوانە. بەڵام شۆڕش حاجی نووسەری پەرتووکی (ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق) تەنیا ناوی (23) سەرۆک جاش و فەوجی نووسیوە کە بریتیین لە هەریەک لە فەوجەکانی (3، 6، 9، 19، 31، 33، 34، 40، 41، 52، 62، 74، 75، 77، 78، 81، 88، 97، 98، 162، 168، 199، 200). هەروەها سەرۆک جاشی فەوجەکانی (62، 81، 97، 98، 162، 168، 200) بەگوێرەی مەرسومی کۆمارە ژمارە (807)ی رۆژی (9.8.1988)دا، لە پاداشتی بەشداریکردنیان لە ئەنفالی دوودا

مەدالیای بەناو ئازایەتی (ناپاکی و خۆفرۆشی)یان لە سەدام حوسێن وەرگرتووە. سەرۆک جاشی فەوجەکانی ئاماژە پێکراو لە سەرەوەدا کە بەشداری ئەنفالی دووەمیان کردووە، بریتین لە: (عوسمان میران قادر خۆشناو، سەرۆک جاشی فەوجی (3)ی جاشە سووکەکان. حوسێن خدر حەمەد سوورچی، سەرۆک جاشی فەوجی (6)ی جاشە سووکەکان. حەسەن جهانگیر جادر مزوری، سەرۆک جاشی فەوجی (9)ی جاشە سووکەکان. محەمەد قادر ئاغای سوورچی، سەرۆک جاشی فەوجی (19)ی جاشە سووکەکان. قادر بەگ مەحمود خان خەلیفە عەبدولسەمەد برادۆستی، سەرۆک جاشی فەوجی (31)ی جاشە سووکەکان. محەمەد سلێمان محەمەد (سلێمان) باڵەکی، سەرۆک جاشی فەوجی (33)ی جاشە سووکەکان. سەعید ئەسعەد ئاغای شێتنە، سەرۆک جاشی فەوجی (34)ی جاشە سووکەکان. کەریم خان مەحمود خەلیفە برادۆستی، سەرۆک جاشی فەوجی (40)ی جاشە سووکەکان. سەدیق عەلی باویل ئاغا، سەرۆک جاشی فەوجی (41)ی جاشە سووکەکان. ئەنوەر رەشید مەعروف میران، سەرۆک جاشی فەوجی (52)ی جاشە سووکەکان. کەریم عەبدوڵڵا محەمەد (جمور)، سەرۆک جاشی فەوجی (62)ی جاشە سووکەکان. محەمەد حەسەن عەلی (عەلی حەسەن) میرزا جاف شەمێرانی، سەرۆک جاشی فەوجی (74)ی جاشە سووکەکان. کیسرا محەمەد سەعید محەمەد فەتاح بەگ جاف، سەرۆک جاشی فەوجی (75)ی جاشە سووکەکان. عومەر خدر ئاغا سوورچی و نەجم عومەر خدر ئاغای سوورچی (سەرۆکی پارتی پارێزگارانی کوردستان)، سەرۆک جاشی فەوجی (77)ی جاشە سووکەکان. رەشید ئەحمەد ئەمین عەزیز شێروانی، سەرۆک جاشی فەوجی (78)ی جاشە سووکەکان. محەمەد عومەر ئەمین جەمیل باساکی، سەرۆک جاشی فەوجی (81)ی جاشە سووکەکان. یوسف رەمەزان باڵەکی، سەرۆک جاشی فەوجی (88)ی جاشە سووکەکان. جەمال فەقێ حوسێن کەلهوڕی، سەرۆک جاشی فەوجی (97)ی جاشە سووکەکان. سەلیم مەمەند رەسوڵ ئاغای میراودەلی، سەرۆک جاشی فەوجی (98)ی جاشە سووکەکان. ساڵح ئەحمەد حوسێن گەڵاڵی، سەرۆک جاشی فەوجی (162)ی جاشە سووکەکان. عەلی عەبدولڕەحمان (ئەوڕەحمان) حەسەن گرگاشەیی، ناسراو بە (عەلی چوارتایی)، سەرۆک جاشی فەوجی (168)ی جاشە سووکەکان. سەعید قادر محەمەد جاف و حلمی سەعید قادر محەمەد جاف، سەرۆک جاشی فەوجی (199)ی جاشە

سووکەکان. شێخ حەمەڕەشید عەبدولڕەحمان عەبدولڕەحیم جاف تیلەکۆیی، سەرۆک جاشی فەوجی (200)ی جاشە سووکەکان. هەروەها ئەو راوێژکاریانەی کە بەگوێرەی مەرسومی کۆمارە ژمارە (807)ی ڕۆژی (9.8.1988)دا، لە پاداشتی ناپاکی کردن و خۆفرۆشیاندا لە ئەنفالی دوودا مەدالیای بەناو ئازایەتیان لە سەدام حوسێنی دکتاتۆر وەرگرتووە بریتین لە (کەریم عەبدوڵڵا محەمەد (جمور)، سەرۆک جاشی فەوجی (62)ی جاشە سووکەکان. محەمەد عومەر ئەمین جەمیل باساکی، سەرۆک جاشی فەوجی (81)ی جاشە سووکەکان. جەمال فەقێ حوسێن کەلهوڕی، سەرۆک جاشی فەوجی (97)ی جاشە سووکەکان. سەلیم مەمەند ڕەسوڵ ئاغای میراودەلی، سەرۆک جاشی فەوجی (98)ی جاشە سووکەکان. ساڵح ئەحمەد حوسێن گەڵاڵی، سەرۆک جاشی فەوجی (162)ی جاشە سووکەکان. عەلی عەبدولڕەحمان (ئەوڕەحمان) حەسەن گرگاشەیی، ناسراو بە (عەلی چوارتایی)، سەرۆک جاشی فەوجی (168)ی جاشە سووکەکان. شێخ حەمەڕەشید عەبدولڕەحمان عەبدولڕەحیم جاف تیلەکۆیی، سەرۆک جاشی فەوجی (200)ی جاشە سووکەکان). هەروەها بەگوێرەی (زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل240-245)، ئەو راوێژکار و مەفرەزە تایبەتییانە بەشداری ئەنفالی دووەمیان کردووە:. (شێخ مەحمود سەید گوڵ کارێزەیی سەرۆک جاشی فەوجی (137)ی جاشە سووکەکان، عەلی سەلما چوارتایی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی، عومەر حوسێن (عومەر عارەب)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی، کامەران ئەحمەد جەمال (کامەرانە سوور)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی).

بەڵام بەگوێرەی (ڕۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی یەکشەممە، ڕێکەوتی (17.4.1988) و (ڕۆژنامەی ئەلجمهوریە، ژمارە (6789)ی سێشەممە، ڕێکەوتی (26.4.1988)دا، هەریەک لەم فەوجانەی خوارەوە کە ژمارەیان (77) فەوجە بەشداری ئەنفالەکانی یەک و دوویان کردووە: (لەتیف ئەحمەد محەمەد زێباری، سەرۆک جاشی فەوجی (1). سابیر ئەحمەد ڕەقیب محەمەد سوورچی (سابیر سوورچی)، سەرۆک جاشی فەوجی (2). نەوزاد ئەنوەر ڕەشید بەگی بێتواتە، سەرۆک جاشی فەوجی (4). ئەسعەد جهانگیر ئاغای هەرکی، سەرۆک جاشی فەوجی (5). حوسێن خدر حەمەد سوورچی، سەرۆک جاشی فەوجی (6). محەمەد ڕەشید مەحمود جاف، سەرۆک جاشی فەوجی (13). ئیبراهیم عەلی حاجی مەلۆ

مزوری، سەرۆک جاشی فەوجی (20). ئیسماعیل مەحمود رەسوڵ ئاغا پشدەری، سەرۆک جاشی فەوجی (21). هەمزە عەباس مامەند ئاکۆ ئاغای پشکۆ، سەرۆک جاشی فەوجی (22). عاسیف ئەحمەد ئاغای زێباری، سەرۆک جاشی فەوجی (23). سەعید یوسف (یونس) ئەسعەد زراری، سەرۆک جاشی فەوجی (25). نەقیب مەحمود حەمە رەسوڵ ئاغا پشدەری، سەرۆک جاشی فەوجی (26). سەعید ئەسعەد ئاغای شێتنە، سەرۆک جاشی فەوجی (34). عەمید فەتاح کەریم فەتاح جاف، سەرۆک جاشی فەوجی (35). سادق زێڕۆ ئەمین هەرکی، سەرۆک جاشی فەوجی (36). تاریق فایەق وەلەد کاکەیی زەنقڕی، سەرۆک جاشی فەوجی (37). مەدحەت تۆفیق مەنسور داودی، سەرۆک جاشی فەوجی (47). مامەند محەمەد مەولود گەردی، سەرۆک جاشی فەوجی (51). چیاد دێوالی دۆسکی، سەرۆک جاشی فەوجی (58). سوعاد فەیزوڵڵا محەمەد تاڵەبانی، سەرۆک جاشی فەوجی (60). شێخ مەجید شێخ بایز حەسەن محەمەد بەرزنجی قەڵاسێوکەیی، سەرۆک جاشی فەوجی (61). کەریم عەبدوڵڵا محەمەد (جمور)، سەرۆک جاشی فەوجی (62). (تاریق) قادر شەفیق نوعمان کافرۆشی، سەرۆک جاشی فەوجی (63). شێخ موعتەسەم عەبدولکەریم حوسێن بەرزنجی، سەرۆک جاشی فەوجی (64). عەباس حاجی ئاغا رەسوڵ ترکەڕەشی، سەرۆک جاشی فەوجی (66). مەحمود حەمەئەمین حەمە ساڵح (ساڵح حەمە) گوڵێ، سەرۆک جاشی فەوجی (69). فوئاد کەریم محەمەد کابایز هەمەوەندی، سەرۆک جاشی فەوجی (72). محەمەد حەسەن عەلی (عەلی حەسەن) میرزا جاف شەمێرانی، سەرۆک جاشی فەوجی (74). کیسرا محەمەد سەعید محەمەد فەتاح بەگ جاف، سەرۆک جاشی فەوجی (75). رەشید حەمەدئەمین عەزیز شێروانی، سەرۆک جاشی فەوجی (78). قادر سوارە حەمە بڵباس، سەرۆک جاشی فەوجی (80). محەمەد عومەر ئەمین جەمیل باساکی، سەرۆک جاشی فەوجی (81). هەڵگورد شێخ عەبدولکەریم کەسنەزانی، سەرۆک جاشی فەوجی (83). فارس تاهیر مستەفا ئاغا غەفوری کۆیی، سەرۆک جاشی فەوجی (85). عوسمان عومەر مام یەحیا کۆیی، سەرۆک جاشی فەوجی (86). عەباس بایز باڵو ئاغا، سەرۆک جاشی فەوجی (91). کەمال محەمەد مام رەشید چوارتایی، سەرۆک جاشی فەوجی (94). خالد مەحمود ئەحمەد شەریف غەوارە (خالیدی خولە سوور)، سەرۆک جاشی فەوجی (96). جەمال فەقێ حوسێن کەلهوڕی، سەرۆک جاشی فەوجی (97). سەلیم

مەمەند رەسوڵ ئاغای میراودەلی (رەسوڵ مەمەند میراودەلی)، سەرۆک جاشی فەوجی (98). تاهیر عەلی عەبدولڕەحمان جەباری، سەرۆک جاشی فەوجی (99). شێخ ئیبراهیم شێخ نەسرەددین عەزیز بەرزنجی، سەرۆک جاشی فەوجی (102). عومەر حەمە عەلی رۆستەم چەرمەگایی، سەرۆک جاشی فەوجی (104). سەباح سەعید کەریم فەتاح کاکەیی تۆبزاوەیی (سەباح سەعید کەریم هەواری)، سەرۆک جاشی فەوجی (106). محەمەد تاهیر یونس محەمەد زیناوە شکاک، سەرۆک جاشی فەوجی (107). شێخ خەلیل عەبدوڵڵا ئیبراهیم شەرەفانی، سەرۆک جاشی فەوجی (109). تۆفیق سلێمان یاسین بەرواری شکیرانی، سەرۆک جاشی فەوجی (113). عومەر بابەکر سەلیم ئاغا پشدەری، سەرۆک جاشی فەوجی (114). حەسەن مەحمود محەمەد ئەمین بەگ هەورامی، سەرۆک جاشی فەوجی (115). مەحمود ئەحمەد شەریف غەوارە، سەرۆک جاشی فەوجی (122). شەریف مەحمود مەعروف کوڕەداوێ، سەرۆک جاشی فەوجی (126). شێخ ئەنوەر محەمەد رەزا جاف (لەک). سەرۆک جاشی فەوجی (131). فەخری ئیسماعیل عەبدولقادر ئاغا رەژیگەری، سەرۆک جاشی فەوجی (133). ئیبراهیم کانەبی باڵو ئاغای پشدەری، سەرۆک جاشی فەوجی (147). محەمەد عەلی رەسوڵ (محەمەد بچکۆڵ)، سەرۆک جاشی فەوجی (148). نەقیب عەبدوڵڵا حەسەن ساڵح بابان رەنگینەیی، سەرۆک جاشی فەوجی (151). عەلی عەبدولڕەحمان (ئەوڕەحمان) حەسەن گرگاشەیی، سەرۆک جاشی فەوجی (168). خدر فەتاح حوسێن قامیشەیی، سەرۆک جاشی فەوجی (170). عومەر ئەحمەد عەلی جاف (عومەرە بچکۆل)، سەرۆک جاشی فەوجی (171). تەحسین شاوەیس سەعید رۆژبەیانی، سەرۆک جاشی فەوجی (172). خدر رەشید بەحری پێنجوینی، سەرۆک جاشی فەوجی (173). شێخ نەجمەددین شێخ ساڵح محەمەد بەرزنجی، سەرۆک جاشی فەوجی (174). محەمەد عیسا جاف، سەرۆک جاشی فەوجی (176). محەمەد سەعید ئەحمەد محەمەد جاف هاڕونی، سەرۆک جاشی فەوجی (197). عەلی شێخ ئەمین فەرەج بەرزنجی، سەرۆک جاشی فەوجی (201). شێخ تەیب شێخ محەمەد شێخ عوسمان بەرزنجی، سەرۆک جاشی فەوجی (203). رەزا تەها محێدین بەرزنجی (سەید مانگا)، سەرۆک جاشی فەوجی (211). عەدنان عەبدوڵڵا نەجم جاف (عەدنان دیسکۆ)، سەرۆک جاشی فەوجی (212). بایز عەزیز رەشید ئاغا باواجانی، سەرۆک جاشی فەوجی

(213). قاسم کەریم ئەحمەد مەحمود شینکی، سەرۆک جاشی فەوجی (237). سوارە فەتاح فەرەج جاف، سەرۆک جاشی فەوجی (239). محیدین شێخ عەزیز محەمەد بابا عەلی بەرزنجی، سەرۆک جاشی فەوجی (242). سەدیق عەلی محەمەد ئەمین هاڕونی، سەرۆک جاشی فەوجی (245). سەعید محەمەد غەریب جاف، سەرۆک جاشی فەوجی (251). حەمید نوری خورشید هەرکی، سەرۆک جاشی فەوجی (؟؟؟). رەفعەت محەمەد عەلی گلی، سەرۆک جاشی فەوجی (؟؟؟). محەمەد کەریم زێباری، سەرۆک جاشی فەوجی (؟؟؟).

هەروەها بەگوێرەی (تونی مەرگ، زیاد عەبدولڕەحمان، ل240-244)، ئەو سەرۆک جاش و مەفرەزە تایبەتییانە بەشداری ئەنفالی دووەمیان کردووە:. (شێخ مەحمود سەید گوڵ کارێزەیی سەرۆک جاشی فەوجی (137)ی جاشە سووکەکان، عەلی سەلما چوارتایی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی، عومەر حوسێن (عومەر عارەب)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی، کامەران ئەحمەد جەمال (کامەرانە سوور)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی). عزەدین محەمەد ئەمین یاسین عچاچ رەشگەری، سەرۆک جاشی فەوجی (16) بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی (2)دا کردووە - سەرچاوە: (هاوکاری، ژمارە 967، رۆژی دووشەممە، ریکەوتی 18.4.1988، ل4). هەروەها بەپێی (رۆژنامەی العراق، ژمارە (3795)، رۆژی دووشەممە، ریکەوتی (11.7.1988)دا، فەوجی (56)ی سەربە رەفعەت کێخوا عەبدوڵڵا عومەر شێروانی لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا بەشدار بووە، کە جێگری سەرۆک جاشی فەوج مەدحەت عەبدوڵڵا شێروانی برای رەفعەت شێروانی بۆ رۆژنامەی ناوبراو دەڵێت: (بەشداریمان لە هەردوو ئەنفالی یەک و دوودا کردووەو لەو داستانی پاڵەوانێتیەدا ئەوپەڕی ئازایەتیمان نواندووە). تەحسین محەمەد رەشید زەنگەنە سەرۆک جاشی فەوجی (179)ی جاشە سووکەکان، بەشداری ئەنفالی دووی کردووە - سەرچاوە: (رۆژنامەی هاوکاری کە کۆپییەکەی لامە، بەڵام بەداخەوە ژمارەکەی دیار نییە). سەرۆک جاشی فەوجی (353)ی جاشە سووکەکان قادر محەمەد رەشید عەبدولقادر، بەگوێرەی لێدوانی خۆی باسی ئەوەی کردووە کە فەوجەکەیان بەشداری جەنگەکانی هەڵەبجە، قەرەداغ، ئەنفالەکانی یەکەم، دووەم و سێیەمیان کردووە - سەرچاوە: (رۆژنامەی هاوکاری، کە ژمارەو رۆژەکەی لەسەر نییە، بەڵام دەقی چاوپێکەوتنەکەی ناوبراوم لایە کە بۆ هاوکاری لێدوانی داوە. حوسێن تاهیر

حەسەن کەسنەزانی، سەرۆک جاشی فەوجی (355)ی جاشە سووکەکان بەشداری ئەنفالی (2)ی کردووە کە سەرۆک خۆی بۆ رۆژنامەی هاوکاری دەدوێت: (فەوجەکەمان لە ئەنفالی دووەم و ئەنفالی دوایی بەشداری کردووە - سەرچاوە: هاوکاری، (1115)، پێنجشەممە، رێکەوتی (5.10.1989)، ل4).

ئەو ئەنفالە فراوانترین ناوچەی گرتەوە کە نزیکەی (1200) گوندی دەگرتەخۆی و لەنێویاندا بنکەی (4) شارەدێ، لەم ئەنفالەدا لە حەوت قۆڵەوە هێرش کرایە سەر ناوچەکەو گەورەترین زیانی بە کورد گەیاند کە (21.911) هاووڵاتی کورد لە ژن، منداڵ و پیاو لەلایەن هێزە چەکدارەکانی ئێراقەوە دەستگیرکران و بە فەرمانی سەدام حوسێن، عەلی حەسەن مەجیدو سەرکردەکانی تری ئێراقی بە کۆمەڵ کوژران یان زیندەبەچاڵ کران. تەنیا بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە لایەن هێزی ئاسمانی ئێراق و تۆپهاوێژی میلیشیای سەدام نزیکەی چوار سەد کەس شەهیدبوون. فەرماندەی ئەنفالی دووەم لیوا روکن ئەیاد خەلیل زەکی فەرماندەی فەرماندەیی هێزەکانی جەحفەلی پارێزگاری نیشتمانی یەکەم – امرية جحفل الدفاع الوطني الاول- و دواتریش فەرماندەی فەیلەقی پێنج، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردن و جێبەجێکردنی ئەو ئەنفالەی پێسپێردرابوو، بەگوێرەی لاپەڕە یەکی رۆژنامەی (الجمهورية)، ژمارە (6881)، رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی (20.7.1988) و لاپەڕە (14)ی رۆژنامەی (العراق)، ژمارە (3803)ی رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی (20.7.1988) و لاپەڕە (15)ی رۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6628)، چوارشەممە، رێکەوتی (20.7.1988)، دوو مەدالیای بەناو ئازایەتی لە پاداشتی جێبەجێکردنی ئەو ئەنفالە بە سەرکەوتوویی وەکو خەڵات لە سەدامی دیکتاتۆر وەرگرتووە. لیوا روکن ئەیاد خەلیل زەکی بەگوێرەی ئەو سێ رۆژنامەیەی سەرەوە لەکاتی وەرگرتنی مەدالیەکاندا وەکو فەرماندەی فەیلەقی چوار ناوی هاتووە.

لەکاتی ئەنفالی دوودا هێزێکی فەیلەقی پێنج و تیپی پیادەی (23)ی سەربە هەمان فەیلەق، لە رۆژانی (23.3-26.3.1988) بە مەبەستی لەناوبردنی هێزی پێشمەرگەی لە دۆڵی ئاڵانەو ئەنفالکردنی خەڵکی دەڤەرەکە، هێرشێکی بەرفراوانیان کردە سەر دوڵی ئاڵانەی سەربە مەڵبەندی سێی (ی. ن. ک)و شەڕێکی گەورە دروستبوو. بەڵام لەو هێرشەی ئەنفالچیەکاندا هێزەکەی بەعس شکاو ئەو ئەفسەرانە کوژران (عەمید روکن حەسەن عەلی ساڵح فەرماندەی تیپی پیادەی (23)، عەقید تاریق خەلیل

ئەفسەری روکنی حەرەکات، موقەدەم عەبدولهادی ئەفسەری هەواڵگری تیپی (23)، رائید سەعدوڵڵا ئەحمەد ساڵح ئەفسەری موخابەرە، فەرماندەی هێزەکانی جەحفەلی دیفاعی وەتەنی پێنجەم و مولازم عەدنان فەرماندەی پاسەوانانی فەرماندەی تیپەکە - سەرچاوە: (عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری - باشووری کوردستان - سلێمانی 2002).

Second Anfal: 22 March - 1 April 1988

2487

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية
رئاسة الجمهورية
مكتب امانة السر للقيادة العامة للقوات المسلحة

سري للغاية وشخصي

الرقم / آ / ١٣ / ١٧٧

التاريخ ٢٠ آذار ١٩٨٨

الى/ السيد نائب القائد العام للقوات المسلحة وزير الدفاع المحترم
السيد رئيس اركان الجيش المحترم

الموضوع/ توجيهات

امر السيد الرئيس القائد العام للقوات المسلحة حفظه الله باجتماع القيادة العامة للقوات المسلحة يوم السبت ١٩ آذار ١٩٨٨ بما يلي:

١. يجب التفكير منذ الان بالترتيبات المطلوبة في قاطع (عملية الانفال) عند حلول الصيف، لكي لا يتكرر تواجد المخربين فيها، وقد نحتاج الى قطعات اضافية او بديلة.

٢. في قاطع شرقي دربندخان، وفي قاطع عملية الانفال.. يجب الاستمرار بضرب العدو والمخربين بالنار، مدفعية وقوة جوية، وعدم اعطاءهم فرصة للاستقرار أو التقاط الانفاس. يفضل ضرب النار الخاص بالمدفعية ~~[illegible]~~ او تعميم ضربات المدفعية الاعتيادية بضربات نار خاص.

٣. اعتبارا من يوم غد يقر كل شيء بعد أن يذهب اعضاء القيادة العامة الى قيادة الفيلق الاول وبعد تدقيق الخطط المطلوبة.

٤. المهم استخلاص العبر والدروس من هذه المعركة.. لكي نمنع وقوع الاخطاء مرة اخرى.

(١-٢)

سري للغاية وشخصي

IST.A5045.007.003

2488

سري للغاية وشخصي

٥. المطلوب الآن -- قادة بمعنى الكلمة ، وليس ناس طيبين فقط . هذا يصدق في الجيش ، وفي الحزب ، وفي النقابة ، وفي الدوائر الحكومية . ان دور القائد هو في تطهير المهز وزين (بالرشد والردع) واعادتهم الى رشدهم ، وفي تشجيع الشجعان ، عندما يعبرون تصرفاً عن القيم بصورة صحيحة ، وفي الاظهار الذي يجب أن يمارسه الجميع .

٦. عندما صبح الجوردسأة ، تستخدم المدفعية في مختلف مدياتها وعلى الدوائر التي كانت مخصصة لقصف القوة الجوية ، لكي لا تعطى العدو فرصة للتقاط الانفاس

رجاء التفضل بما يقتضي واعادتها الينا بعد الفراغ منها --- مع التقدير

الفريق الركن
علاء الدين كاظم عمار
معاون السيد العام للقيادة العامة للقوات المسلحة

نسخة الى/

رئاسة الجمهورية (السكرتير) / يرجى التفضل بالاطلاع --- مع التقدير

سري للغاية وشخصي

IST.A5045.007.004

شاڵاوی ئەنفالی سێیەم و هێزە بەشداربووەکان:

شاڵاوی ئەنفالی سێیەم لە نێوان (20.4.1988-7.4.1988)دا درێژەی کێشا و بە سەرکردایەتی لیوای روکن سوڵتان هاشم ئەحمەد فەماندەی فەیلەقی یەک و لیوا روکن کامل ساجت عەزیز ئەلجەنابی فەرماندەی فەیلەقی دوو، هەروەها بە سەرپەرشتی راستەوخۆی فەریق یەکەمی روکن عەدنان خەیرۆڵڵا توڵفاح وەزیری بەرگری، عەلی حەسەن مەجید تکریتی بەرپرسی بیرۆی باکووری حیزبی بەعس، فەریقی روکن نزار عەبدولکەریم فەیسەل ئەلخەزرەجی سەرۆک ئەرکانی سوپا، فەریق حوسێن رەشید محەمەد عەرەب تکریتی یارمەتیدەری سەرۆکی سوپا بۆ کاروباری ئۆپراسیۆنەکان، لیوا روکن سابیر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی سەربازی، عەقید روکن فەرحان موتلەگ ساڵح خەڵەف ئەلجبوری بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی خۆرهەڵات (مدير منظومة إستخبارات المنطقة الشرقية) و بە بەشداری ئەو هێزانە بەڕێوەچوو: (تیپی زرێپۆشی (3)ی ناسراو بە (هێزەکانی سەڵاحەددین)ی سەربە فەیلەقی دوو، کە فەرماندەی تیپی ناوبراو عەمید روکن تاهیر عەبدولڕەشید بووە. تیپی (4)ی پیادەی ناسراو بە (هێزەکانی قەعقاع)ی سەربە فەیلەقی پێنج، کە فەرماندەی تیپی ناوبراو (عەمیدی روکن عیسمەت سابیر عومەر فەتحوڵڵا ئەلبەیاتی) بووە. فەوجی کۆماندۆی یەکی سەربە تیپی پیادەی (7)ی ناسراو بە (هێزەکانی مەنسور)ی سەربە فەیلەقی پێنج، کە فەرماندەی تیپی ناوبراو عەمیدی روکن ئەمیر جاسم حەمۆ بووە. تیپی زرێپۆشی (10)ی ناسراو بە (هێزەکانی نەسر)ی سەربە فەیلەقی چوار، کە فەرماندەی ئەو تیپە زرێپۆشە عەمید روکن خالید ئەحمەد ئیبراهیم ئەلدلێمی بوو. بەگوێرەی نووسراوی بنکەی هەواڵگری توز ژمارە (1988/4/10/10340)ی بۆ ڕێکخراوی هەواڵگری خۆرهەڵات – منظومة الأستخبارات الشرقيه، تیپی (11)ی ناسراو بە (هێزەکانی مقداد)ی سەربە فەیلەقی سێ، بە سەرپەرشتی فەرماندەی تیپی ناوبراو عەمیدی روکن سامی عەباس مجوەل و بە هارکاری و پشتیوانی فەوجی جاشەکانی ژمارە (25، 78، 200، 212) بەشداری ئەنفالکردنی هەریەک لە ناوچەکانی توز، قادرکەرەم، نەوجول و گوندەکانی (زندانەی بچووک، ساڵحی، دوڕاجی، زیندانەی گەورە، باشتەپە، ئیبراهیمی بچووک، ئیبراهیمی گەورە، حەیدەرە

سوور، عومەر سۆفی، شێخ جەلال، تازەشار و شێخ حەمید)ی کردووە – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و پێنج، ل5619). ناوی سەرۆک جاشی ئەو چوار فەوجەی سەرەوە بریتین لە: (سەعید یوسف ئەسعەد زراری، سەرۆک جاشی فەوجی (25) بووەو پەلاماری گوندی عەلی وەسمانی داوە. رەشید ئەحمەد ئەمین عەزیز شێروانی، سەرۆک جاشی فەوجی (78). حەمەڕەشید عەبدولڕەحمان عەبدولڕەحیم جاف تیلەکۆیی، سەرۆک جاشی فەوجی (200). عەدنان عەبدوڵڵا نەجم جاف (عەدنان دیسکۆ)، سەرۆک جاشی فەوجی (212)ی جاشە سووکەکان). تیپی پیادەی (15) ناسراو بە (هێزەکانی فاروق)ی سەربە فەیلەقی دوو، کە فەرماندەی تیپ لیوا روکن داود سەلمان ئەلجبوری بووە. فەوجی کۆماندۆی یەکی سەربە تیپی (17)، کە فەرماندەی ئەو فەوجە موقەدەم سەلمان عەبدولحەسەن بوو (کە لە رێکەوتی 9.4.1988دا لە گوندی شێخ تەوێل بریندار بوو)، دواتر رائید سالم شوێنی ئەوی گرتۆتەوە – سەرچاوە: (سەرچاوەی یەکەم، بەشی بیست و پێنج، ل5608). بە پێویستی دەزانم لێرەدا ئاماژە بەتاوانی سابیر محەمەد عیسا (سابیر بچکۆڵ)ی پیاوی ئیستخبارات بدەم کە شێتێکی گوندی شێخ تەوێلی بەناوی (فەتاح محەمەد رەسوڵ) سەربڕیبوو، دواتر سەرەکەی بەناوی پێشمەرگە رادەستی مەنزومەی ئیستخباراتی شەرقیە کردبۆوە لەپێناوی پارەدا. دوای ئەوەی دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق ئەو کارە قێزەوونەی سابیر بچکۆڵی لە یەکێ لە دانیشتنەکاندا ئاشکرا کرد، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تاوانباری ناوبراوی لە رێزەکانی خۆیدا دەرکردو خانەنشینەکەی بڕی بێئەوەی بدرێتە دادگا لەپێناوی دادگاییکردن و سزادانی بە تۆمەتی کوشتنی ئەو مرۆڤە شێتە. بەگوێرەی نووسراوی ژمارە (ش10334/3)ی هەواڵگری توز بۆ رێکخراوی هەواڵگری خۆرهەڵات لە رێکەوتی (10.4.1988)، سەبارەت بە بەشداریکردنی هەریەک لە (تیپی پیادەی 21 + فەوجی 211 + 212 ی چاشە سووکەکان) لە ئەنفالکردنی گوندەکانی (خان رۆستەم، دوڕاجی، نەوجول، ئیبراهیمی گەورە، کۆشک، جەدل، شێخ حەمیدو تازەشار)، کە دەکاتە ئەنفالی سێیەم بەشداریان کردووە – (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و پێنج، ل5613). تیپی پیادەی (21) سەربە فەیلەقی دوو بووەو، فەرماندەکانی (عەقید روکن غالیب حامد سلێمان و دواتریش عەقید عەبدولئیلاە حامد ئەلعەناز موسڵاوی) بووینە. سەرۆک جاشی فەوجی (211)ی جاشە سووکەکان رەزا تەها

محێدین بەرزنجی (سەید مانگا)و سەرۆک جاشی فەوجی (212)ی جاشە سووکەکان عەدنان عەبدوڵڵا نەجم جاف (عەدنان دیسکۆ) بووینە. تیپی پیادەی (27)ی ناسراو بە (قوات صدیق)ی سەربە فەیلەقی دوو، کە فەرماندەکەی (عەقیدی روکن سەباح نوری عەلوان ئەلعجیلی) بووە. فەوجەکانی (211، 212، 213)ی سەربە تیپی (32)ی سەربە فەیلەقی سێ کە بە (قیادة قوات الحسن) ناسرابوو. تیپی پیادەی (33)ی ناسراو بە (قیادة قوات بدر)ی سەربە فەیلەقی پێنج، کە فەرماندەی تیپەکە لیوای روکن رەمزی مەحمود عەبدوڵڵا فەتحی ئەلقەیسی بوو، هەروەها رائید محەمەد رەشید سوڵتان فەرماندەی یەکەیەکی سەر بەو تیپە بووە. تیپی پیادەی (34)ی ناسراو بە (هێزەکانی حارس)ی سەربە فەیلەقی دوو، کە فەرماندەی ئەو تیپە عەمید روکن شاکر شالی بووە. تیپی پیادەی (46)، کە فەرماندەکەی عەمیدی روکن عەلی ئەحمەد محەمەد ساڵح بووە. تیپی (50)ی ناسراو بە هێزەکانی (ئوسامە بن زەید)ی سەربە فەیلەقی یەک بوو، کە فەرماندەی تیپەکەی عەمیدی روکن زوهێر یونس عەلی و دواتریش ناسر سەعید تۆفیق بووینە. فەرماندەیی هێزی تایبەتی پارێزگاری بارەگاکانی فەیلەقی یەک، کە فەرماندەکەی (لیوا روکن مونزر ئیبراهیم)و (عەمید روکن عەلاء محەمەد تەها) بوون. فەرماندەیی هێزەکانی پارێزگاری نەوت کە فەرماندەکەی عەمیدی روکنی هێزەکانی تایبەت بارەق عەبدوڵڵا حاج ئەلحنتەو جێگرەکانی (موقەدەم هاشم کامل مەحمود)و (عەقید روکن فوئاد حوسێن عەلی)و عەمید خزەیر عەتیە زەهبان، ئەفسەری هەواڵگری هێزەکانی پارێزگاری نەوت کە بەشداری ئەو قۆناغەی ئەنفالەیان کردووە. عەمیدی روکنی هێزەکانی تایبەت بارەق عەبدوڵڵا، بەهۆی بەشداری کارای لە شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفالی سێیەم و چوارەم، دوو مەدالیای بەناو ئازایەتی وەرگرتووە - سەرچاوە: (العراق)، ژمارە (3905)، دووشەممە، (21.11.1988)، ل3). فەرماندەیی هێزەکانی جەحفەلی پارێزگاری نیشتمانی یەکەم – امرية جحفل الدفاع الوطني الاول- کە فەرماندەکەی سەرەتا لیوا روکن ئەیاد خەلیل زەکی محەمەد ئەلبەیاتی و دواتریش عەمیدی روکن سەعد شەمسەدین خاڵس بووە. لیواکانی هێزەکانی کۆماندۆی (65+66+68)ی سەربە سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان، لە ساڵی (1990)دا عەمید روکنی هێزی تایبەت عەبدولموحسن سلێمان کازم فەرماندەی لیوای (65)بووە، بەڵام ئەوە نازانم ئایا لەکاتی شاڵاوی ئەنفالەکاندا هەر ناوبراو بووە یان نا، هەروەها فەرماندەی لیوای

(66)ی هێزی تایبەت عەمید روکن جەعفەر سادق بووە. بەگوێرەی نووسراوی ژمارە (1988/4/21/11925)ی بنکەی هەواڵگری کەلار بۆ ڕێکخراوی هەواڵگری خۆرهەڵات، لیواکانی (65+68) بەشداری ئەنفالکردنی هەریەک لە گوندەکانی (بەلەکجار، کێلەبەرزەو قەرەداغ)یان کردووە (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و پێنج، ل5665). لیوای کۆماندۆی (10)ی سەربە فەیلەقی یەک، تەواوی فەوجەکانی سەربە لیواکانی پیادەی (417+418) بە هاوکاری فەوجی جاشە سووکەکان (فەوجی (100)ی محەمەد عیسا جاف، فەوجی (131)ی ئەنوەر محەمەد رەزا لەک، کە لە ڕێکەوتی (10.4.1988)دا لە گوندی شێخ تەوێڵ بریندار بوو)، هەروەها فەوجی (197)ی محەمەد سەعید ئەحمەد جاف هاڕۆنی) لە ڕۆژی (10.4.1988)دا بەشداری ئەنفالی هەریەک لە گوندەکانی (چوارشاخ، عەلیانی تازە، توکن و ئۆمەربل) یان کرد - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و پێنج، ل5604). لیوای پیادەی (417)، کە نەقیب عەبد عەواد، فەرماندەی لیواکە بووە، لە ڕۆژی (11.4)دا هێرشیان کردۆتە سەر گوندی (دوڕاجی). لیوای (443) بە سەرکردایەتی فەرماندەی لیوا عەقید فالح خرێبت ئەلفالح، بەگوێرەی نووسراوی ژمارە (1988/4/21/11925)ی بنکەی هەواڵگری کەلار بۆ ڕێکخراوی هەواڵگری خۆرهەڵات، بەشداری ئەنفالکردنی هەریەک لە گوندەکانی (بەلەکجار، کێلەبەرزەو قەرەداغ)ی کردووە - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و پێنج، ل5665). ئەو ئەفسەرانەش بەگوێرەی لاپەڕە (5733)ی سەرچاوەی پێشوو، وەکو بەشداریکەری ئەو قۆناغەی ئەنفال ناویان هاتووەو مەدالیای کورد کوشتنیان لە پاداشتی بەشداری کردنیان لەو ئەنفالەدا وەرگرتووە: (فەوجەکانی (1، 2، 3)ی لیوای پیادەی (444)ی سەربە فەیلەقی یەک، بە فەرماندەیی عەمیدی روکن سامی محەمەد عیسا لە قۆڵی کفری بەرەو هۆمەربل. رائیدی پیادە باسل تورکی عەبدوڵڵا (فەرماندەی فەوجی یەک)ی لیوای (444). موقەدەمی فڕۆکەوان خەمیس حەسەن جاسم (فەرماندەی فەوجی دوو)ی لیوای (444) بووە. عەمید محەمەد نازم حەسەن، فەرماندەی قۆڵی پێبازو پونگەڵە. عەقیدی فڕۆکەوان حەمید گاتع ئەلسەعد، راوێژکاری فڕۆکەوانی سوپا لە فەیلەقی دوو. عەقید نیعمەت عەبدوڵڵا، فەرماندەی هێزەکانی دووەم و رەتلی دەیەمین لە هێزە تایبەتییەکان. موقەدەمی فڕۆکەوان محەمەد عەتیە خوەین لە سربی (55). رائید مونزر ئیبراهیم یاسین، فەرماندەی

فەوجی کۆماندۆی یەکی سەربە تیپی (یەکی تایبەت)، کە سەرپەرشتی قۆڵی کەلار – تیلەکۆی کردووە. فەوجی کۆماندۆی یەکی سەربە تیپی (دووی تایبەت). فەوجی (18)ی ئالی سەربە (لیوای کۆماندۆی 70)، بە فەرماندەیی عەقیدی روکن فوئاد ئیبراهیم محەمەد. موقەدەم ئیسماعیل محەمەد یاسین، لێپرسراوی بنکەی هەواڵگری سلێمانی. موقەدەم خالید یاسین عوبێد، لێپرسراوی هەواڵگری چەمچەماڵ. موقەدەم سەباح یونس سەعید، جێگری فەرماندەی کەرتی سەنگاو. موقەدەمی پیادە محەمەد نازم حەسەن دوڕاجی، فەرماندەی فەوجی کۆماندۆی تیپی یەکی تایبەت لە قۆڵی پێباز – سۆفی رەحیم – عەلی وەسمان. رائید قاسم هاشم یاسین، بەرپرسی هەواڵگری توزخورماتوو. نەقیب کیفاح عەلی حەسەن، بەرپرسی هەواڵگری کەلار. نەقیب جاسم محەمەد رەبیع، بەرپرسی هەواڵگری دەربەندیخان. مولازمی یەکەمی پیادە عەدنان سلێمان موسڵح، پۆلی (1)ی کۆماندۆی تیپی (1)ی تایبەت. مولازمی یەکەمی پیادە سەعید حەمید خزەیر، لە فەوجی (18)ی ئالی لیوای زرێپۆشی (70). مولازمی یەکەمی پیادە محەمەد عەبدولزەهرە عەلی لە فەوجی یەکی لیوای (444). مولازمی یەکەمی پیادە عەدنان سەلمان موسلیح لە فەوجی یەکی کۆماندۆی تیپی یەکی تایبەت. مولازمی پیادە کەریم جاسم شەریف، لە فەوجی کۆماندۆی یەکی تیپی دووی تایبەت. مولازمی پیادە شەهاب عەزیز حەمزە، لە فەوجی کۆماندۆی یەکی تیپی دووی تایبەت. مولازمی یەکەمی ئەمن ئەحمەد عەبدوڵڵا ناسر، لە بەڕیوەبەرێتی ئەمنی سلێمانی سەرپەرشتی (300) جاشی کردووە لە قۆڵی پێباز. مولازمی یەکەمی زرێپۆش ئەحمەد مستەفا شەریف، کەتیبەی تانکەکانی کەرامە. مولازمی ئەمن فەلاح تاهیر فەیاز، بەرپرسی جاشەکان بۆسەر گوندەکانی شێخ تەوێڵ، ئیمام محەمەد و چەمی شور. کەتیبەی زرێپۆشی (ئەلعەباس)، کەتیبەی تانکەکانی (ئەلکەرامە)، (12) دەستەی فڕۆکەی سەربە یەکەی (55)، لەگەڵ تواناکانی ئەندازیاری راسپێردراو بە کاولکردنی گوندەکان، دەستەی ئەرکانی سوپای سەربە هەواڵگری تیپ و فەیلەقەکان، دەستەی کیمیاوی، فڕۆکەوانی سوپا، هێزی ئاسمانی، یەکەکانی ئەمنی سەربە پارێزگاکانی کەرکوک و سلێمانی بەشداری ئەو ئەنفالەیان کردووە.

بەپێی بەشی بیست و پێنجی سەرچاوەی یەکەم، لاپەڕەکانی 5617+5619)، هەریەک لە فەوجی جاشە سووکەکانی (25، 58، 75، 200) بەشداری ئەو ئەنفالەیان کردووە. ئەو چوار سەرۆک جاشەی کە لە سەرەوەدا ئاماژە بە ژمارەی

فەوجەکانیان کراوەو بەشداری ئەنفالی سێیەمیان کردووە، بریتین لە: (سەعید یوسف ئەسعەد زراری، سەرۆک جاشی فەوجی (25)ی جاشە سووکەکان. چیاد دێوالی دۆسکی، سەرۆک جاشی فەوجی (58)ی جاشە سووکەکان. کیسرا محەمەد سەعید محەمەد فەتاح بەگی جاف، سەرۆک جاشی فەوجی (75)ی جاشە سووکەکان. شێخ حەمەڕەشید عەبدولڕەحمان عەبدولڕەحیم جاف تیلەکۆیی، سەرۆک جاشی فەوجی (200)ی جاشە سووکەکان). هەریەک لە فەوجەکانی: (فەوجی (15)ی سەرۆک جاش شێخ حاجی عەبدولغەفور خالید دوبەردانی، فەوجی (121)ی سەرۆک جاش هەمزە باپیر بابەکر ئاغا پشدەری، فەوجی (131)ی جاشە سووکەکانی ئەنوەر محەمەد رەزا لەک و فەوجی (161) کە سەرۆک جاشەکەی بۆ من دیار نییە، بەشداری ئەنفالی گوندی (سۆفی رەحیم، ئەمەربل و چوارشاخ)یان کردووە لە ئەنفالی سێیەم - (سەرچاوەی ژمارە یەکەم، بەشی بیست و پێنج، لاپەڕەکانی 5606+5608+5612). فەوجی (15)ی عەبدولغەفور خالید دوبەردانی لە کاتی شەڕەکەدا هەڵاتوون، فەوجی (121)ی جاشە سووکەکان شوێنی شەڕەکەیان بەجێهێشتووەو کشاونەتەوە، کەچی ئەنوەر محەمەد رەزا لەکی سەرۆک جاشی فەوجی (131) بە سووکی بریندار بووە لە شەڕەکاندا. هەروەها فەوجی (36)ی جاشە سووکەکانی سەربە سادق زێڕۆ ئەمین هەرکی، بەگوێرەی قسەکانی خۆی بۆ رۆژنامەی هاوکاری، بەشداری ئەنفالی سێی کردووە - سەرچاوە: رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (998)، رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (15.8.1988). بەگوێرەی لاپەڕە (240)ی پەرتووکی (تونی مەرگ، زیاد عەبدولڕەحمان)دا، سەرۆک جاشی فەوجی (37)ی جاشە سووکەکان، تاریق فایەق وەلەد کاکەیی زەنقڕی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی نەوجول، دووز، کفری، کەرکوک و سەرقەڵای کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی (3). هەرچی شۆڕش حاجی رەسوڵە لە لاپەڕە (156)ی پەرتووکی (ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق)دا، ئاماژەی بە بەشداری چواردە فەوجی جاشە سووکەکان کردووە، کە جگە لە فەوجەکانی (25، 75، 100، 131، 179) کە لە سەرەوەدا ئاماژەم پێکردوون، نۆیەکەی تر بریتین لە (فەوجی (2)ی سابیر ئەحمەد رەقیب محەمەد سوورچی (سابیر سوورچی)، فەوجی (5)ی ئەسعەد جهانگیر ئاغای هەرکی، فەوجی (18)ی ساڵح محەمەد جەمیل ئاغا خۆشناو، فەوجی (35)ی عەمید فەتاح کەریم فەتاح جاف، فەوجی (46)ی موشیر ئیبراهیم

ئەحمەد ئاغای سەرگەڕان، فەوجی (101)ی جەلال ئاغا رەفیق سەید وەلەد ئاغای کاکەیی (عەلی سەرایی)، فەوجی (139)ی محەمەد عەلی ئاغا حەسەن زەنگەنە، فەوجی (151)ی نەقیب عەبدوڵڵا حەسەن ساڵح بابان و فەوجی (199)ی سەعید قادر محەمەد جاف). هەروەها بەگوێرەی (زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل236-245)، ئەو سەرۆک جاش و مەفرەزە تایبەتییانە بەشداری ئەنفالی سێیەمیان کردووە: (فەوجی (35)ی سەربە سەرۆک جاش عەمید فەتاح کەریم فەتاح جاف و لە نێویاندا تاهیر عوسمان رۆستەم رۆغزایی، فەرماندەی سریە لە فەوجی ناوبراو، کامیل شێخ هادی شێخ نوری سۆڵەیی سەرۆک جاشی فەوجی (55)ی جاشە سووکەکان، سوعاد فەیزوڵڵا محەمەد تاڵەبانی سەرۆک جاشی فەوجی (60)ی جاشە سووکەکان، قادر شەفیق نوعمان کافرۆشی سەرۆک جاشی فەوجی (63)ی جاشە سووکەکان، شێخ موعتەسەم عەبدولکەریم حوسێن بەرزنجی، سەرۆک جاشی فەوجی (64) - سەرچاوە: رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (995)ی رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی (4.8.1988)، سەعید مەحمود باریکەی سەرۆک جاشی فەوجی (73)، عومەر حەمە عەلی رۆستەم چەرمەگایی، سەرۆک جاشی فەوجی (104)ی جاشە سووکەکان، زاهیر تاهیر تۆفیق کۆیی سەرۆک جاشی فەوجی (150)ی جاشە سووکەکان، رەزا تەها محێدین بەرزنجی (سەید مانگا)، سەرۆک جاشی فەوجی (211)ی جاشەکان، بایز عەزیز رەشید ئاغا باواجانی سەرۆک جاشی فەوجی (213)، شێخ ئەحمەد جەمیل ئەمین بەرزنجی سەرۆک جاشی فەوجی (240)ی جاشە سووکەکان - سەرچاوە: (رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (996)، رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (8.8.1988)، ل4+ رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6692)، رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی (22.9.1988)، سەڵاحەدین خدر رەسوڵ نەقشبەندی سەرۆک جاشی فەوجی (241)ی جاشە سووکەکان، محەمەد شێخ عەبدولکەریم قادر بەرزنجی سەرۆک جاشی فەوجی (257)، شێخ حوسێن شێخ سەعید بەرزنجی سەرۆک جاشی فەوجی (262)ی جاشەکان، ئیسماعیل عەزیز ئاغا زەنگەنەی سەرۆک جاشی فەوجی (268)ی جاشە سووکەکان، عەقید عەبدولحەمید عوسمانی سەرۆک جاشی فەوجی (300)ی جاشە سووکەکان، عەدنان عەبدوڵڵا ئەحمەد جەباری (سەید عەدنان جەباری) سەرۆک جاشی فەوجی (321)ی جاشە سووکەکان، شێخ کەریم شێخ شەهاب سەرۆک جاشی فەوجی (323)ی جاشە

سووکەکان، مەجید سلێمان ئەحمەد جاف (مەجید سلێمان وەزە)، سەرۆک جاشی فەوجی (354)، ئەحمەد بیجۆ فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی، ئەنوەری حەسۆی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی، بەکر عەلی حاجی موشیر، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی، تاریق شەفیع کافرۆشی سەرۆک جاشی فەوج، تاریق عەزیز رەزا ئاغای فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی، تۆفیق جەبار قارەمان چەمچەماڵی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت (145)، جەبارە درێژ، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی، جەمال حوسێن دوزی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی، حەسیب محەمەد نەجم ئینجە جەباری سەرۆک جاشی فەوج، سەعید محەمەد غەریب جاف، سەرۆک جاشی فەوجی (251)، محەمەد رەحیم محەمەد سدیق (حەمە پۆخچی) سەرۆک جاشی فەوجی (؟؟)ی جاشە سووکەکان، رەفعەت محەمەد عەلی گلی سەرۆک جاشی فەوجی (؟؟)، سەعید (حەمە سەعید) غێدان و مەجید غێدانی سەرۆک جاش و جێگری فەوجی (؟؟)ی جاشە سووکەکان، شامل دەروێشی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی، شەماڵ رەفعەت محەمەد عەلی گلی کە جێگری سەرۆک جاشی فەوج (جێگری رەفعەت محەمەد عەلی گلی) باوکی بووە، شەهاب ئەحمەد وایەرمەنی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی، عاسی حەمە دێزەی مەفرەزەی تایبەتی سەربە ئیستخبارات، عەبدوڵڵا کاکە ئەمین ساڵح (عەبە کەرکوکی) فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی، عومەر حاجی بادینان فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی، عەزیز حەسەن فەتاح فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی، مامەند ساڵح مەولود شێخانی قەشقەیی (مامەند قەشقە) سەرۆک جاشی فەوج، محێدین حەمە رەحیمی سەرۆک جاشی فەوج، قادر عەزیز (قالەی عەزە ناڵبەند)ی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت، قاسم رەشید دڕەیی سەرۆک جاشی فەوجی (؟؟)، کەمال محەمەد حەیدەر تاسڵوجەیی (کەمالی شەمسە)ی سەرۆک جاشی فەوجی جاشە سووکەکان). هەروەها بەگوێرەی بەشی (25)ی سەرچاوەی یەکەم، لاپەڕە (5834)، مەفرەزە تایبەتییەکانی (49، 50، 66، 77، 78) لە رێکەوتی (12.3.1988)دا بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی دێهاتەکانی (شێخ جیری، چیمەن، قەرەوەیس، زەنگەنەو چەندین گوندی سەربە قادرکەرەم و پردێ)یان کردووە. مەفرەزە تایبەتییەکانی سەربە تەواری سلێمانی (3، 55، 119، 194) بە سەرپەرشتی مولازمی ئەمن عەلی مەحمود عەلی. هەروەها تەواوی ئەو فەوجە جاشانەی کە لە ئەنفالی دوودا بەشداربوون لەگەڵ (13) فەوجی تردا بەشداری

ئەنفالی سێیان کردووە. فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (194) مەنسوور سوارە فەتاح فەرەج بووە، کە لە رێکەوتی (12.4.1988)دا لە گوندی (شێخ تەوێل)دا کوژرا – سەرچاوە: (نووسراوی ئەمنی سلێمانی بۆ ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و ئەمنی ناوەخۆی فەیلەقی یەک، کە لە رێکەوتی (16.4.1988)دا نێردراوە). تەحسین محەمەد رەشید زەنگەنە سەرۆک جاشی فەوجی (179)ی جاشە سووکەکان، بەشداری ئەنفالی سێی کردووە – سەرچاوە: (رۆژنامەی هاوکاری کە کۆپییەکەی لامە، بەڵام بەداخەوە ژمارەکەی دیار نییە). قادر محەمەد رەشید عەبدولقادر سەرۆک جاشی فەوجی (353)ی جاشە سووکەکان، بەگوێرەی لێدوانی خۆی باسی ئەوەی کردووە کە فەوجەکەیان بەشداری جەنگەکانی هەڵەبجە، قەرەداغ، ئەنفالەکانی یەکەم، دووەم و سێیەمیان کردووە – سەرچاوە: (رۆژنامەی هاوکاری، کە ژمارەو رۆژەکەی لەسەر نییە، بەڵام دەقی چاوپێکەوتنەکەی ناوبراوم لایە کە بۆ هاوکاری لێدوانی داوە.

ئامانجی شاڵاوی ئەنفالی سێیەم گوندەکانی ناوچەی گەرمیان و سنووری بەڕێوەبەرایەتی شاری کەرکوک (کەرکوک، لەیلان، قادر کەرەم، دەربەندیخان، قەرە حەسەن، کفری، کەلار، سەنگاو، توزخورماتوو، جەبارە، چەمچەمال و قەرەهەنجیر) بوو، کە نزیکەی زۆرتر لە (1000) دێهاتی گرتەوە لەگەڵ چوار مەڵبەندی ناحیەکانی (سەنگاو، قادرکەرەم، قەرەداغ و لەیلان)، کە هەموویان خاپورکران. هەندێک لەو ناوچە، بەرزایی و دێهاتانەی کە بەر شاڵاوی ئەنفالی سێ کەوتن ئەمانە بوون: (ئاوباریک، ئاوەسپی، ئەستێڵ، ئۆمەربل، ئۆمەرقەڵا، ئیبراهیم غولام، باجگە، باشتەپە، باداوە (باراوە)، بەرکەل، بەلەکجار، بەلەکەی سەروو، بەڵخەی بچووک، بەڵخەی گەورە، باوەخۆشێن، بانەمۆرت، باوەنوور، بەکر بایەف، بەکرە شەل، بەنگۆل، بنەکە، بۆیسانە، پەڵکانە، پونگەڵە، پونگەڵەی حاجی مەحمود، پێباز، پێنج ئەنگوشتی حاجی محەمەد ئاغا، پێنج ئەنگوشتی شێخ محەمەد، پێنج ئەنگوشتی شێخ مستەفا، تازەشار، تاڵەبان، تاڵاو، تاوسانە، تایەبەرز، تەپە سپی، تەپە سەوز، تەپە عارەب، تەپەکرۆز، تەپە مارف، تەپە نەریمان، تەکیە، تورگە، توکن، تۆپخانە، تیلەکۆ، تیمار، جنۆکە، حەسەن کەنۆشی خواروو، حەسەن کەنۆشی سەروو، حەمک، حەمە سلێمان، حەمە قادر، خدر رێحان، چەرمک، چەولک، چوار شاخی خواروو، چوار شاخی سەروو، چوارملان، چیمەن، داربەڕوو، دارەزی، درۆزنە، دەرزیلە، دەرەوار، دەڕاجی، دوبرا،

رەبات، رۆستەم ئاغا، زستانە، زەردە لیکاو، زەڕین، زەنگەنە، زینانە، سپی جەژنی، سەرقەڵا، سەرەڕەش، سەروچاوە، سماق، سەید خەلیل، سەید شێخان، سۆفی رەحیم، سۆفی رەزا، سێ خران، سێگۆمەتان، شاتری، شۆراو، شانەزەرد، شێخ حەمید، شێخ تەویل، عەزیز بەگ، عەزیز قادر، عەلیانی تازە، عەلیانی گەورە، عەلی وەسمان، فەتاح ئۆمەر، فەقێ مستەفا، قازانقایە، قایش پاشا، قەڵاگا، قەرەتامور، قەرەوەیس، قولیجان، قەیتاوان، قەیتول، قیرچە، کارێزە، کانی عوبێد، کانی قادری خواروو، کانی قادری ژوورو، کانی قادری قەڵا، کچان، کڵاوگە، کەرەبچنە، کەریم بەسام، کوڵەجۆ، کونەکۆتر، کۆشک، کۆشکی خواروو، کۆشکی سەروو، کۆکس، کێلەبەرزە، گەڕاوی، گەلیاوە، گوڵباخی خواروو، گوڵباخی سەروو، گۆمەزەرد، لەیلان، مریەم بەگ، ملەسوورە، مەحمود پەریزاد، مەسۆی حەمە فەرەج، مەسۆیەکان، مەلا ئۆمەر، میلقاسم، نەوجول، هەرێنە، هەزارکانی، هەنارە، هەوارە بەرزە، هەیەرە سوور، هۆمەر ئامان، هێڵانە قەل، وارانی خواروو، وارانی ژوورو).

پەلامارەکانی ئەم قۆناغەی ئەنفال بەمشێوەیە بووە:

قۆڵی یەکەم: لە کەلارەوە بەرەو ناوچەی شاتری.

قۆڵی دووەم: لە باوەنوورەوە هێزێک بەرەو بەرزاییەکانی چوارملان و شێختەویل و هێزێکی تریش بەرەو گوندەکانی سۆفی رەحیم و زەنگەنە.

قۆڵی سێیەم: لە دەربەندیخانە دوو هێز دەرچوون، یەکێکیان بەرەو شاخەکانی زەردە و گوڵان، هێزەکەی تریش بەرەو گوندی بەرکەل و شاخی زەردە.

قۆڵی چوارەم: لە تیلەکۆوە هێزێک بەرەو ناوچەی رۆغزایی و هێزێکی تریش بەرەو گوندی زەڕین.

قۆڵی پێنجەم: لە سەرقەڵاوە بەرەو گوندی هۆمەربل.

قۆڵی شەشەم: لە شارۆچکەی سەنگاوەوە بەرەو گوندی قەیتوول.

قۆڵی حەوتەم: لە شارۆچکەی قادرکەرەمەوە بەرەو گوندەکانی: برایم غوڵام و بناری گل.

قۆڵی هەشتەم: لە شارۆچکەی خورماتووەوە بەرەو هەریەک لە شارۆچکەی نەوجول و گوندەکانی سەربە داودە.

قۆڵی نۆیەم: لە شارۆچکەی سەنگاوەوە بەرەو گوندەکانی: کچان، هەزارکانی و هەنارە.

گوندەکانی فەقێ عوسمان، قەڵخانلو، ملەسوورە و مەیدان شوێنی کۆکردنەوەی دانیشتوانە دەستگیرکراوەکەی ناوچەکە بوو، بەتایبەت رۆژی (14.4.1988) کە خەڵکێکی زۆر لە ملەسوورەوە بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان بردران. هەوارە بەرزە شوێنی لەدایکبوونی (تەیمور ئەحمەد عەبدوڵڵا)یە کە سێ ساڵ تیایدا ژیاوەو دواتر باریانکردووە بۆ گوندی کوڵەجۆ، لەکاتێکدا کە تەمەنی (12) ساڵان بووە لەگەڵ دایک، باوک، براو خوشکەکانی لە لایەن میلیشیای سەدام حوسێنەوە گیراوەو، دواتر تەنیا خۆی لە گوللە باران کردنەکەدا رزگاری بووە. لەم قۆناغەی ئەنفالدا لە (10) قۆڵەوە هێرش کرایە سەر ناوچەکەو، ئەم ئەنفالە بە گەورەترین و درندانەترین ئەنفال دادەنرێت و گەورەترین زیانی بە کورد گەیاند. هەروەکو لە سەرەوەدا ئاماژەی پێدراوە، شاڵاوی ئەم ئەنفالە لە ماوەی نێوان (20.4.1988-7.4.1988)دا درێژەی کێشا. رۆژی (14.4.1988) بە درندەترین و بەرفراوانترین رۆژی ئەنفال دادەنرێت، هەر بۆیەشە لە ساڵی (1995)وە لەلایەن (رێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان) کرا بە رۆژی ئەنفال و دواتریش لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە بڕیارێک لە رێکەوتی (4.4.2007)دا رۆژی (14.4) وەکو رۆژی ئەنفال دیاریکرا. لەو ئەنفالەدا نزیکەی (50) پەنجا هەزار هاوولاتی کورد شوێن بزرکران. پاش ئەنجامدان و کۆتایی هاتنی ئەنفالی سێیەم، تەواوی خەڵکە دەستگیر کراوەکانی سنووری ئەو ئەنفالەیان لە سەربازگەیەکی کەرکوک کۆکردەوەو تاوانباران عەلی حەسەن مەجید، رازگری نووسینگەی باکووری پارتی بەعس، سوڵتان هاشم ئەحمەد، فەرماندەی فەیلەوی یەک، بارەق عەبدوڵڵا حاج ئەلحەنتەو چەند ئەفسەرێکی تری پایەبەرز چوونە ناو ئەو دەستبەسەرانەو بە ڤیدیۆ وێنەیان گیراو بە دەیان جار لە تەلەفزیۆنەکانی ئێراقی پەخش کرا، ئەوکاتە من لە زیندانی ئەبوغرێب بووم و بەزۆر لەکاتی دەنگوباسەکاندا لە کاتژمێری هەشتی هەموو ئێوارەیەک دەبوایە لە بەردەم تەلەفزیۆن دانیشین و گوێبگرین لە دەنگوباسەکان (کە ئێمە لەنێو خۆماندا ناومان نابوو سەدام باس)، بۆیە بە دەیان جار ئەو دیمەنە دڵتەزێنانەمان بینیووە.

Third Anfal (North): 7 April - 20 April 1988





ANATOMY OF A CAMPAIGN Third Anfal (South): 7 April - 20 April 1988

شاڵاوی ئەنفالی چوارەم و هێزە بەشداربووەکان:

ئەنفالی چوارەم، بە سەرکردایەتی لیوای روکن سوڵتان هاشم ئەحمەد فەرماندەی فەیلەقی یەک و، بە سەرپەرشتی راستەوخۆی فەریق یەکەمی روکن عەدنان خەیرۆڵڵا تولڵفاح وەزیری بەرگری، عەلی حەسەن مەجید تکریتی بەرپرسی بیرۆی باکووری حیزبی بەعس، فەریقی روکن نزار عەبدولکەریم فەیسەل ئەلخەزرەجی سەرۆک ئەرکانی سوپا (نزار خەزرەجی لە نزیکەوە سەرپەرشتی راستەوخۆی شاڵاوی دڕندانەی ئەنفالی چواری کردووەو، لە دێی عەسکەر لە رێکەوتی (3.5.1988)دا لەسەر بانی ماڵێکدا وێنەیەکی گرتووە، ماڵەکە ماڵی پێشمەرگەی دێرینی (ی. ن. ک) قارەمان مەحمودە)، فەریق روکن حوسێن رەشید محەمەد عەرەب تکریتی یارمەتیدەری سەرۆکی سوپا بۆ کاروباری ئۆپراسیۆنەکان، لیوا روکن سابیر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی سەربازی، عەقید روکن فەرحان موتلەگ ساڵح خەڵەف جبوری بەڕێوەبەری رێکخراوی هەواڵگری ناوچەی خۆرهەڵات (مدير منظومة إستخبارات المنطقة الشرقية) بووە. هەروەها بە بەشداری ئەو هێزانەی خوارەوە: (تیپی پیادەی (2) ناسراو بە (هێزەکانی خالید بن وەلید)ی سەربە فەیلەقی یەک، کە عەمیدی روکن عەبدولمەجید عەباس وهەیب فەرماندەی تیپەکە بووە. تیپی پیادەی ئالی (5) ناسراو بە (هێزەکانی محەمەد قاسم) کە سەربە فەیلەقی یەک، کە فەرماندەکەی عەمیدی روکن مەحمود فەیزی محەمەد ئەلهەزاع بووە. تیپی (8)ی پیادەی ناسراو بە (هێزەکانی موسەنا)ی سەربە فەیلەقی یەک، کە فەرماندەی تیپی ناوبراو عەمیدی روکن ناتق شاکر مەحمود رامز بووە. تیپی زرێپۆشی (10)ی ناسراو بە (هێزەکانی نەسر)ی سەربە فەیلەقی چوار و فەوجەکانی کۆماندۆی سەر بەو تیپە، کە فەرماندەی تیپەکە (عەمید روکن خالید ئەحمەد ئیبراهیم ئەلدلێمی) بووە. فەوجی کۆماندۆی تیپی (28)ی سەربە فەیلەقی یەک، کە فەرماندەی تیپەکەی لیوا روکن ئەحمەد حەسەن ئەلعوبەیدی بووە. تیپی پیادەی (38)ی ناسراو بە (هێزەکانی عومەر بن عەبدولعەزیز)ی سەربە فەیلەقی یەک، کە فەرماندەی تیپەکە عەمیدی روکن عەبدولئەمیر عەلوان حوسێن بووە. لیوای (448)ی سەربە تیپی (38)ی هێزەکانی عومەر بن عەبدولعەزیز. فەرماندەیی تیپی (46)، بە فەرماندەی عەمیدی روکن عەلی

ئەحمەد محەمەد ساڵح. لیواکانی (65، 66، 68)ی هێزی تایبەت، کە سەربە سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان بوو، لە ساڵی (1990)دا عەمیدی روکنی هێزی تایبەت عەبدولموحسن سلێمان کازم فەرماندەی لیوای (65)بووە، بەڵام ئەوە نازانم ئایا لەکاتی ئەنفالەکانیشدا هەر ئەو بووە یان ئەفسەرێکی تر! هەروەها فەرماندەی لیوای (66)ی هێزی تایبەت عەمید روکن جەعفەر سادق بووە. هەریەک لە لیوای ئالی و لیوای زرێپۆشی (46). فەرماندەیی هێزەکانی جەحفەلی پارێزگاری نیشتمانی یەکەم (امرية جحفل الدفاع الوطني الاول)، لەژێر فەرماندەیی عەمید روکن سەعد شەمسەدین خاڵس. فەرماندەیی هێزی تایبەتی پارێزگاری بارەگاکانی فەیلەقی یەک، بە سەرکردایەتی عەمید روکن عەلاء محەمەد تەها. فەرماندەیی هێزەکانی پارێزگاری نەوت، کە فەرماندەکەی عەمیدی روکن بارەق عەبدوڵڵا حاج ئەلحنتەو بەشداری هەریەک لە عەقید روکن فوئاد حوسێن عەلی و موقەدەم هاشم کامل مەحمود کە هەردووکیان جێگری ناوبراو بوون، هەروەها عەمید خزەیر عەتیە زەهبان، ئەفسەری هەواڵگری هێزەکانی پارێزگاری نەوت. لیوای پیادەی (110). لیوای کۆماندۆی یەکی سەربە فەیلەقی یەک. هێزە تایبەتییەکانی لیوای (77). هێزەکانی گەڕۆکی سێیەم. کەرتی سەربازی سوسێ، بە فەرماندەیی عەمید خالید. کەرتی سەربازی کۆیە، بە سەرکردایەتی عەقید محەمەد یاسین ئەلجبوری. لەگەڵ مەفرەزەکانی تەواری سەربە ئەمنی کەرکوک و سلێمانی، دەستەی ئەرکانی سوپای سەربە هەواڵگری تیپ و فەیلەقەکان، دەستەی کیمیاوی، فڕۆکەوانی سوپا، هێزی ئاسمانی، تواناکانی ئەندازیاری راسپێردراو بە کاولکردنی گوندەکان و یەکەکانی هەواڵگری سەربازی. سەبارەت بە بەشداری جاشە کوردەکان لەو ئەنفالەدا، مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (77)، کە فەرماندەکەی یوسف فەتحوڵڵا گۆرانی (قەرەهەنجیر)ی بووە، فەوجەکانی سەربە فەرماندەیی جەحافیلی یەکی جاشە سووکەکان بەشداریان کردوە، وە لەنێویاندا ناوی (27) فەوج هاتووە کە بریتین لە: (فەوجی (1)ی سەربە قەدری ئەحمەد محەمەد زێباری، فەوجی (20)ی سەربە ئیبراهیم عەلی حاجی مەلۆ مزوری، فەوجی (23)ی سەربە عاسیف ئەحمەد ئاغای زێباری، فەوجی (37)ی سەربە تاریق فایەق وەلەد کاکەیی زەنقڕی، فەوجی (51)ی سەربە مامەند حەمەد مەولود گەردی، فەوجی (55)ی سەربە کامیل هادی شێخ نوری بەرزنجی (سۆڵەیی)، فەوجی (72)ی سەربە فوئاد کەریم محەمەد کابایز

هەمەوەندی، فەوجی (78)ی سەربە رەشید ئەحمەد ئەمین عەزیز شێروانی، فەوجی (79)ی سەربە جەلال ئەسعەد رەزا چەرمەگایی، فەوجی (81)ی سەربە محەمەد عومەر ئەمین جەمیل باساکی، فەوجی (85)ی سەربە فارس تاهیر مستەفا ئاغای کۆیی، فەوجی (86)ی سەربە عوسمان عومەر مام یەحیا کۆیی، فەوجی (98)ی سەربە سەلیم مەمەند رەسوڵ ئاغای میراودەلی، فەوجی (99)ی سەربە تاهیر عەلی عەبدولڕەحمان جەباری، فەوجی (107)ی سەربە محەمەد تاهیر یونس محەمەد زیناوە شکاک، فەوجی (132)ی سەربە ئاکۆ عەباس بایز مامەند ئاغای سەرکەپکان، فەوجی (171)ی سەربە عومەر ئەحمەد عەلی جاف (عومەرە بچکۆل)، فەوجی (172)ی سەربە تەحسین شاوەیس سەعید رۆژبەیانی، (175)ی سەربە حوسێن محەمەد عوسمان پشدەری، فەوجی (195)ی سەربە لەتیف محەمەد ئەمین قادر جاف زرگوێزی، فەوجی (204)ی سەربە محەمەد هەمزە محەمەد ژاژڵەیی، فەوجی (207)ی سەربە میرزا ئیسماعیل شەریف رەزا (میرزا کۆیی)، فەوجی (211)ی سەربە رەزا تەها محێدین بەرزنجی، فەوجی (212)ی سەربە عەدنان عەبدوڵڵا نەجم جاف (عەدنان دیسکۆ)، فەوجی (237)ی سەربە قاسم کەریم ئەحمەد مەحمود شینکی، فەوجی (248)ی سەربە سابیر ئەحمەد ئەمین، فەوجی (257)ی سەربە محەمەد عەبدولکەریم قادر بەرزنجی و فەوجی (356)ی سەربە ئەحمەد سۆفی ئیسماعیل ساڵح - سەرچاوە: شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل162-163). هەروەها بەگوێرەی (زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل237-245)، ئەو سەرۆک جاش و مەفرەزە تایبەتییانە بەشداری شاڵاوی ئەنفالی چواریان کردووە: (سابیر رەقیب سوورچی سەرۆک جاشی فەوجی (2)، محەمەد قادر عەزیز ئاغای سوورچی سەرۆک جاشی فەوجی (19)، شێخ موعتەسەم عەبدولکەریم حوسێن بەرزنجی سەرۆک جاشی فەوجی (64) - سەرچاوە: رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (995)ی رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی (4.8.1988)، سەعید مەحمود باریکەی سەرۆک جاشی فەوجی (73)، بورهان محەمەد مستەفا شوانی سەرۆک جاشی فەوجی (92)ی جاشە سووکەکان، عومەر حەمە عەلی رۆستەم چەرمەگایی، سەرۆک جاشی فەوجی (104)ی جاشە سووکەکان، عەزیز حەمەد مەولود (مەلا عوزێر)، سەرۆک جاشی فەوجی (130)ی جاشە سووکەکان، شێخ جەلال شێخ نەجمەدین شێخ کەریم ساڵەیی سەرۆک جاشی فەوجی (135)ی جاشە سووکەکان،

شێخ مەحمود سەید گوڵ کارێزەیی سەرۆک جاشی فەوجی (137)ی جاشە سووکەکان، هۆمەر ئەحمەد ئاغای پشدەری، سەرۆک جاشی فەوجی (140)ی جاشەکان، زاهیر تاهیر تۆفیق کۆیی سەرۆک جاشی فەوجی (150)ی جاشە سووکەکان، رەزا تەها محێدین بەرزنجی (سەید مانگا)ی سەرۆک جاشی فەوجی (211)ی جاشەکان، سەڵاحەدین خدر رەسوڵ نەقشبەندی سەرۆک جاشی فەوجی (241)ی جاشە سووکەکان، عەدنان عەبدوڵڵا ئەحمەد جەباری (سەید عەدنان جەباری) سەرۆک جاشی فەوجی (321)ی جاشە سووکەکان، جیهاد موسا قەرەهەنجیری فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت، حەسیب محەمەد نەجم ئینجە جەباری سەرۆک جاشی فەوج، خەیروڵڵا کەریم مەولود (خەیروڵڵا دوزی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ئیستخبارات، عەبدوڵڵا کاکە ئەمین ساڵح (عەبە کەرکوکی) فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی، عەلی نەبیاوە (حاجی عەلی نەبیاوە)ی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی، محەمەد حوسێن نوری فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت، محەمەد کاوانی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی، محێدین حەمە رەحیمی سەرۆک جاشی فەوج). هەروەها بەگوێرەی رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (975)، رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (16.5.1988)، هەریەک لە فەوجی (47)ی سەربە سەرۆک جاش مەدحەت تۆفیق مەنسور داودی و فەوجی (138)ی سەربە سەرۆک جاش رووناک ئیبراهیم مەدحەت داودی (شێخ رووناک)، بەشداربیان لە شاڵاوی ئەنفالی چواردا کردووە. تەحسین محەمەد رەشید زەنگەنە سەرۆک جاشی فەوجی (179)ی جاشە سووکەکان، بەشداری ئەنفالی چواری کردووە - سەرچاوە: (رۆژنامەی هاوکاری کە کۆپییەکەی لامە، بەڵام بەداخەوە ژمارەکەی دیار نییە).

شاڵاوی ئەنفالی چوار گوندەکانی سەربە (کەرکوک، ئاغجەلەر، پردێ، تەقتەق، تەکیە، خەلەکان، چەمچەماڵ، دوکان، دێگەڵە، رێدار، سورداش، شوان و کۆیە)ی گرتەوە، کە تەواوی گوندەکانی سەر بەو ناوچانە خاپوورکران کە بەشێکیان بریتیبوون لە: (ئاوماڵ، ئەسکەندەر بەگ، ئەلیاسەسوور، ئۆمەر گومەت، ئۆمەر مەندان، ئێلینجاغ، باخەوان، باغەچنێر، بانەگوڵان، بۆلقامیش، بۆگد، بێدەر، پاپیلان، پەڵکانە، پەلکەڕەش، پیران، پێبازۆک، تاڵەبان، تەپەکوڕە، تەڕەمار، تەکەڵتوو، تەقتەق، تەوەکەڵ، تورکمان باخ، توڵکی، تەگباسان، تیژە، تلیان، تیمارۆک، حاجی قەڵا، حەسار، حەسەن قەپاغ، خدر شیرین، خەرابە، خورخوڕ، جگیلە، جۆکان، جەلەمۆرد، چەمی

ڕێزان، دارئەختیار، داربەسەر، داربەڕوو، دالاوە، داوداوە، دەرماناو، دەلۆ، دۆندار، ساتوقەلا، سارتک، سەربیر، سەرچنار، سوورقاوش، سماقە، سمایل بەگ، سێکانی، سێگرتکان، شاخە پیسکە، شوان، شەوگێڕ، شیلەخان، شیواشۆک، شێخ ئەلوەن، شێخ بزێنی خواروو، شێخ بزێنی سەروو، شێخان، شێخ پاڵەوان، شێوەجانی، شێخ شیوەسوور، زەینەل، عەسکەر، عەمدون، عەودالان، عەمدۆک، قازان، قازبەگیان، قامیشە، قزڵوو، قەتار، ، قەرەسالم، قەرەناو، قەسر، قەسرۆک، قەلاچۆغە، قەلاسێوکە، قەشقە، قەمبەر، قەیسەری، قول قولە، قۆڕەبەرازە، کارێزە، کلێسە، کانیبی، کانی ڕەش، کانی سوور، کانی عازەبان، کانی کوردە، کانی گەرمک، کانی لەلە، کانی هەنجیرە، کاولان، کاولەسوار، کلاوقوت، کەلەشێرە، کەپەنک، کەلکەسماق، کونەگورگ، کێلە زیندان، گورگان، گوڵم کەوە، گەورەدێ، گردخەبەر، گەرمک، گەڵناغاج، گۆپتەپە، گۆزەبۆرە، گۆمەشین، ماسقەلان، مام ڕەش، مامەلێسی، مایلە، مەشخەلان، موخەڕەس، مەحمەخان، مەرزیخە، مەلا زیاد، مۆرخواردە، ناسر ئاغا، نێرەگین، هەیدەر بەگ و یارمجە). شالاوی درندانەی ئەنفالی چوارەم بە کیمیاباران کردنی گوندەکانی (گۆپتەپە و عەسکەر) لە ئێوارەی (3.5.1988)دا دەستیپێکرد، دواتریش لە (20) قۆڵەوە هێرشی سوپا دەستیپێکرد بۆسەر ناوچەکەو دوای شەش ڕۆژو لە ڕۆژی (8.5.1988) ئەم ئەنفالە کۆتایی پێهات.

هێرشەکانی قۆناغی چوارەمی ئەنفال بەمشێوەیە بوو:

قۆڵی یەکەم: لە سلێمانییەوە بەرەو گوندەکانی: خەرابە، چەمیرێزان، کەلەشێرە، عەسکەر، گۆپتەپە، گەورەدێ، کەڵکەسماق و کلێسە.

قۆڵی دووەم: لە شارۆچکەی تەقتەق و سەربازگەی قەلاتەوە هێزەکانی بەعس بەمشێوەیە هێرشیان کرد:

یەک: لە تەقتەقەوە بەرەو گوندەکانی: ئەسکەندەر بەگی، جەلەمۆرد، دارئەختیار، شێخان، گردخەبەر، گەڵناغاج، قەرەناو، قەسرۆک و مامەلێسی.

دوو: لە چەمی حەیدەرەوە بەرەو گوندەکانی: خەرابە، کانیڕەش، گۆمەشین، قزڵوو، موخەڕەس و مەلازیاد.

سێ: لە گەرمکەوە بەرەو گوندەکانی ئۆمەر گومبەت، سێگرتکان، ئاوماڵ، سارتکە و قەمبەر.

چوار: لە کانیڕەشەوە بەرەو گوندەکانی: دەرماناو، عەمدۆک و مەرزیخە.

قۆڵی سێیەم: لە سمایل بەگی سەربە شارۆچکەی شوانەوە بەرەو گوندەکانی: تەپەکورە، تەوەکەڵ، پەڵکانە، حەسەن قەپاخ، خدرشیرین، شەوگێڕ، کارێزە، کاولەسوار، مامەڕەش، مۆرخوارد و قەرەسالم.

قۆڵی چوارەم: پەلاماری ئەم قۆڵە بەمشێوەیە بوو:

یەک: لە گوڵمکەوەی ئاغجەلەر هەروەها لە چەمچەماڵەوە بەرەو گوندەکانی تلیان، تیژە، دەلۆ، کلاوقوت، مامەڕەش و مەشخەڵان.

دوو: لە تەکیەوە بەرەو گوندەکانی: دالاوا، شێخ پاڵەوان، عەسکەر، گۆپتەپە و هەیەربەگ.

قۆڵی پێنجەم: پەلاماری ئەم قۆڵە لە دوو لاوە بوو بەمشێوەیە:

یەک: لە سەربازگەی تۆبزاوەی سەربە شاری کۆیەوە بەرەو گوندەکانی: پێبازۆک، حاجیقەڵا، کانیکوردە، قەسرۆک و قۆڕەبەرازە.

دوو: لە بانی تاڵەبانییەوە بەرەو گوندەکانی: باغەچنێر، تەکەڵتوو، پەڵکانە، شێوەجانی و کونەگورگ.

لەو ئەنفالەدا زۆرتر لە (28.550) هاووڵاتی کورد لە ژن، منداڵ و پیاو لەلایەن هێزەکانی میلیشیا، بەعس، ئەمن، ئیستیخبارات، مەفرەزە تایبەتییەکان و جاشی کوردەوە دەستگیرکران و بە فەرمانی سەدام، عەلی حەسەن مەجیدو سەرکردەکانی تری هێزەکانی بەشدار لە ئەنفالەکاندا لەلایەن تیمەکانی مەرگەوە بە کۆمەڵ کوژران یان زیندەبەچاڵ کران یاخود رەوانەی یەکەی کوشتنی مرۆڤ (وحدة المجازر البشرية) کران و لەوێش چەکی بایەلۆجی و کیمیاوی وەزارەتەکەی (حوسێن کامل حەسەن مەجید)، وەزارەتی پیشەسازی سەربازی-یان لەسەر تاقیکردنەوەو لەنێوبردران.

Fourth Anfal: 3 - 8 May 1988

شاڵاوی ئەنفالەکانی پێنجەم، شەشەم، حەوتەم و هێزە بەشداربووەکان:

جێبەجێکردنی ئەو سێ شاڵاوەی ئەنفالە ماوەی زۆرتر لە سێ مانگی خایاندو لەنێوان (26.8.1988-15.5.1988)دا بەردەوام بوو، بەڵام باشبوو تاڕادەیەکی زۆر دوژمن شکستی هێنا. ئەو قۆناغەی ئەنفال بە سەرکردایەتی لیوای روکن یونس محەمەد سلێمان ئالزەڕب فەرماندەی فەیلەقی پێنج، هەردوو جێگرانی فەرماندەی فەیلەقی پێنج (عەمید روکن یونس محەمەد حەماد و عەمید محەمەد مستەفا ئیسماعیل)، بە سەرپەرشتی راستەوخۆی فەریق یەکەمی روکن عەدنان خەیرۆڵڵا تولفاح وەزیری بەرگری، عەلی حەسەن مەجید تکریتی بەرپرسی بیرۆی باکووری حیزبی بەعس، فەریقی روکن نزار عەبدولکەریم فەیسەل ئەلخەزرەجی سەرۆک ئەرکانی سوپا، فەریق حوسێن رەشید محەمەد عەرەب تکریتی یارمەتیدەری سەرۆکی سوپا بۆ کاروباری ئۆپراسیۆنەکان، لیوا روکن سابیر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری بەرێوەبەری هەواڵگری گشتیی سەربازی، عەقید روکن فەرحان موتلەگ ساڵح خەڵەف جبوری بەرێوەبەری رێکخراوی هەواڵگری ناوچەی خۆرهەڵات (مدير منظومة إستخبارات المنطقة الشرقية) و هەریەک لە عەمید روکن خالید محەمەد عەباس عەلی ئەلجبوری و عەقید روکن وەلید نایف شبیب، کە لە ساڵی (1988)دا هەر یەکەیان بۆ ماوەیەک بەرێوەبەری رێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور (مدير منظومة إستخبارات المنطقة الشمالية) بووینە لە هەولێر. ئەنفالەکانی پێنج، شەش و حەوت ناوچەیەکی فراوانی گرتەخۆی کە بریتی بوون لە (پردێ، بەشێکی هەولێر، مەسیف، شەقڵاوە، هیران، دۆڵی نازەنین، حەریر، خەلیفان، دۆڵی خۆشناوەتی، رەواندز، دۆڵی مەلەکان، سۆران، دۆڵی وەرتێ، دۆڵی خانەقا، خەتێ، چۆمان، دێگەڵە، دۆڵی سماقولی، کۆیە، دەشتی کۆیە، هیزۆپ، چوارقورنە، رانیە، قەڵادزێ و چیای قەندیل)، کە بە زۆری ئەو گوندانەی گرتەوە: (ئاشگە، ئاکۆیان، ئاڵانە، ئاقوبان، ئەسپیندارە، ئەشکەفتە، بالوکاوە (بەلاروکاوە)، بالیسان، بلەی خواروو، بلەی سەروو، بناوێ، بۆتێ، بەرگرتک، بیرێژی، بێراوە، بێرۆ (بێروێ)، پشت ئاشان، تاراوە، تووتمە، حاجی ئەحمەد، جاوەڵ، جۆلەمێرگی خواروو، جۆلەمێرگی سەروو، چیوەی خواروو، چیوەی سەروو، چۆلیاوە، خەزنە، خەلەکان، خۆران، درەبی، دەراش، دەربەندی گۆمەسپان، دەرگەڵە، رماوێژ، زورگان، زیارەت، زیخان،

زینی گەلی، زێبارۆک، زێوە، سارتکە، ساوسێوکە، سەران، سەرکانی، سەرنووس، سکتان، سماقولی سەروچاوە، سماقولی گرتک، سولاوک، سیساوە، شەرکان، شیرێ، شێخ مەمودیان، شێخان، شێخ وەسانان، عەلیاوە، کانی بەرد، کاموسەک، کلێتە، کۆمتان، کێشکە، کێلکێل، گرِاو، گەرەوانی خواروو، گەرەوانی سەروو، گەلیاوە، گولان، گۆچاڵ، گۆڕەشێری خواروو، گۆڕەشێری سەروو، گۆمەسپان، قەلات، قەلاسنجی بچووک، قەلاسنجی گەورە، قرِناقە، قیرِێژە، فەقێیان، مەلەکان، مێرگەسەر، نازەنین، هەرتەل، هەرووتە کۆن، هەنارە، هیران، وەرتێ، وەرێ، ونکە).

هەندێک لە هێزەکانی میلیشیا درِندەکانی سەدام حوسێن بەمشێوەیە هێرشیان کرد:

قۆڵی یەکەم: بەرەو گوندی گەرەوان و بە هیوای کۆنترۆڵکردنی کێلکێل، گەرەوانی خواروو، گەرەوانی سەروو، بەرزاییەکانی کارۆخ و هندرێن.

قۆڵی دووەم: لە هەڵەموونده‌وە بەرەو گوندەکانی: جاوەڵ، درِەبی، دەرگەڵە، سەری ئەحمەدە، زینی گەلی، گەرۆتە و وەرتێ.

قۆڵی سێیەم: لە سەروچاوە، بەنی هەریر و خەلیفانەوە رووەو دۆڵی بالیسان و ئالانە.

شەرِی خواکورک کە لە رێکەوتی (19.7.1988)دا بۆ سەر بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی پێکردو نزیکەی ماوەی مانگ و نیوێکی پێچوو، بەشێک بوو لە هێرشەکانی ئەنفالەکانی پێنج، شەش و حەوت. رۆژێک بەر لە دەستپێکردنی ئەو قۆناغەی ئەنفال واتە رۆژی (14.5.1988)، سەربازەکانی فەرماندەیی هێزەکانی پارێزگاری نەوتی ناسراو بە (قيادة قوات العابد – الحرس الجمهوري)، کە فەرماندەکەی (عەمیدی روکنی هێزەکانی تایبەت بارەق عەبدوڵڵا حاج ئەلحنتەو جێگرەکانی بریتیبوون لە (عەقید روکن فوئاد حوسێن عەلی)و (موقەدەم هاشم کامل مەحمود و ئەفسەری هەواڵگری هێزەکانی پارێزگاری نەوت عەمید خزەیر عەتیە زەهبان، کە رۆڵێکی یەجگار زۆر درِندانانە، نامرۆڤانەو شۆڤینییانەیان بینی لە رەشبگیرییەکەی ناو شاری کۆیە – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل108). ئەم قۆناغەی ئەنفال بە بەشداری ئەو هێزانەی خوارەوە بوو: (تیپی پیادەی ئالی (1)ی ناسراو بە (هێزەکانی ئەبوعوبەیدە)ی سەربە فەیلەقی پێنج، کە فەرماندەی تیپەکە عەمیدی روکن رافع حەمدون زەنون و عەمیدی روکن سامر سوڵتان ئەحمەد بووینە. تیپی پیادەی (4) ناسراو بە (هێزەکانی

قەعقاع)ی سەربە فەیلەقی پێنج، بە سەرپەرشتی فەرماندەی هێز عەمیدی روکن عیسمەت سابیر عومەر فەتحوڵڵا ئەلبەیاتی، فەرماندەیی تیپی پیادەی ئالی (5) ناسراو بە (هێزەکانی محەمەد قاسم)ی سەربە فەیلەقی یەک، تیپی پیادەی (7) ناسراو بە (هێزەکانی مەنسور)ی سەربە فەیلەقی پێنج، بە سەرپەرشتی عەمیدی روکن ئەمیر جاسم حەمۆ. تیپی پیادەی (16)ی ناسراو بە (هێزەکانی زولفەقار)ی سەربە فەیلەقی پێنج، کە فەرماندەکانی تیپی ناوبراو عەمیدی روکن شامل مەحمود محەمەد و عەمیدی روکن عەبد موتلەق ئەلجبوری بووینە. تیپی پیادەی (23)ی ناسراو بە هێزەکانی عەباس (قیادة قوات عباس)ی سەربە فەیلەقی پێنج، کە جێگری فەرماندەی ئەو تیپە عەمیدی روکن شامل مەحمود محەمەد بووە. تیپی پیادەی (24)ی ناسراو بە (هێزەکانی موعتەسەم)ی سەربە فەیلەقی پێنج، کە فەرماندەکەی لیوا روکن عەبد عۆن نوعمە نسور بووە، کە پەلاماری گوندەکانی باکووری قەڵادزێ و گوندەکانی حەوزی زێی بچووکیاندا. شانبەشانی تیپی (24)ی هێزەکانی موعتەسەم فەوجی (5)ی جاشە سووکەکان بە فەرماندەیی (ئەسعەد جهانگیر ئاغای هەرکی) بەرەو دۆڵی وەرتێ، دوڵی مەلەکان و دوڵی بالیسان. هەروەها هەریەک لە لیواکانی (19، 91، 452)ی سەربە فەرماندەیی تیپی (37)ی ناسراو بە (هێزەکانی ئەجنادین)ی سەربە فەیلەقی یەک، کە فەرماندەی تیپەکەی عەمیدی روکن ئیبراهیم خەلیل ئیبراهیم و فەرماندەی لیوای (19)ی سەر بەو تیپە عەقیدی پیادە فەوزی جەواد هادی بووە. فەرماندەیی هێزەکانی (45)ی سەربە فەیلەقی پێنج، کە فەرماندەی ئەو تیپە عەمید روکن سەباح ئیسماعیل فەرحان تکریتی و عەمیدی روکن عامر ئەلزوبێدی بووینە، کە لە رواندزەوە بەرەو گوندەکانی دۆڵی ئاکۆیان، فەقێیان‌و سەران هێرشیان کردووە. ئەوەی پێویستە بگوترێ ئەوەیە کە عەمید روکن عامر ئەلزوبێدی، بەتایبەتی لەکاتی رەشبگیریەکەی شارۆچکەی رواندز لە رێکەوتی (15.6.1988)دا، کە لەو رۆژەدا دەستکرا بە دەستگیرکردنی تەواوی خەڵکی گوندەکانی دەوروبەر کە پەنایان هێنابوو بۆ شارۆچکەی رەواندز، رۆلێکی یەجگار خراپی گێڕا.

فەرماندەی هێزەکانی (46)، بە سەرپەرشتی عەمیدی روکن عەلی ئەحمەد محەمەد سالح، هێزی گەڕۆکی سەربە تیپی (2)ی ناسراو بە (هێزەکانی خالید بن وەلید)ی سەربە فەیلەقی یەک، کە فەرماندەی تیپەکە عەمیدی روکن عەبدولمەجید عەباس

وهەیب بووە. لیوای (119)ی سەربە تیپی (27)ی ناسراو بە (هێزەکانی سدیق)ی سەربە فەیلەقی یەک، کە فەرماندەی تیپەکە عەمید روکن سەباح نوری عەلوان ئەلعجیلی بووە. لیوای (66)ی هێزی تایبەتی سەربە سەرکردایەتی گشتیی هێزی چەکدار، کە فەرماندەکەی عەمید روکن جەعفەر سادق بووە. لیوای کۆماندۆی یەکی سەربە فەیلەقی پێنج. تیپی پیادەی (36)ی سەربە فەیلەقی پێنج، کە فەرماندەکەی لیوا روکن عوسام مەحمود و جێگرەکەی عەمید روکن محەمەد مستەفا بووە. تیپی پیادەی (40)، بە سەرکردایەتی عەمید روکنی هێزی تایبەت دورەید مستەفا شاکر و جێگرەکەی موقەدەم عەلی موتلەق موسا، هەروەها هەرسێ لیوای ئەو تیپە لە ئەنفالی پێنجەمدا بەشداریان کردووە کە بریتیبوون لەو لیوایانە: (لیوای (76)، بە سەرکردایەتی عەقید عەلی شاکر رەزا، لیوای (82)، بە سەرکردایەتی عەقید ئەفریم خدر داودو لیوای (98)، بە سەرپەرشتی نەقیب محەمەد رەزا جەواد. لیوای (116)ی سەربە تیپی (7)ی هێزەکانی مەنسوری فەیلەقی پێنج. لیواکانی (420، 434، 702). فەوجەکانی کۆماندۆی (1، 2)ی سەربە تیپی (2)ی هێزەکانی خالید بن وەلیدی فەیلەقی یەک. فەوجی کۆماندۆی یەکی سەربە فەیلەقی یەک، فەوجی پیادەی (26)، لیوای زرێپۆشی (80)، کەتیبەی تانکەکانی (7)ی نیسان، کە سەر بە لیوای (4)ی تیپی (2)ی (هێزەکانی خالید بن وەلید)ی سەربە فەیلەقی یەک بوو. فەرماندەی کەرتی سەربازی شەقڵاوە - سەڵاحەددین، بە سەرپەرشتی فەرماندەی کەرتەکە عەقید ئوسامە ئیسماعیل عەبدوڵڵا. هەروەها کەتیبەی تانکەکانی ئەحفادی کەڕاڕ، تواناکانی ئەندازیاری راسپێردراو بە کاولکردنی گوندەکان، هێزی ئاسمانی، دەستەی کیمیاوی، دەستەی چەکی تایبەت (العتاد الخاص)و یەکەکانی هەواڵگری سەربازی. لەگەڵ فەوجەکانی سەربە فەرماندەیی جەحافیلی پێنجی جاشە سووکەکان بە (22) فەوج بە سەرپەرشتی فەرماندەی جەحفەلی پێنج (عەقید کەریم مەحمود خەڵەف) بەشداریان کردووەو نەقیب عەلی حەمادی حەماد، بەرپرسی هەواڵگری شەقڵاوە سەرپەرشتی هەندێک مەفرەزەی تایبەتی کردووە). بەگوێرەی نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی گشتیی بۆ سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا سەبارەت بە شاڵاوی ئەنفالی پێنج بە ژمارە (م5/ش3/ق11325/2)ی رێکەوتی (10.6.1988)دا، کە هەریەک لە تیپەکانی (23، 24، فەرماندەیی هێزەکانی چل و پێنج، فەرماندەیی هێزەکانی جەحفەلی پارێزگاری نیشتمانیی پێنج) بەشدار بووینە -

سەرچاوە: (سەرچاوەی یەکەم، بەشی بیست و دوو، ل5136). عەمید روکن غانم سالح حەسەن رەبیع ئەلغەراوی فەرماندەی جەحفەلی پێنجی سووکی بەناو پارێزگاری نیشتمانیی (جاشە سووکەکان) بووە.

سەبارەت بە بەشداریکردنی جاشە سووکە کوردەکان لەو ئەنفالەدا ، نووسراوی ژمارە (ش3/ق11365/3)ی رێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور بۆ هۆبەی سێی هەواڵگری سەربازی گشتیی بە رێکەوتی (28.6.1988)، کە دەکاتە ئەنفالی پێنج، شەش و حەوت، ئاماژەی بەوەکردووە کە لە رێکەوتی (21.6.1988)دا هێزێک بە فەرماندەیی هێزەکانی دوو کە پێکهاتبوو لە (سریەکی تانک، سریەکی زرێپۆش، سریەکی کۆماندۆی سەربە بارەگای فەیلەقی یەک، سریەی مورەتەبی/6، جاشە سووکەکانی (85)ی قاسم فارس تاهیر مستەفا ئاغای کۆیە، فەوجی (90)ی ئەحمەد کوێخا رەجەب شوانی، فەوجی (92)ی بورهان محەمەد مستەفا شوانی، فەوجی (93)ی عەلی ئەحمەد شەعبان، فەوجی (135)ی شێخ جەلال شێخ نەجمەدین شێخ کەریم ساڵەیی، فەوجی (138)ی شێخ روناک ئیبراهیم مەدحەت داودی، فەوجی (162)ی ساڵح ئەحمەد حوسێن گەلاڵی، فەوجی (210)ی خدر عەبدوڵڵا حوسێن قامیشی، فەوجی (241)ی سەلاحەدین خدر رەسوڵ نەقشبەندی، فەوجی (261)و شەڕکەرەکانی محەمەد سادق شوانی)، هێرشیان کردۆتە سەر گوندەکانی (ئاوماڵ، ئۆمەر مەندان، بەردەسپی، بەرەکە، پڵینگە، سێکانی، سێگردکان، شەیتان رەحمان، کانی لەلە، قەمبەر) و هەموویان رماندن، هەروەها پەلاماری ناو شاری کۆیەشیان داوە – (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕە 5144). بەگوێرەی نووسراوی (رێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور) بۆ بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی گشتیی، ژمارە (ش3/ق1041/2)، رێکەوتی (2.6.1988)دا فەوجی (20)ی سەربە راوێژکار ئیبراهیم عەلی حاجی مەلۆ مزوری، فەوجی (34)ی سەعید ئەسعەد ئاغای شێتنە و فەوجی (40)ی کەریم خان مەحمود خەلیفە برادۆستی، بەشداری ئەنفالی پێنجیان کردووە – سەرچاوە: (بەشی بیست و یەکی سێ دێی پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال، ل5014). عەقید خالید عەبدولڕەحمان بەکوع، فەرماندەی کەرتی سەدیقی سەربازی، سەرپەرشتی رەتڵی یەکەمی قۆڵی هەرموش چیای کۆرەکی کردووە. بەڕێوەبەری ئەمنی شەقڵاوە، عەقید تەحسین خەلیل نەقشبەندی، سەرپەرشتی رەتڵی سێی قۆڵی کاولۆکان و زنجیرە چیای هندرێنی

کردووە. نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی گشتیی بۆ سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای ئێراق، ژمارە (م5/ش3/ق11325/2)ی ڕێکەوتی (10.6.1988)، سەبارەت بە ئەنفالی پێنج، بەشداریکردنی هەریەک لە تیپەکانی (23، 24، فەرماندەیی هێزەکانی چل و پێنج و فەرماندەیی هێزەکانی جەحفەلی پارێزگاری نیشتمانیی پێنج)ی پشتڕاست کردۆتەوە - (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕە 5136). سەبارەت بە بەشداری فەوجی جاشەکان، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، لە لاپەڕەکانی (166-167)ی پەرتووکی (ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق)دا ناوی (22) فەوجی بردووە، کە بریتین لە: (فەوجی (42)ی سەربە تاهیر حوسێن سەید محەمەد جەباری (سەید تاهیری گەورە)، فەوجی (46)ی سەربە موشیر ئیبراهیم ئەحمەد ئاغای سەرگەڕان، فەوجی (69)ی سەربە مەحمود حەمەئەمین حەمە ساڵح (ساڵح حەمە) گوڵێ، فەوجی (79)ی سەربە جەلال ئەسعەد ڕەزا چەرمەگایی، فەوجی (83)ی سەربە هەڵگورد شێخ عەبدولکەریم کەسنەزانی، فەوجی (91)ی سەربە عەباس بایز باڵو ئاغا، فەوجی (102)ی سەربە ئیبراهیم نەسرەددین شێخ عەزیز بەرزنجی، فەوجی (104)ی سەربە عومەر حەمە عەلی ڕۆستەم چەرمەگایی، فەوجی (124)ی سەربە عەبدولڕەحیم محەمەد ڕەمەزان ئیمامی، فەوجی (126)ی سەربە شەریف مەحمود مەعروف کوڕەداوێ، فەوجی (137)ی سەربە مەحمود سەید گوڵ کارێزەیی، فەوجی (140)ی سەربە هۆمەر ئەحمەد ئاغای پشدەری، فەوجی (175)ی سەربە حوسێن محەمەد عوسمان پشدەری، فەوجی (181)ی سەربە فارس محەمەد قادر عەزیز ئاغای سوورچی، فەوجی (204)ی سەربە محەمەد هەمزە محەمەد ژاژڵەیی ، فەوجی (212)ی سەربە عەدنان عەبدوڵڵا نەجم جاف (عەدنان دیسکۆ)، فەوجی (214)ی سەربە عومەر مەحمود محەمەد مامۆیی، فەوجی (238)ی سەربە بوڕهان تۆفیق بابەکر هەورامی، (241)ی سەربە سەڵاحەدین خدر ڕەسوڵ نەقشبەندی، فەوجی (249)ی سەربە عەلی زۆراب ڕەزا مەحمود عەزیزی، فەوجی (259)ی سەربە سەباح شێخ عەبدولکەریم بەرزنجی، فەوجی (318)ی سەربە حەمەئەمین تەها ڕەسوڵ سوورچی). تەحسین محەمەد ڕەشید زەنگەنە سەرۆک جاشی فەوجی (179)ی جاشە سووکەکان، بەشداری ئەنفالی پێنج و شەشی کردووە - سەرچاوە: (ڕۆژنامەی هاوکاری کە کۆپییەکەی لامە، بەڵام بەداخەوە ژمارەکەی دیار نییە).

هەر لە یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی ئەم قۆناغەی ئەنفالدا، هێزە دڕندەکەی ئاسمانی ئێراق، واتە لە ڕێکەوتی (15.5.1988)دا بە چەکی کیمیاوی پەلاماری گوندی (وەرێ)ی دۆڵی باليسان-یان داو، بیست و دوو کەس لەو پەلامارەدا شەهیدبوون. بەگوێرەی نووسراوی ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی خۆرهەڵاتی بنکە لە کەرکوک، ژمارە (ش3/ق14127/3)ی ڕێکەوتی (17.8.1988)دا بۆ هەواڵگری گشتیی (ش3)، کە تیایدا هاتووە: لە ڕێکەوتی (31.7.1988)دا هێزەکانمان بە تەقەمەنی تایبەتی لە ناوچەی باليسان-یان دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی یەکەم، بەشی بیست و دوو، ل5173-5174).

Fifth, Sixth, and Seventh Anfals: 15 May - 26 August 1988



شاڵاوی ئەنفالی هەشتەم و هێزە بەشداربووەکان:

ئەنفالی هەشت یاخود دوا قۆناغی ئەنفال لە (25.8.1988)دا بو سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان (ناوچەی بادینان) دەستیپێکردو لە ڕۆژی (6.9.1988)دا کۆتایی هات. ئەنفالی هەشتەم یان کۆتایی ئەنفالەکان بە سەرکردایەتی لیوا روکن یونس محەمەد ئالزەڕب فەرماندەی فەیلەقی پێنج، لیوا روکن سوڵتان هاشم ئەحمەد فەرماندەی فەیلەقی یەک، لیوا روکن کامل ساجت عەزیز ئەلجەنابی فەرماندەی فەیلەقی دوو، هەروەها بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی فەریق یەکەمی روکن عەدنان خەیرۆڵڵا تولفاح وەزیری بەرگری، عەلی حەسەن مەجید تکریتی، بەرپرسی بیرۆی باکووری حیزبی بەعس، فەریقی روکن نزار عەبدولکەریم فەیسەل ئەلخەزرەجی سەرۆک ئەرکانی سوپا، فەریق حوسێن ڕەشید محەمەد عەرەب تکریتی یارمەتیدەری سەرۆکی سوپا بۆ کاروباری ئۆپراسیۆنەکان، لیوا روکن سابیر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی سەربازی، عەقید روکن فەرحان موتلەگ ساڵح خەڵەف ئەلجبوری بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری گشتیی سەربازی ڕۆژهەڵات و هەریەک لە عەمید روکن خالید محەمەد عەباس عەلی ئەلجبوری و عەقید روکن وەلید نایف شبیب، کە لە ساڵی (1988)دا یەک لەدوای یەک بۆ ماوەیەک بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور (مدیر منظومة إستخبارات المنطقة الشمالية) بووینە، جێبەجێکرا. ئەو ئەنفالە تایبەت بوو بە سنووری بادینان و لە هەردوو پارێزگای دهۆک و موسڵ ئەنجام دراو، تێکڕا (448) گوندی کوردستان خاپورکران و (13.361) هاووڵاتی کورد لەو شاڵاوەی ئەنفالدا دەستگیرکراون – (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و سێ، ل5366)، گیراوەکان ڕەوانەی قەڵای (نزارکێ)ی خۆرهەڵاتی شاری دهۆک کران، کە دواتر هەموویان لەنێو بردران، کە تێکەڵ بووینە لە (737+803) پێشمەرگەی گیراو و ئەوانەی خۆیان ڕادەستی دوژمن کردۆتەوە، (1489) هاووڵاتی پیاو ، (3368) ژن و (6964) منداڵ.

سنووری ئەنفالی هەشت دهۆک، موسڵ، ئامێدی، ئەتروش، ئیمینکێ، باتوفە، زاخۆ، زاوێتە، زێوە، دێرەلوک و کانی ماسی گرتەوە، ئەو گوندو ناوچانەی کە لەو ئەنفالەدا کاول کران بریتیبوون لە: (ئاتوش، ئارتیش، ئاسیها، ئاشاوا، ئاڤۆکی، ئاکوڤێ،

ئەزدورە، ئوزمانا، ئێکماڵە خاپور، ئەسپیندار، بابیرێ، باتوڤە، باتیڤا، بادرەش، بازێ، بارزان، باشێ، باگولاتکێ، باگێرا، بانکا، بانی، باوان، بلمباسێ، بلیجانکێ، باڤا، بالوکا، باوەرکا کەڤرێ، باوەرکا ژووری، بەربانگ، بەرچی، بەرزیرک، بەروشکا، بەرواری باڵا، بەری بەهار، بەلیتێ، بەندا، بوتیا، بیبوو، برجینی، بی بادی، بیباڤا، بیرەباری، بیلیجانە، بێرسڤێ، بێسفکێ، بێسرێ، بێگوڤە، پرێسە، پیروزانا، تاژیکا، تاڵاوە، توشک، تویشەمبیکێ، تویکا، تۆتازە، تێلاکرۆ، جەزگیرا، چەقەلا، چەمانکێ، چەم چالێ، چەم رەبەتکێ، چەم شرتێ، چیا رەشک، خانکێ، خەرابیا، داکان، درگنی، دەرکار عەجەم، دەرگەلا شێخا، دوغات، دینارتە، دێرکە، دێرەلوک، راسلەینێ، ردێنیا، رەزیکێ، رەشاوا، رویسێ، رۆدینا، رۆز، زاوێتە، زیناڤا، زێوکا، زێوە، زێوەشکان، سارکێ، سپێدە، سپنداری، سپیندارۆک، سپێیر، سگێرێ، سەرداڤ، سەرسەنگ، سەرقەڵا، سەرکول، سەرگە، سەرنی، سەیدان، سواری، سوراڤا، سیتە، سیریێ، سێدەرە، شاوریک، شکاڤ، شەمدینان، شیڤیێ، شێرانە، ڤەجنقین، کاروکی، کانی باسکا، کانی بەلاڤ، کانی سارد، کانی سپی، کانیامالا، کانی مازە، کانێ، کەرو، کەڤنە مژی، کوانێ، کوریمێ (لەو گوندەدا هێزەکانی بەعسی سەدامی لە رێکەوتی (28.8.1988)دا (33) هاوولاتی بێتاوانی ئەو گوندەیان گرت و گوللە بارانیان کردن، کە (27)یان گیانیان لە دەستداو (6)یشیان بە بریندار ی زرگاریان ببو، دوای ئەوەی چەکدارەکانی بەعس وایان زانیبوو کە هەموویان مردوون و جێیان هێشتبوون، بەڵام یەک لە رزگاربووەکان دواتر دیار نەما پێدەچێت هێزەکانی بەعس گرتبێتیان و کوشتبێتیان. ئەو هێزەی کە ئەو کوشتارەی گوندی کوریمێی ئەنجامداوە، لیوای (435)ی پیادەی ژێر سەرپەرشتی تیپی (29)ی سەربە فەیلەقی سێ بووە، کە فەرماندەی تیپی ناوبراو عەمیدی روکن عەبدولجەلیل عەبدولحەمید موحسین ئەلحەیدەری بووە – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، ل5336)، کوفک، کوڤلینکێ، گاڤارکە، گرکا، گەڕناسکێ (گلناسکێ)، گەرگاش، گەرەگو، گەڤرێ، گولێ، گویزێ، گوندک، گوند کوسە، گیزێ، قەدش، لۆمانا، مانگێش، مژێ، میرگەتوی، مەرگەشیش، میسکا، مێرستەکا، مێرگێتی، مێروکێ، نێروە، هەمزیکی، هۆمەر ئاغا، هیزاوە، هێتوت، هێسێ، وەرمێلێ، وەرخەل، وەرگەتوو). بەگوێرەی بەڵگەنامەکان هێزی میلیشیای بەناو سوپای سەربە فەیلەقەکانی (1، 2، 3، 4، 5، 6، 7) بەشداری ئەنفالی هەشتەمیان کردووە، کە تێکڕای ژمارەی تیپە بەشدار بووەکان (20) تیپ

دەبوون، بەڵام نزیکەی نیوەیان رۆڵی سەرەکی جەنگ و هێرش بردنیان بینیوە، لەگەڵ بەشداری (30) کەتیبەی تۆپهاوێژی (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و سێ، ل5314)، کە تێکڕای ژمارەی سەربازانی بەشداربوو لەو شاڵاوەدا نزیکەی (250) هەزار سەرباز دەبوون. سەبارەت بە بەشداریکردنی جاشی کورد، سەد و شەست و سێ فەوجی جاشە سووکەکان بەشداری ئەنفالی هەشتیان کردووە – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228)، کە ناوی هەر هەموویان لەو نۆ لاپەڕەیەدا نووسراوە). ئەو هێزو تیپانەی کە بەشداری ئەو ئەنفالەیان کردووەو بۆ ئێمە ناسراون، بریتیین لە: (تیپی پیادەی دوو کە دەکاتە (هێزەکانی خالید بن وەلیدی سەربە فەیلەقی یەک، فەرماندەی ئەو تیپە عەمیدی روکن عەبدولمەجید عەباس وهەیب بووە). هێزەکانی تیپی پیادەی (4) کە دەکاتە (هێزەکانی قەعقاعی سەربە فەیلەقی پێنج، فەرماندەی تیپی چوار عەمیدی روکن عیسمەت سابیر عومەر فەتحوڵڵا ئەلبەیاتی بووە)، تیپی ناوبراو سەرپەرشتی ئەو هێزانەی کردووە: (لیواکانی پیادەی (29، 93، 120، 418، 436، 605)، کەتیبەی تانکەکانی (42)ی سەربە لیوای زرێپۆشی (80)، سریەی پیادەی ئالی سەربە لیوای زرێپۆشی (80)، بیست و یەک فەوجی جاشە سووکەکان، کەتیبەکانی تۆپهاوێژی (82، 662)، کەتیبەکانی م. مت – تۆپهاوێژی نێوەنجی – (249، 669)، بەتەریەی سووکەکانی (8، 181، 665)، بەتەریەی هەواڵگری (2)، بارەگای کەتیبەی هەواڵگری (974) لەگەڵ بەتەریەی یەک، دوو فەوجی زرێپۆشی سەربە کەتیبەی تانکەکانی وەلید، بارەگای کەتیبەی ئەندازیاری گۆڕەپانی (8) لەگەڵ سریەکی تر، سریەی یەکی کەتیبەی ئەندازیاری سەربە فەیلەقی دوو، رەعیلێکی رادار و دە بەلەم). تیپی پیادەی (7)ی ناسراو بە (هێزەکانی مەنسور)ی سەربە فەیلەقی پێنج، فەرماندەکەی عەمیدی روکن ئەمیر جاسم حەمۆ بووەو، سەرپەرشتی ئەو هێزانەی کردووە: (لیواکانی پیادەی (2، 72، 509، 606)، لیوای کۆماندۆی یەکی سەربە فەیلەقی یەکی تایبەت (عەقید روکن خالید بەهلول ئەللوعەیبی)، سریەی پیادەی ئالی سەربە لیوای زرێپۆشی (80)، بیست و شەش فەوجی جاشە سووکەکان، کەتیبەی تۆپهاوێژی (47)، کەتیبەکانی تۆپهاوێژی نێوەنجی (216، 661)، بەتەریە سووکەکانی (22، 603، 663)، بەتەریەی هەواڵگری (9)، بەتەریەی دووی کەتیبەی هەواڵگری (974)، بارەگای کەتیبەی زرێپۆشی وەلید لەگەڵ

سریەیەک، سریەی ئەندازیاری گۆڕەپانی (2)ی سەربە کەتیبەی ئەندازیاری گۆڕەپانی (18)، سریەی سێی سەربە کەتیبەی ئەندازیاری گۆڕەپانی (20) و رەعیلێکی راداری سەربە فەیلەقی یەکی تایبەت). تیپی (21)ی پیادەی سەربە فەیلەقی دوو، کە فەرماندەی تیپی ناوبراو عەقید عەبدولئیلا حامد ئەلعەناز موسڵاوی بووە. تیپی (23)ی ناسراو بە (هێزەکانی عەباس)ی سەربە فەیلەقی پێنج، جێگری فەرماندەی تیپەکە عەمیدی روکن شامل مەحمود محەمەد بووە. تیپی (24)ی ناسراو بە (هێزەکانی موعتەسەم)ی سەربە فەیلەقی پێنج، فەرماندەی تیپەکە لیوا روکن عەبد عۆن نوعمە نسور بووە. تیپی (26)ی پیادە، ناسراو بە هێزەکانی یاسر بن عەمار (قیادة قوات یاسر بن عمار)ی سەربە فەیلەقی حەوت، کە فەرماندەکەی عەمید روکن ئەمجەد رەشاد چیاد بووە، سەرپەرشتی ئەو هێزانەی کردووە: (لیواکانی پیادەی (84، 238، 435)، کەتیبەیەکی تانکی سەربە لیوای زرێپۆشی (80)، بارەگا لەگەڵ سریەکی سەربە کەتیبەی زرێپۆشی قودس (کە سەربە هێزی تایبەتی بارەگاکانی فەیلەقی چوار بووە)، یازدە فەوجی جاشە سووکەکان و کەتیبەکانی تۆپهاوێژی (1+61)ی مەیدان). فەرماندەی لیوای (435) موقەدەم روکن رەشید سنجار ئەزلام عۆدە ئەلجبوری بووە، کە ئەو لیوایە سەربە تیپی پیادەی (20)ی سەربە فەیلەقی چوار بووە. تیپی (28)ی سەربە فەیلەقی یەک، کە فەرماندەی تیپی ناوبراو لیوا روکن ئەحمەد حەسەن ئەلعوبەیدی بووە. هێزەکانی سەربە تیپی (29)ی پیادەی سەربە فەیلەقی سێ، کە فەرماندەی تیپی ناوبراو عەمید روکن عەبدولجەلیل عەبدولحەمید موحسین ئەلحەیدەری، کە بریتیبوون: (لە لیواکانی پیادەی (84، 238، 435)، کەتیبەی تانکەکانی لیوای زرێپۆشی (80)، کەتیبەی پیادەی ئالی سەربە لیوای کۆماندۆی (80)، سریەکی کەتیبەی زرێپۆشی قودس (کە سەربە هێزی تایبەتی بارەگاکانی فەیلەقی چوار بووە)، شازدە فەوجی جاشە سووکەکان، کەتیبەکانی تۆپهاوێژی (1+64)، کەتیبەی تۆپهاوێژی نێوەنجی (736)، بەتەریە سووکەکانی (5+15)، بەتەریەی هەواڵگری (787)، بەتەریەی دووی کەتیبەی هەواڵگری (1380)، سریەی ئەندازیاری گۆڕەپانی (3)، کەتیبەی ئەندازیاری گۆڕەپانی (18)، سریەکی ئەندازیاری گۆڕەپانی (3)، کەتیبەی ئەندازیاری گۆڕەپان (8) و (20) بەلەم)، هەروەکو باسکرا ئەو هێزانە بە سەرپەرشتی فەرماندەی تیپی بیست و نۆ عەمیدی روکن عەبدولجەلیل عەبدولحەمید موحسین ئەلحەیدەری بووە. تیپی پیادەی (30) بە

فەرماندەیی عەمیدی روکن نەبیل رەحمان ئەحمەد هاشم بووە، کە بەخۆیی و شەش لیوا بەشدار بووینە. تیپی (33)ی ناسراو بە (فەرماندەیی هێزەکانی بەدر)ی سەربە فەیلەقی پێنج، فەرماندەی تیپەکە عەمیدی روکن رەمزی مەحمود عەبدوڵڵا فەتحی ئەلقەیسی بووە. تیپی (35) و هێزەکانی سەربە تیپی پیادەی (35)، فەرماندەی تیپی ناوبراو لیوا روکن محەمەد تاهیر تۆفیق، کە سەرپەرشتی ئەو هێزانەی دەکرد: (لیواکانی پیادەی (79، 102، 118، 502، 846)، بیست و شەش فەوجی جاشە سووکەکان، کەتیبەکانی تۆپهاوێژی نێوەنجی (120+243)، کەتیبەی تۆپهاوێژی سەدام، بەتەریە سووکەکانی (4+6+657+688)، بەتەریەی سێی کەتیبەی هەواڵگری (628)، سریەکی پیادەی ئالی سەربە لیوای زرێپۆشی (51)، رەعیلێکی پرد دروستکردن، رەعیلێکی رادار و دە بەلەم). هێزەکانی (38)ی ناسراو بە (هێزەکانی عومەر بن عەبدولعەزیز)ی سەربە فەیلەقی یەک، فەرماندەی تیپەکە عەمیدی روکن عەبدولئەمیر عەلوان حوسێن بووە، کە سەرپەرشتی ئەو هێزانەی کردووە: (لیواکانی پیادەی (77، 417، 506) لەگەڵ لیوای کۆماندۆی دووی سەربە (فل5)، کەتیبەی تانکەکانی (46)، کەتیبەی زرێپۆشی حەتین، بیست فەوجی جاشە سووکەکان، کەتیبەکانی تۆپهاوێژی (18+38)، بارەگای کەتیبەی هەواڵگری ژمارە (928) لەگەڵ بەتەریەی یەک، بەتەریە سووکەکانی (495+658+646)، بەتەریەی هەواڵگری یەک و سریەکانی یەک و دووی سەربە کەتیبەی ئەندازیاری گۆڕەپانی فەیلەقی پێنج). رائید ئەحمەد حەسەن مستەفا، ئەفسەری هەواڵگری سەرکردایەتی تیپی پیادەی (38) کە دەکاتە (هێزەکانی عومەر بن عەبدولعەزیز)، لە گوندی (کەندک)دا نۆزدە هاووڵاتی بێتاوانی ئەو گوندەی گوللە باران کردووە - سەرچاوە: (ماڵپەڕی چاک نیوز: چاک چەند بەڵگەیەک لەسەر وەفیق سامەڕایی بڵاودەکاتەوە، کە لە رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی (28.5.2008)دا بڵاوکراوەتەوە). تیپی (39)ی ناسراو بە (هێزەکانی شەرحەبیل بن حەسنا)ی سەربە فەیلەقی یەک، کە فەرماندەی تیپەکە لیوا روکن عەلی محەمەد شەلال بووە. تیپی (40) بە فەرماندەیی عەمید روکنی هێزی تایبەت دورەید مستەفا شاکر و جێگرەکەی موقەدەم عەلی موتلەق موسا بووە. تیپی (41)ی ناسراو بە (هێزەکانی عەتەبە بن غەزوان)ی سەربە فەیلەقی سێ، فەرماندەی تیپی ناوبراو لیوا روکن حەمید شاکر مەحمود بووە، کە سەرپەرشتی ئەو هێزانەی کردووە: (لیواکانی پیادەی (103، 114، 706) لەگەڵ لیوایەکی کۆماندۆی یەکی

سەربە فەیلەقی (6)، پازدە فەوجی جاشە سووکەکان، کەتیبەی تۆپهاوێژی (241)، کەتیبەی تۆپهاوێژی نێوەنجی (783)، بەتەریە سووکەکانی (14+19+499+789)، بارەگای کەتیبەی هەواڵگری (140) لەگەڵ دوو بەتەریە، سریەکی تانکەکانی سەربە کەتیبەی تانکەکانی ئەحفاد کەڕاڕ، سریەکی زرێپۆشی سەربە کەتیبەی زرێپۆشی نوعمان، سریەی ئەندازیاری گۆڕەپانی یەک، کەتیبەی ئەندازیاری گۆڕەپان (م ع/2) و رەعیلێکی رادار). تیپی پیادەی (42)ی سەربە فەیلەقی یەک، فەرماندەی تیپی ناوبراو عەمیدی روکن ئەیاد شەعبان رەمزی بووە، کە سەرپەرشتی ئەو هێزانەی کردووە: (لیواکانی پیادەی (14، 42، 501، 503، 805)، کەتیبەیەکی تانکەکانی سەربە لیوای زرێپۆشی (51)، سریەکی پیادەی ئالی سەربە لیوای زرێپۆشی (51)، بیست و یەک فەوجی جاشە سووکەکان، کەتیبەی تۆپهاوێژی (83)، کەتیبەی تۆپهاوێژی نێوەنجی (762)، بەتەریە سووکەکانی (18+34)، بەتەریەی هەواڵگری (6+788)، بەتەریەی سێی سەربە کەتیبەی هەواڵگری (140)، سریەکی زرێپۆشی سەربە کەتیبەی زرێپۆشی نوعمان و کەتیبەی ئەندازیاری گۆڕەپانی (8) جگە لە سریەکی). تیپی (44)ی سەربە فەیلەقی یەک، فەرماندەی تیپەکە لیوا روکن غانم سوڵتان عەبدوڵڵا بووە. هێزەکانی فەرماندەیی تیپی (45)ی سەربە (فل5)، فەرماندەی تیپی ناوبراو عەمیدی روکن عامر ئەلزوبەیدی بوو، کە سەرپەرشتی ئەو هێزانەی کردووە: (لیواکانی پیادەی (420+702) لەگەڵ لیوای کۆماندۆی یەکی سەربە فەیلەقی (5)، دوازدە فەوجی جاشە سووکەکان، کەتیبەی تۆپهاوێژی گۆڕەپانی (948)، کەتیبەکانی تۆپهاوێژی نێوەنجی (638+678)، بەتەریە سووکەکانی (652+790)، بەتەریەی هەواڵگری تایبەتی (5)، سریەکی تانکی سەربە کەتیبەی تانکەکانی نەهاوەند (کە سەربە لیوای (432)ی تیپی (15)ی سەربە فەیلەقی دوو بووەو، فەرماندەکەی عەمیدی روکن عومران بووە)، کەتیبەکی زرێپۆشی تەیب، سریەکی ئەندازیاری گۆڕەپانی یەک، کەتیبەکی ئەندازیاری گۆڕەپانی (م ع/ 1)، سریەکی ئەندازیاری سەربە کەتیبەی ئەندازیاری گۆڕەپانی سەربە تیپی (33)، رەعیلێکی پرد دروستکردن، رەعیلێکی رادار و دە بەلەم). فەرماندەیی تیپی (46) بە سەرپەرشتی عەمیدی روکن عەلی ئەحمەد محەمەد ساڵح. تیپی (48)ی پیادە. لیوای کۆماندۆی یەکی سەربە فەیلەقی یەکی تایبەت. کەتیبەی تانکی (42) لە لیوای زرێپۆشی (80). کەتیبەی تانکەکانی لیوای زرێپۆشی (80). دەستەی پیادەی ئالی

لیوای زرێپۆشی (80). کەتیبەی زرێپۆشی (47). فەرماندەی فەرماندەیی فەیلەقی پێنج. هێزەکانی فەرماندەیی جەحافیلی بەناو پارێزگاری نیشتمانیی پێنجەم، بە فەرماندەیی عەمید روکن غانم سالح حەسەن رەبیع ئەلغەراوی، کە سەرپەرشتی ئەو هێزانەی کردووە: (لیواکانی پیادەی (419، 451، 701، 704)، چوارده فەوجی جاشە سووکەکان، کەتیبەیەکی تانکەکانی سەربە لیوای زرێپۆشی (51)، کەتیبەی تۆپهاوێژی (19) بە فەرماندەیی (موقەدەم سەحاب جدوع زیاب)، کەتیبەی تۆپهاوێژی نێوەنجی (51)، بەتەریەی سێی سەربە کەتیبەی تۆپهاوێژی نێوەنجی (764)، بەتەریە سووکەکانی (20+697+973)، بەتەریەی دووی کەتیبەی هەواڵگری (928)، بەتەریەی هەواڵگری (7)، کەتیبەی ئەندازیاری گۆڕەپانی (20) جگە لە سریەک، دوو سریەی زرێپۆشی سەربە کەتیبەی زرێپۆشی قودس(کە سەربە هێزی تایبەتی تیپی پارێزگاری بارەگاکانی فەیلەقی چوار بووە) و رەعیلێکی پرد دروستکردن). کەتیبەیەکی پیادەی ئالی سەربە لیوای زرێپۆشی (80). کەتیبەیەکی تانکی سەربە لیوای زرێپۆشی (80). کەتیبەیەکی لیوای زرێپۆشی حەتین (الحطین). کەتیبەیەکی تانکەکانی (46). کەتیبەیەک لە کەتیبەی تانکەکانی لیوای زرێپۆشی (51). دەستەیەکی ئالی پیادەی سەربە لیوای زرێپۆشی (51)و نزیکەی (100) کەتیبەی تانک، یەکەکانی تۆپخانە، زرێپۆش، ئالی، پرد، ئەندازیاری، رادارو پشتیوانی جۆراوجۆر لە قۆناغی ئەنفالی هەشتەمدا بەشداربوون و ناوی عەقید عەبد خەڵەف محەمەد ناوێکیش هاتووە، وەکو بەشداریکەری ئەو ئەنفالە. لە بەرەبەیانی رۆژی (29.8.1988)دا شەش فڕۆکەی شەڕکەری سەربە هێزی ئاسمانی ئێراق، کەوتنە بۆردومانکردنی گەلی بازێ و (2.980) هاووڵاتی بێتاوانی ئەو دەڤەرەیان شەهیدکرد – سەرچاوە: (دکتۆر مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر رۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، ل45). هەروەکو لە سەرەوەدا ئاماژەی پێکرا کە سەد و شەست و سێ فەوجی جاشە سووکەکان بەشداری ئەو ئەنفالە بووینە و ناوی راوێژکارەکان هاتووە لە هێرشە درندەکەی میلیشیای سەدام بۆ سەر ناوچەکانی ئەنفالی هەشتەم، کە بریتین لەوانەی خوارەوەو هەر یەکەیان ژمارەی جاشی بەشدار لە بەرامبەر ناوەکەیدا دەنووسین: (قەدری ئەحمەد زێباری، سەرۆک جاشی فەوجی (1)، بە (3620) جاشەوە. سابیر ئەحمەد رەقیب محەمەد سوورچی، سەرۆک جاشی فەوجی (2)، بە (2500) جاشەوە. عوسمان میران قادر خۆشناو، سەرۆک جاشی

فەوجی (3)، بە (615) جاشەوە. ئەسعەد جهانگیر ئاغای هەرکی، سەرۆک جاشی فەوجی (5)، بە (1650) جاشەوە. حوسێن خدر حەمەد ئاغای سوورچی، سەرۆک جاشی فەوجی (6)، بە (2170) جاشەوە. محەمەد کەڵحێ رێکانی، سەرۆک جاشی فەوجی (7)، بە (610) جاشەوە. جەوهەر محێدین جهانگیر حاجی ئاغا هەرکی، سەرۆک جاشی فەوجی (8)، بە (1225) جاشەوە. حوسێن جهانگیر جادر مزوری، سەرۆک جاشی فەوجی (9)، بە (400) جاشەوە. بەهرام محەمەد عەبدولڕەحمان محەمەد، سەرۆک جاشی فەوجی (11)، بە (1050) جاشەوە. موشیر ئیسماعیل ئاغا بەڕۆژی، سەرۆک جاشی فەوجی (12)، بە (740) جاشەوە. محەمەد رەشید مەحمود جاف، سەرۆک جاشی فەوجی (13)، بە (360) جاشەوە. مەسعود کەبیر سوورچی مامۆیی، سەرۆک جاشی فەوجی (14)، بە (325) جاشەوە. عەبدولغەفور خالید دووبەردانی، سەرۆک جاشی فەوجی (15)، بە (615) جاشەوە. محەمەد سەلیم شوشی زێباری، سەرۆک جاشی فەوجی (17)، بە (475) جاشەوە. ساڵح محەمەد جەمیل ئاغا خۆشناو، سەرۆک جاشی فەوجی (18)، بە (350) جاشەوە. محەمەد قادر ئاغا سوورچی، سەرۆک جاشی فەوجی (19)، بە (1180) جاشەوە. ئیبراهیم عەلی حاجی مەلۆ مزوری، سەرۆک جاشی فەوجی (20)، بە (1125) جاشەوە. عاسف ئەحمەد ئاغای زێباری، سەرۆک جاشی فەوجی (23)، بە (860) جاشەوە. حکمەت نەجمان شەفیق، سەرۆک جاشی فەوجی (24)، بە (600) جاشەوە. لەزگین فەریق تاهیر دۆسکی، سەرۆک جاشی فەوجی (27)، بە (555) جاشەوە. عومەر حەسەن رەسوڵ گەردی، سەرۆک جاشی فەوجی (28)، بە (225) جاشەوە. جەمیل کەریم مەجید عەبدوڵڵا ئاغای کۆڕێ، سەرۆک جاشی فەوجی (29)، بە (870) جاشەوە. سەعید محێدین حەمید زەنگەنە (بەردەڕەشی)، سەرۆک جاشی فەوجی (30)، بە (1090) جاشەوە. ئیبراهیم ئەحمەد ئیبراهیم مەنتک، سەرۆک جاشی فەوجی (32)، بە (265) جاشەوە (ناوەکەی بە هەڵە نووسراوە (سابیر ئیبراهیم ئەحمەد)، پێموایە لەبەرئەوەی فەوجەکە هەر بەناوی سابیر مەنتکەوە بووە، بۆیە بەمشێوەیە ناوەکانیان تێکەڵ کردووە، ئەگینا لەپێش ئەنفالەکاندا سابیر مەنتک بەدەستی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شەڕێکدا کوژراو، ئیبراهیم مەنتکی برای بووە سەرۆک جاشی فەوجی ناوبراو). محەمەد سلێمان محەمەد سلێمان باڵەکی، سەرۆک جاشی فەوجی (33)، بە (850) جاشەوە. سادق زێڕۆ

ئەمین هەرکی، سەرۆک جاشی فەوجی (36)، بە (255) جاشەوە. فارس مستەفا حەسەن سلێڤانی، سەرۆک جاشی فەوجی (38)، بە (1110) جاشەوە. بایز جەمیل کاکل گەردی، سەرۆک جاشی فەوجی (39)، بە (765) جاشەوە. سەدیق عەلی باویل ئاغا، سەرۆک جاشی فەوجی (41)، بە (450) جاشەوە. مەحمود ئەسعەد فەتاح هەرکی، سەرۆک جاشی فەوجی (45)، بە (315) جاشەوە. موشیر هادی ئەحمەد ئاغای سەربەشاخ، سەرۆک جاشی فەوجی (48)، بە (235) جاشەوە. محەمەد مەعروف پیرداود، سەرۆک جاشی فەوجی (49)، بە (410) جاشەوە. عەبدولڕەزاق محەمەد نەجم، سەرۆک جاشی فەوجی (50)، بە (550) جاشەوە. مامەند حەمەد مەولود گەردی، سەرۆک جاشی فەوجی (51)، بە (1760) جاشەوە. ئەنوەر رەشید مەعروف میران، سەرۆک جاشی فەوجی (52)، بە (250) جاشەوە. سمکۆ عەبدی عەبد حەسەن زێدبەگی، سەرۆک جاشی فەوجی (54)، بە (215) جاشەوە. رەفعەت عەبدوڵڵا عومەر شێروانی، سەرۆک جاشی فەوجی (56)، بە (255) جاشەوە. چیای دێواڵی دۆسکی، سەرۆک جاشی فەوجی (58)، بە (425) جاشەوە. عەلی عەبوش عەبدی یوسف غەزالە سلێڤانی، سەرۆک جاشی فەوجی (59)، بە (75) جاشەوە. موعتەسەم عەبدولکەریم حوسێن بەرزنجی، سەرۆک جاشی فەوجی (64)، بە (525) جاشەوە. حکمەت عابد عەبدال مزوری، سەرۆک جاشی فەوجی (68)، بە (500) جاشەوە. ئەحمەد عومەر ساڵح تاجەدین میران ئاکرەیی، سەرۆک جاشی فەوجی (71)، بە (700) جاشەوە. فەرزەندە جهانگیر هەرکی، سەرۆک جاشی فەوجی (76)، بە (330) جاشەوە. عومەر خدر ئاغا حەمەد سوورچی، سەرۆک جاشی فەوجی (77)، بە (1195) جاشەوە. رەشید حەمەدئەمین عەزیز شێروانی، سەرۆک جاشی فەوجی (78)، بە (340) جاشەوە. خەلیل حاجی عەبدی سلێڤانی، سەرۆک جاشی فەوجی (87)، بە (560) جاشەوە. عەلی ئەحمەد حاجی شەعبان، سەرۆک جاشی فەوجی (93)، بە (275) جاشەوە. عەونی حاجی مستەفا جبرائیل، سەرۆک جاشی فەوجی (103)، بە (275) جاشەوە. ئیبراهیم شێخ محەمەد، سەرۆک جاشی فەوجی (105)، بە (450) جاشەوە. محەمەد تاهیر یونس محەمەد زیناوە شکاک، سەرۆک جاشی فەوجی (107)، بە (615) جاشەوە. محەمەد جەوهەر ئیسماعیل ساڵح گۆران، سەرۆک جاشی فەوجی (108)، بە (910) جاشەوە. خەلیل عەبدوڵڵا ئیبراهیم شەرەفانی، سەرۆک جاشی فەوجی (109)، بە (500) جاشەوە. جەمال خدر خالید

گۆران دووبەردانی، سەرۆک جاشی فەوجی (110)، بە (525) جاشەوە. بەدیع شێخ موراد حەسەن بەرزنجی، سەرۆک جاشی فەوجی (111)، بە (525) جاشەوە. تۆفیق سلێمان یاسین بەرواری (شکیرانی)، سەرۆک جاشی فەوجی (113)، بە (375) جاشەوە. قادر حامد هاجانی، جێگری سەرۆک جاشی فەوجی (114)، بە (440) جاشەوە. دێوالی میرزا عومەر ئەتروشی، سەرۆک جاشی فەوجی (127)، بە (280) جاشەوە. عەلی عەبدوڵڵا عەلی کۆچەر، سەرۆک جاشی فەوجی (128)، بە (210) جاشەوە. عەبدوڵڵا محەمەد ئەحمەد چۆمانی، سەرۆک جاشی فەوجی (129)، بە (365) جاشەوە. عەزیز حەمەد مەولود (مەلا عوزێر)، سەرۆک جاشی فەوجی (130)، بە (450) جاشەوە. فەخری ئیسماعیل عەبدولقادر ئاغا رەژیکەری، سەرۆک جاشی فەوجی (133)، بە (325) جاشەوە. حاج مەحمود محەمەدئەمین حەمە ساڵح سێبیرانی (مەحمود حەمەدئەمین حەمە ساڵح)، سەرۆک جاشی فەوجی (134)، بە (555) جاشەوە. عەبدوڵڵا عەزیز یوسف، سەرۆک جاشی فەوجی (141)، بە (615) جاشەوە. محەمەد ساڵح میرخان بەرواری، سەرۆک جاشی فەوجی (142)، بە (470) جاشەوە. جاسم محەمەد رەشید حەمەد سلێڤانی، جێگری سەرۆک جاشی فەوجی (143)، بە (255) جاشەوە. دژوار فەیسەڵ محەمەد عەبدولعەزیز مزوری، سەرۆک جاشی فەوجی (145)، بە (400) جاشەوە. تاهیر عەلی مستەفا زێدبەگی، سەرۆک جاشی فەوجی (146)، بە (450) جاشەوە. زاهیر تاهیر تۆفیق کۆیی، سەرۆک جاشی فەوجی (150)، بە (1000) جاشەوە. عومەر بەشار ساڵح ئاغا، سەرۆک جاشی فەوجی (152)، بە (600) جاشەوە. وەهاب رەحمان محەمەدئەمین زەنگەنە، سەرۆک جاشی فەوجی (153)، بە (325) جاشەوە. عەبدولقادر حاجی مەحمود، سەرۆک جاشی فەوجی (154)، بە (460) جاشەوە. موحسین محەمەد یاسین دۆسکی، سەرۆک جاشی فەوجی (155)، بە (225) جاشەوە. جەرجیس حەمید حەیدەر، سەرۆک جاشی فەوجی (156)، بە (160) جاشەوە. عیسمەت دینۆ سندی زاخۆیی، سەرۆک جاشی فەوجی (157)، بە (470) جاشەوە. محەمەد سەعید بەگ عەلی خورشید، سەرۆک جاشی فەوجی (159)، بە (170) جاشەوە. فەرحان ئەحمەد خدر خۆشناو، سەرۆک جاشی فەوجی (160)، بە (690) جاشەوە. (ناسر) محەمەد عیسا جاف، سەرۆک جاشی فەوجی (176)، بە (375) جاشەوە. تەحسین محەمەد رەشید زەنگەنە، سەرۆک جاشی فەوجی (179)، بە (225) جاشەوە.

(مەجید) حەمید نوری خورشید، سەرۆک جاشی فەوجی (180)، بە (250) جاشەوە. فارس محەمەد قادر ئاغا سوورچی، سەرۆک جاشی فەوجی (181)، بە (950) جاشەوە. عەبدولقادر مستەفا محەمەد مزوری، سەرۆک جاشی فەوجی (182)، بە (200) جاشەوە. عەبدولڕەحمان حەسەن (.....)، سەرۆک جاشی فەوجی (183)، بە (320) جاشەوە. فەهد (فوئاد) بێجان حەسەن کاکەیی، سەرۆک جاشی فەوجی (184)، بە (325) جاشەوە. سەلاحەدین سدیق میران قادر، سەرۆک جاشی فەوجی (185)، بە (220) جاشەوە. مەحمود سالح بابەکر، سەرۆک جاشی فەوجی (187)، بە (150) جاشەوە. عەونی حاجی قادر (قەدۆ)، سەرۆک جاشی فەوجی (189)، بە (1000) جاشەوە. موقەدەم تاریق سەعید ئیبراهیم مزوری، سەرۆک جاشی فەوجی (190)، بە (610) جاشەوە. ئیسماعیل عەبدوڵڵا ئەمین، سەرۆک جاشی فەوجی (191)، بە (150) جاشەوە. مەغدید حەمەد حەسەن، سەرۆک جاشی فەوجی (192)، بە (150) جاشەوە. عادل تۆفیق رەشید بەرواری، سەرۆک جاشی فەوجی (206)، بە (1150) جاشەوە. فازڵ مستەفا حەسەن بەرواری، سەرۆک جاشی فەوجی (208)، بە (340) جاشەوە. ئەنوەر میرزا ئیبراهیم گلی، سەرۆک جاشی فەوجی (209)، بە (170) جاشەوە. عارەب سالح عومەر قادر، سەرۆک جاشی فەوجی (218)، بە (125) جاشەوە. فەرید عومەر خدر سوورچی، سەرۆک جاشی فەوجی (219)، بە (380) جاشەوە. ئەکرەم کەریم مەجید ئاغای کۆڕێ، سەرۆک جاشی فەوجی (220)، بە (135) جاشەوە. مەحمود شێخ حەمەد محەمەدئەمین، سەرۆک جاشی فەوجی (221)، بە (75) جاشەوە. فەیسەڵ عەبدوڵڵا عەلی، سەرۆک جاشی فەوجی (222)، بە (185) جاشەوە. خالید عەبدولڕەحمان جومعە، سەرۆک جاشی فەوجی (223)، بە (395) جاشەوە. عەلی سلێمان حوسێن (عەلی کوێخا سلێمان حوسێن)، سەرۆک جاشی فەوجی (224)، بە (200) جاشەوە. جاسم محەمەد فارس محەمەد زێباری، سەرۆک جاشی فەوجی (225)، بە (570) جاشەوە. خالید شێخۆ موراد سندی، سەرۆک جاشی فەوجی (226)، بە (425) جاشەوە. رەشید سالح رەشید ئەتروشی، سەرۆک جاشی فەوجی (227)، بە (200) جاشەوە. ئەمین ئیسماعیل حەسەن، سەرۆک جاشی فەوجی (230)، بە (145) جاشەوە. بەشیر محەمەد عەبدوڵڵا قەرەداغی، سەرۆک جاشی فەوجی (231)، بە (75) جاشەوە. جەلال مەحمود سالح برادۆستی، سەرۆک جاشی فەوجی (232)، بە

(75) جاشەوە. ئەحمەد عوسمان حەمەد، سەرۆک جاشی فەوجی (234)، بە (75) جاشەوە. عەبدولمەجید حوسێن ئیسماعیل شێخکی، سەرۆک جاشی فەوجی (235)، بە (425) جاشەوە. محەمەد تاهیر رەشید حەمەدئەمین، سەرۆک جاشی فەوجی (254)، بە (185) جاشەوە. سالح ئەحمەد ئیسماعیل بەڕۆژی، سەرۆک جاشی فەوجی (255)، بە (400) جاشەوە، کە (13) جاشی کوژراوەو یەک بریندارو سێ جاشیشی بزرە - سەرچاوە: (سەرچاوەی یەک، بەشی بیست و سێ، ل5360). سالم مستەفا حەسەن، سەرۆک جاشی فەوجی (256)، بە (90) جاشەوە. سەدیق قاسم محەمەدئەمین، جێگری سەرۆک جاشی فەوجی (270)، بە (40) جاشەوە. خەلیل سلێمان حاجی بەدری سندی، سەرۆک جاشی فەوجی (271)، بە (260) جاشەوە. شوکر جوندی عەنتەر مزوری، سەرۆک جاشی فەوجی (272)، بە (350) جاشەوە. سەلیم شێخ عەبدولحەلیم شێخ حەسەن دۆسکی، سەرۆک جاشی فەوجی (273)، بە (160) جاشەوە. محەمەد عەبدی حاجی ئاغا، سەرۆک جاشی فەوجی (274)، بە (200) جاشەوە. ئیسماعیل دێوالی سەعید، سەرۆک جاشی فەوجی (275)، بە (170) جاشەوە. جەمال عوسمان قادر خۆشناو، سەرۆک جاشی فەوجی (276)، بە (80) جاشەوە. محەمەد جەلال رەسوڵ، سەرۆک جاشی فەوجی (277)، بە (150) جاشەوە. سەعید ئەسعەد موسا (عەوڵا)، سەرۆک جاشی فەوجی (280)، بە (215) جاشەوە. ئیسماعیل عومەر ئیسماعیل، سەرۆک جاشی فەوجی (281)، بە (280) جاشەوە. مامەند عەزیز عەبدولڕەحیم، سەرۆک جاشی فەوجی (282)، بە (230) جاشەوە. ئیبراهیم یوسف میرخان، سەرۆک جاشی فەوجی (283)، بە (155) جاشەوە. عەبدولکەریم سەعدی سلێمان سەعدی کۆچەر، سەرۆک جاشی فەوجی (285)، بە (150) جاشەوە. هەمزە حاجی بەدری سوندی، سەرۆک جاشی فەوجی (286)، بە (150) جاشەوە. فریاد یاسین حوسێن، سەرۆک جاشی فەوجی (287)، بە (85) جاشەوە. محەمەد مەحمود مستەفا، سەرۆک جاشی فەوجی (288)، بە (150) جاشەوە. مەجید حەسەن ئەحمەد، سەرۆک جاشی فەوجی (289)، بە (75) جاشەوە. عەبدولعەزیز عومەر قادر، سەرۆک جاشی فەوجی (290)، بە (85) جاشەوە. عەلی مەحمود عەلی، سەرۆک جاشی فەوجی (291)، بە (95) جاشەوە. عەبدوڵڵا حوسێن عوسمان، سەرۆک جاشی فەوجی (292)، بە (125) جاشەوە. ئیبراهیم عەبدوڵڵا خدر کوێخا، سەرۆک جاشی فەوجی (293)، بە (85) جاشەوە.

تاهیر شێخ محەمەد حاجی رەسوڵ، سەرۆک جاشی فەوجی (294)، بە (102) جاشەوە. محەمەدئەمین عوسمان فەقێ (خدر)، سەرۆک جاشی فەوجی (295)، بە (90) جاشەوە. عیماد ساڵح (حەسەن)، سەرۆک جاشی فەوجی (296)، بە (75) جاشەوە. بایز عەبدولڕەحمان میران، سەرۆک جاشی فەوجی (298)، بە (90) جاشەوە. شەفیع عەلی مەحمود، سەرۆک جاشی فەوجی (299)، بە (125) جاشەوە. عەقید عەبدولحەمید عوسمان، سەرۆک جاشی فەوجی (300)، بە (170) جاشەوە. فائیق حاجی خەلیفە برادۆستی، سەرۆک جاشی فەوجی (301)، بە (95) جاشەوە. ئەسعەد سەلیم حاجی ئاغا، سەرۆک جاشی فەوجی (302)، بە (165) جاشەوە. مەغدید مەجید (موئەیەد) شەریف، سەرۆک جاشی فەوجی (303)، بە (115) جاشەوە. ئیسماعیل حەمەدئەمین، سەرۆک جاشی فەوجی (304)، بە (185) جاشەوە. جەعفەر ئەنوەر سلێمان، سەرۆک جاشی فەوجی (305)، بە (105) جاشەوە. عەلاء محەمەدئەمین عیسا هەرکی، سەرۆک جاشی فەوجی (306)، بە (135) جاشەوە. حوسێن رەشید ئیسماعیل ئاغا بەڕۆژی، سەرۆک جاشی فەوجی (307)، بە (103) جاشەوە. شەهاب محەمەد تاهیر، سەرۆک جاشی فەوجی (308)، بە (80) جاشەوە. عەبدولڕەحمان سەعید عەبدوڵڵا حوسێن، سەرۆک جاشی فەوجی (309)، بە (75) جاشەوە. کەمال ئەحمەد عەلائەدین، سەرۆک جاشی فەوجی (310)، بە (155) جاشەوە. جەلال کوێخا رەفیق لەک، سەرۆک جاشی فەوجی (311)، بە (125) جاشەوە. فوئاد نوری عەلی میران خۆشناو، سەرۆک جاشی فەوجی (312)، بە (75) جاشەوە. غازی نورەدین خورشید، سەرۆک جاشی فەوجی (313)، بە (140) جاشەوە. یاسین عەلی رەمەزان، سەرۆک جاشی فەوجی (314)، بە (75) جاشەوە. محەمەد رەشید محەمەد عەبد، سەرۆک جاشی فەوجی (315)، بە (75) جاشەوە. حەمەئەمین تەها رەسوڵ سوورچی، سەرۆک جاشی فەوجی (318)، بە (75) جاشەوە. فارس عەلائەدین ئەحمەد زراری، سەرۆک جاشی فەوجی (348)، بە (180) جاشەوە. کۆمەڵی تاریق محەمەد نەزیف، بە (115) جاشەوە. کۆمەڵی سەباح ئیسماعیل خدر، بە (75) جاشەوە. کۆمەڵی سەڵاح میکائیل، بە (155) جاشەوە. کۆمەڵی شاکر عەبدولسەمەد ئاسکی کەڵەکی، بە (80) جاشەوە. کۆمەڵی فارس خورشید تاهیر، بە (80) جاشەوە. کۆمەڵی عەبدولکەریم خالید کنیش، بە (165) جاشەوە. کۆمەڵی محەمەد عەلی تاهیر مزوری، بە (95) جاشەوە. کۆمەڵی محەمەد

مام سۆفی، بە (85) جاشەوە. کۆمەڵی مستەفا سەعید سوورچی، بە (75) جاشەوە. بەڵام بەگوێرەی نووسراوی ژمارە (ج2422/2)ی فەیلەقی پێنج لە ڕێکەوتی (25.12.1988)دا کە لەژێرناوی (شێکردنەوەی جەنگی دوا ئەنفال – تحلیل معرکة خاتمة الانفال)دا بۆ سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا نێردراوەو، بریتییە لە ڕاپۆرتێکی هەڵسانگەندنی ئەنفالی هەشتەم و، لە سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و سێ، لاپەڕەکانی (5310–5370)دا بڵاوکراوەتەوە، (182) فەوجی جاشە سووکەکان بەمشێوەیەی خوارەوە بەشداری ئەو ئەنفالەیان کردووە: (1- لە قۆڵی کانی ماسی و بە سەرپەرشتی تیپی (4)ی پیادە، (21) فەوجی جاش. 2- لە قۆڵی بێکۆڤەر و بە سەرپەرشتی تیپی (7)ی پیادە، (26) فەوجی جاش. 3- لە قۆڵی شەمدینان و بە سەرپەرشتی تیپی (35)ی پیادە، (26) فەوجی جاش. 4- لە قۆڵی شێروان مەزن و بە سەرپەرشتی تیپی (45)ی پیادە، (12) فەوجی جاش. 5- لە قۆڵی دینارتە - بلێ و بە سەرپەرشتی هێزەکانی فەرماندەیی جەحافیلی پارێزگاری نیشتمانی پێنج، (14) فەوجی جاش. 6- لە قۆڵی سەرسەنگ - بەرەو گارا و بە سەرپەرشتی تیپی (41)ی پیادە، (15) فەوجی جاش. 7- لە قۆڵی باتوفە و بە سەرپەرشتی تیپی (29)ی پیادە، (16) فەوجی جاش. 8- لە قۆڵی زاخۆ و بە سەرپەرشتی تیپی (38)ی پیادە، (20) فەوجی جاش. 9- لە قۆڵی ئەتروش – سوارەتووکە و بە سەرپەرشتی تیپی (42)ی پیادە، (21) فەوجی جاش. هەروەها تیپی (26)ی پیادە، سەرپەرشتی هێزێکی تری کردووە لەگەڵ (11) فەوجی جاشە سووکەکان). کەچی بەپێی هەمان سەرچاوەی پێشوو، لە لیستی ناوی ئەو هێزانەی کە کوژراوو بریندارییان هەیە، فەوجەکانی (22)ی هەمزە عەباس مامەند ئاکۆ ئاغای پشکۆ، فەوجی (215)ی هۆشیار سەلیم ئەحمەد پاشا دزەیی و فەوجی (406) کە تا ئێستا ناوی سەرۆک جاشەکەی بۆ من نەناسراوە، بەشداری ئەنفالی هەشتیان کردووە. هەروەها بەگوێرەی نووسراوی فەرماندەیی تیپی پیادەی (40)ی سەربە میلیشیای سەدام وبەعس، کە بە ژمارە (501/3/ا)ی ڕێکەوتی (13.2.1989)دا بۆ فەوجی جاشە سووکەکانی (81، 96، 115، 151، 205، 243، 244، 250) نێردواوە، داوا دەکات کە هەریەکە لەو فەوجانە ئەفسەری موچە دابەشکردنی خۆیان بنێرن بۆ بارەگای فەرماندەیی ناوبراو تاوەکو بڕە پارەیەک وەکو خەڵات لەبری بەشداریکردنیان لە ئەنفالی هەشتی بادینان وەربگرن. ئەو نووسراوە دەیسەلمێنێ کە فەوجەکانی (81)ی محەمەد عومەر ئەمین

جەمیل باساکی، فەوجی (96)ی خالید مەحمود ئەحمەد غەوارەی ناسراو بە (خالیدی خولەسوور)، فەوجی (115)ی حەسەن مەحمود محەمەدئەمین بەگ هەورامی، فەوجی (151)ی نەقیب عەبدوڵڵا حوسێن ساڵح بابان، فەوجی (205)ی عەبدولڕەحمان عەلی عەزیز دەلۆیی، فەوجی (243)ی یونس عەبدوڵڵا رەمەزان غەوارە، فەوجی (244)ی رەحیم کەریم قادر و فەوجی (250)ی کەریم سەلیم مستەفا بامەندی، بەشداری ئەنفالی هەشتیان کردووە. حوسێن تاهیر حەسەن کەسنەزانی، سەرۆک جاشی فەوجی (355)ی جاشە سووکەکان بەشداری ئەنفالی (8)ی کردووە کە سەرۆک خۆی بۆ رۆژنامەی هاوکاری دەدوێت: (فەوجەکەمان لە ئەنفالی دووەم و ئەنفالی دوایی بەشداری کردووە - سەرچاوە: هاوکاری، (1115)، پێنجشەممە، رێکەوتی (5.10.1989)، ل4).

هەروەها ئەو ئەفسەرانەی خوارەوەش کوژراو، بریندار یان بزر بووینە لە شاڵاوی ئەنفالی هەشتدا، کە بریتین لە: (رائیدی پیادە عەبد حەمید عیال سەربە فەوجی دووی لیوای (118)، نەقیبی پیادە عەبدولڕەزاق ئەلیاس علگ سەربە فەوجی دووی لیوای (118)، نەقیبی پیادە تاڵیب شەمخی یاسین سەربە فەوجی دووی لیوای (118)، نەقیب غەزبان موراد سەربە سریەی بارەگای لیوای (14)، نەقیبی زرێپۆش فوئاد عەلی وادی سەربە کەتیبەی تانکەکانی دوو، نەقیب محەمەد سەگەر سەلو (بزربوو) سەربە لیوای (702)، نەقیب مەزهەر جەمیل ئەمین سەربە سریەی بارەگای لیوای (14)، مولازمی یەکەمی پیادە حەسەن ئەحمەد عەبد (کوژراو) سەربە فەوجی سێی لیوای (509)، مولازمی یەکەمی تۆپهاوێژ تەها عەبد ئیبراهیم سەربە کەتیبەی تۆپهاوێژی دووری سەدام، مولازمی یەکەمی پیادە جومعە کەریم سەربە لیوای (14)، مولازمی یەکەمی پیادە حەلیم حەمید هلیل سەربە فەوجی کۆماندۆی یەکی تیپی (35)ی سەربە فەیلەقی (؟؟)، مولازمی یەکەمی پیادە محەمەد لوعێبی عەبدولحوسێن سریەی کۆماندۆی لیوای (118)، مولازمی یەکەمی پیادە وەلید ئیسماعیل محەمەد سەربە لیوای (702)، مولازمی پیادە باسل عەبدولساحب حەسەن سەربە لیوای (805)، مولازم حوسێن جاسم حەمادی سەربە سریەی بارەگای کۆماندۆی لیوای (118)، مولازمی پیادە جەبار کازم سەربە لیوای (14)، مولازمی پیادە جەبار کازم فەیسەڵ سەربە لیوای (702)، مولازمی پیادە حوسێن عەبد حوسێن (کوژراو) سەربە فەوجی یەکی لیوای (702)، مولازمی پیادە عامر

عەبدولئەمیر حوسێن سەربە لیوای کۆماندۆی یەکی فەیلەقی (5)، مولازم عەزیۆ عدیە علێوی (بزربوو) سەربە لیوای (702)، مولازمی پیادە کازم خەڵەف شتمەت (کوژراو) سەربە فەوجی سێی لیوای (509)، مولازمی پیادە کازم خەڵەف ناهی (کوژراو) سەربە فەوجی سێی لیوای (509)، مولازم کەریم جابر محەمەد (بزربوو) سەربە لیوای (702)، مولازمی تەموین و گواستنەوە مازن عەلی حوسێن سەربە فەوجی یەکی لیوای (14)، مولازمی پیادە محەمەد ئیسماعیل سەلمان سریەی کۆماندۆی لیوای (118)، مولازم محەمەد توعمە محەمەد (بزربوو) سەربە لیوای (702)، مولازمی پیادە غالب ئیبراهیم عەبدولواحێد سەربە فەوجی دووی لیوای کۆماندۆی یەکی سەربە فەیلەقی شەش. مولازمی پیادە ئەکرەم موخەرب محەمەد سەربە فەوجی دووی لیوای (118)، مولازمی پیادە حەسەن عەلی حەسەن سەربە فەوجی دووی لیوای (118)، مولازمی پیادە فازڵ مەهدی جاسم سەربە فەوجی دووی لیوای (118)، مولازمی پیادە محەمەد عەزیز سەربە فەوجی دووی لیوای (118)، مولازمی تۆپهاوێژ محەمەد یاسین مەحمود (بزربوو) سەربە کەتیبەی تۆپهاوێژی دووری سەدام، مولازمی پیادە لەزام عوکاش مەناحی سەربە فەوجی دووی لیوای (118)، مولازمی پیادە باسل عەبدولساحب سەربە لیوای کۆماندۆی (805)، مولازمی پیادە فەلاح حەسەن علمان سەربە فەوجی دووی لیوای کۆماندۆی یەکی سەربە فەیلەقی پێنج، مولازمی پیادە یەحیا سەکەب شەهباز سەربە فەوجی یەکی لیوای (411) – سەرچاوە: سەرچاوەی یەک، بەشی بیست و سێ، ل5363).

جگە لەو هێزانەی کە لەسەرەوەدا ناوبراون، ئەو هێزانەش کە بۆ من نەزانراون سەربەکام تیپ یان فەیلەقن و بەشداری کام ئەنفالیان کردووە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەشداری شاڵاوەکانی ئەنفالیان کردووەو ناویان لە بەڵگەکاندا هاتووە کە ئەمانەن: (پۆلی (18)ی ئالی لیوای کۆماندۆی (70)ی سەربە فەیلەقی یەکی تایبەت، پۆلی کۆماندۆی (1)ی تیپی (1)ی تایبەت، پۆلی کۆماندۆی (2)ی تیپی (1)ی تایبەت، فەرماندەیی کەتیبەی تانکەکانی کەرامە، سەربە فەیلەقی یەکی تایبەت، پۆلی کۆماندۆی (1)ی تیپی (2)ی تایبەت، پۆلی کۆماندۆی (2)ی تیپی (2)ی تایبەت، فەرماندەیی لیوای (14)ی تیپی پیادەی (14)ی (هێزەکانی حەمزە)ی سەربە (فل4)، پۆلی (1)ی لیوای پیادەی (14)ی سەر بە(هێزەکانی حەمزە)ی (فل4)، فەرماندەیی

تیپی پیادەی (23)، فەرماندەیی تیپی (35)، پۆلی کۆماندۆی (1)ی تیپی (35)، فەرماندەیی هێزەکانی (43). فەرماندەیی تیپی (46) بە سەرپەرشتی عەمیدی روکن عەلی ئەحمەد محەمەد سالح. عەقید عەبدولقادر عەبدولڕەحمان قەدۆ، فەرماندەی کەتیبەی تۆپهاوێژی مەیدانی (78)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (37)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. عەقیدی پیادە سەلاح داود عەبدوڵڵا، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (51)ی لە لیستی ناوی تاوانبارە داواکراوەکان دراوەتێ. موقەدەمی زرێپۆش عەبدولکەریم عەبدولهادی سالم فەرمانەی کەتیبەی تانکەکانی (41)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (130)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ. موقەدەمی تۆپهاوێژی مەیدان حوسێن فەزلەدین عەبدولقادر فەرماندەی کەتیبەی تۆپهاوێژی مەیدانی (22)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (134)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. موقەدەمی تۆپهاوێژی مەیدان سحاب جەدوع زیاب فەرماندەی کەتیبەی تۆپهاوێژی مەیدانی (10)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (135)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. موقەدەمی تۆپهاوێژی مەیدان سەلاحەدین محەمەد عەبدولکەریم فەرماندەی کەتیبەی تۆپهاوێژی مەیدانی (662)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (136)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. رائیدی زرێپۆش موحسین کەرجی رەجی (محسن كرجي رجي) فەرماندەی کەتیبەی تانکەکانی (51)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (11)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. رائیدی تۆپهاوێژی مەیدان نوری حامید ئەحمەد فەرماندەی کەتیبەی تۆپهاوێژی مەیدانی (956)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا،

فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (18)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. رائیدی تۆپهاوێژی مەیدان زێدان خەلیفە لەفتە فەرماندەی کەتیبەی تۆپهاوێژی مەیدانی (957)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (16)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. رائیدی تۆپهاوێژی مەیدان عەلی کرمش حەسەن فەرماندەی کەتیبەی تۆپهاوێژی مەیدانی (79)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (17)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. نەقیبی هێزی تایبەتی (ق خ) حەمزە خدر حەمزە فەرماندەی بەتەریەی تایبەتی (17)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوە دڕندەکانی ئەنفالدا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (151)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. فەرماندەیی پۆلی (1)ی لیوای پیادەی ئالی (99)، فەرماندەیی پۆلەکانی (1+2)ی لیوای هێزی تایبەتی (118)، فەرماندەیی بارەگای سریەی کۆماندۆی لیوای (118)، پۆلی کۆماندۆی لیوای (118)، سریەی (1)ی لیوای (411)، فەرماندەیی لیوای پیادەی (428)، فەرماندەیی لیوای پیادەی (443)، فەرماندەیی لیوای (444)، فەرماندەیی پۆلەکانی (1 و 2)ی لیوای (444)، لیوای (505)ی سەربەتیپی پیادەی (27)ی فەیلەقی یەک، پۆلی (3)ی لیوای (509)، فەرماندەیی لیوای (702)، فەرماندەیی پۆلەکانی (1 و 3)ی لیوای (702)، کەتیبەی زرێپۆشی (2)، فەرماندەیی پۆلی کۆماندۆی لیوای (805)، فەرماندەیی یەکەی (7884). فەرماندەیی کەرتی سەربازی هەولێر، فەرماندەیی کەرتی سەربازی رێزان، فەرماندەیی کەرتی سەربازی قەرەداغ، فەرماندەیی کەرتی سەربازی دوکان (عەمید تەڵعەت سلێمان وەلی)، فەرماندەیی کەرتی سەربازی هەڵەبجە، فەرماندەیی کەرتی سەربازی شەقڵاوە، فەرماندەیی کەرتی سەربازی سەڵاحەددین، فەرماندەیی کەرتی سەربازی سەدیق، فەرماندەیی کەرتی سەربازی سەنگاو، فەرماندەیی کەرتی سەربازی زاخۆ).

Final Anfal: 25 August - 6 September 1988

الجمهورية العراقية
سري للغاية وشخصي

(سيف الشهداء اكرم منا جميعا)

وزارة الدفاع
رئاسة أركان الجيش
(مكتب رئيس أركان الجيش)
الرقم / د ا ج / ١١٢٢
التاريخ ٢١/٨/٨٨

١٣/ع
١٥٧٦
٨٨/٨/٢١

الى / قائد الفيلق الاول
قائد الفيلق الخامس

المصدر / توجيهات

الاتفاق الذي جرى بحكم في مقر الفيلق الاول في كركوك يوم ٢٠ آب ٨٨ بحضور معاون رئيس أركان الجيش للعمليات ومدراء الحركات العسكرية وطيران الجيش لمناقشة خطط عمليات الانفال المقبلة نسبغا يلي :

١. يجري تحديد التجمعات السكانية في قاطع نلاه وتعالج بالضربات الخاصة المكثفة قبل الشروع بالتنفيذ بـ (٤٨) ساعة لخلق حالة الذعر في صفوفهم ومنعهم من التعاون مع الحزبيين مع متابعة تنقلهم ضمن المنطقة مع ضرورة الحذر الشديد من ضرب القرى السكانية المتاخمة للحدود المراقبة والتركيز.

٢. يجري التنسيق بشكل جيد مع الجانب التركي وفق بروتوكول التعاون المرتبط معهم بصدد مطاردة الحزبيين في قاطع نلاه

٣. التأكيد على أنجاز عمليات نقل الحزبيين من الحدود الايرانية والى جدما مع الجانب التركي قبل المباشرة بالعمل الرئيسي لعمليات الانفال .

٤. أن الفرصة الحالية للقضاء على الحزبيين في المنطقة الشمالية هي أفضل الفرص ويمكن لانتهاء مثلها في المستقبل سواء تم تحقيق السلام مع العدو أو لم يتحقق علية يجب أن تكون هناك تدابير شاملة للحزبيين في المنطقة الشمالية ومن المتوقع أنجاز ذلك قبل حدوث أي توتر مع العدو الايراني في حالة تعثر محادثات السلام .

دائرة العمليات
مديرية التخطيط

سري للغاية وشخصي

٥ . ينبغي مسك كافة المناطق وقطع الاتصال بين المناطق التي يتركز بها المخربين خلال عمليات التطهير وعدم تركها في حالة تقدم الارتال للأمام .

٦ . تقوم مديرية الاستخبارات العسكرية لعامة وشعبات الاستخبارات في الفيالق بمتابعة ردود فعل المخربين وتأثير العمليات عليهم خلال تنفيذ العمليات لامكان توجيه ضربات قوية اليهم وعدم اعطاء أنفاسهم .

٧ . التخطيط لعمليات الانزال بالمسميات وبشكل جزئي وطيلة فترة تنفيذ العمليات ويتم انزال جزء من قوى دفاع الوطني والقسم المتبقي يواصل التقدم على المحاور لامكان الاتصال مع القوتين بمرحلة لاحقة .

٨ . عدم استخدام أفواج الدفاع الوطني في نفس مناطق عشائرهم لمنع التواطؤ مع سكان القرى .
ينبغي أن تكون هناك مرونة في اتجاهات عمل الارتال لامكان الوصول الى الاهداف بأسرع ما يمكن .

٩ . عدم المطالبة بالاحتياطات للعمليات التي ستنفذ وانما يجري تأمينها من نفس تشكيلات التنفيذ حيث بعد تطهير القسم الأكبر من المناطق سيتم توفير احتياط كافي .

١٠ . عدم الارتباك في حالة التأثير على طرق المواصلات من قبل المخربين

(٣ - ٢)
سري للغاية وشخصي

دائرة العمليات
مديرية التخطيط

سري للغاية وشخصي

١١. في مناطق الحدود المرافقة - التركية عدم التوغل في الأراضي التركية
لحين أجراء التنسيق مع الجانب التركي .
أستخدام أسلوب الثوابت والحسابات مع أنواع الدفاع الرخيص
وعزله أي مستشار في حالة ترديده .

١٢. تصبح نتائج ٢٤ ناعرة فلا لأغراض العمليات بعد مرور
(٣) أيام أعتباراً من يوم ٢٠ آب ٨٨ .

١٣. يجري أعتماد ثلث القطعات لأغراض المسك للأغاثة الحالية
وجرد الباقي لأغراض عمليات الأنفال .

يوم (ى) لعمليات الأنفال هو ٢٥ آب ٨٨ وفي حالة تقديم
نسيمون أقصى موعد هو ٢٧ آب ٨٨ .

نرجو أتخاذ ما يلزم

الفريق أول
ركن عبد الكريم مصلح
رئيس أركان الجيش

٨/٤

نسخة الى :
أمانة سر القيادة العامة للقوات المسلحة
ديوان وزارة الدفاع
دائرة العمليات
مديرية الاستخبارات العسكرية العامة . نرجو أتخاذ ما يلزم لعدد المادتين (٢ و ٦)
وبالتنسيق مع قيادة فلا ونلا

(٣ - ٣٠٠)
سري للغاية وشخصي

السيد آمر الفوج
يرجى التفضل بالاطلاع
وتشكيل عمل لعرض الآثار
السيد الرائد القانوني حفظه الله

٨/٦





[illegible]	[illegible]	[illegible]	الاول	
[illegible]	[illegible]	[illegible]	الثاني	
[illegible]	[illegible]	[illegible]	الثالث	
[illegible]	[illegible]	[illegible]	الرابع	
[illegible]	[illegible]	[illegible]	الخامس	

-٥٧-















دادگاییکردنی تاوانبارای شاڵاوی ئەنفاله بەدناوەکان:

دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق، یەکەم دانیشتنی دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفالی لە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (21.8.2006)دا دەستپێکرد. تاوانبارانی سەرەکی شاڵاوەکانی ئەنفال یاخود تاوانبارانی سەرەکی دەستگیرکراوی ئەو تاوانە گەورەیە تەنیا ئەو حەوت تاوانبارە بوون: (سەدام حوسێن ئەلمەجید ئەلحەسەن عەبدولغەفور عەبدولقادر ئەلناسری ئەلتکریتی، سەرۆک کۆمار، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، فەرماندەی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان، سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی ئێراقی و ڕازگری نهێنی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیستی، کە لە ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (30.12.2006)دا لەسەر تاوانی دوجەیل لە سێدارە دراو، تۆمەتی شاڵاوەکانی ئەنفالی لەدژ ڕاگیرا. عەلی حەسەن ئەلمەجید عەبدولغەفور ئەلحەسەن ئەلناسری ئەلتکریتی (عەلی کیمیاوی)، ئەندامی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیستی و ڕازگری نهێنی بیرۆی باکووری ڕێکخستنەکانی حزبی ناوبراو لە ماوەی نێوان (23.4.1989-29.3.1987)دا، کە دواتر لە ڕێکەوتی (25.1.2010)دا لەسەر تاوانی ئەنفال سزای لە سێدارە دانی بەسەر جێبەجێکراو، تۆمەتی کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجەی لەدژ ڕاگیرا. لیوا روکن سابیر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری، بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی، ئەندامی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان، کە لە ماوەی نێوان (6.4.1991-8.4.1986)دا بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی بووە. فەریق روکن حوسێن ڕەشید محەمەد عەرەب ئەلتکریتی، یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بۆ کاروباری ئۆپراسیۆنەکان، ئەندامی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان. لیوا روکن سوڵتان هاشم ئەحمەد محەمەد حەمەد ئەلحەمەد ئەلتائی (مانگی ئاب و ئەیلولی 1987)، فەرماندەی فەیلەقی یەکەم بووە، دواتر بۆ جاری دووەم لە ماوەی نێوان (29.5.1989-2.4.1988)دا فەرماندەی ئەو فەیلەقی بووە کە دەکاتە کاتی جێبەجێکردنی شاڵاوە دڕندەکانی ئەنفال. عەقیدی روکن فەرحان موتلەگ ساڵح خەڵەف ئەلجبوری، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی ڕۆژهەڵات لە ماوەی نێوان (2.11.1987-کۆتایی

ساڵی 1992). تاهیر تۆفیق ئەلحاج یوسف ئەلعانی، سکرتێری لیژنەی کاروباری باکوور لە ماوەی نێوان (15.9.1987-19.8.1986)داو دواتریش وەکو پارێزگاری موسڵ تا کۆتایی ساڵی (1991) ئەندامی بیرۆی باکووری رێکخستنەکانی حزبی بەعسی عارەبی بووە).

دوای (60) دانیشتنی دادگاو لە دانیشتنی ژمارە (61)دا کە لە رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (24.6.2007)دا بەڕێوەچوو، دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق بڕیاری کۆتایی بەسەر شەش تاوانبارەکە سەپاندو هەریەکە ئەو سزایانەی بۆ بڕینەوە: (1- عەلی کیمیاوی، پێنج سزای لە سێدارە دان، یەکی هەتا هەتایە، یەک سزای پازدە ساڵی، دوو سزای دە ساڵی و دووانی حەوت ساڵی. 2- سوڵتان هاشم، چوار سزای لە سێدارە دان، دوو سزای هەتا هەتایە، یەک سزای پازدە ساڵی، یەک سزای دە ساڵی و دووانی حەوت ساڵی. 3- حوسێن رەشید تکریتی، چوار سزای لە سێدارە دان و سزایەکی حەوت ساڵی. 4- سابیر عەبدولعەزیز دوری، سێ سزای هەتا هەتایی و سزایەکی دە ساڵی. 5- فەرحان موتلەگ ساڵح، دوو سزای هەتا هەتایی و سزایەکی دە ساڵی). هەروەها تۆمەتبار تاهیر تۆفیق ئەلعانی، بڕیاری ئازادکردن و بێتاوانی لە بەشداریکردنی لە شاڵاوەکانی ئەنفال بۆ دەرچوو. هەروەها دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق تاوانی ئەنفالی وەکو تاوانێکی کۆمەڵکوژی دژ بە گەلی باشووری کوردستان ناساند و بڕیاری لەسەر درا، بەڵام لە لایەک سزای تاوانبارەکان بەگوێرەی پێویست نەبوو بەتایبەتی هی لیوا روکن سابیر ئەلدوری و عەقید روکن فەرحان موتڵەگ ساڵی ئەلجبوری و نەدەبوایە تاهیر تۆفیق ئەلعانی بێتاوان دەرچووبایە، لە لاکەی تریشەوە بەگوێرەی ئەو تاوانە گەورەیە ژمارەی ئەو تۆمەتبارانەی کە درانە دادگا زۆر کەم بوون، سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆریان ناویان هەیە لە بەڵگەنامەکانی ئەنفال و تۆمەتبارەکان لە زیندانی سەربازی ئەمریکییەکان دان، کە لەسەر تاوانی تر دەدرێنە دادگا، کەچی لەسەر تاوانی شاڵاوە درندەکانی ئەنفال نەدران بە دادگا.

جمهورية العراق
وزارة الصحة
قسم الإحصاء الصحي والحياتي

شـــــهادة وفـــــاة

ط ١ / ٢٠٠٦

رقم الشهادة ٢٥٠٩٠٧
تاريخ التنظيم ٢٥/ ١ / ٢٠١٠

المتوفى

١- اسم المتوفى ولقبه ..... علي
٢- الجنس ..... ذكر
٣- الجنسية ..... عراقي
٤- الدين ..... مسلم
٥- المهنة .....
٦- الحالة الزوجية: أعزب ..... متزوج ... أرمل ..... مطلق .....
٧- تاريخ الولادة : / /
٨- محل الولادة : قضاء ..... محافظة .....
٩- أقامته الدائمة: رقم الدار ..... الزقاق أو القرية ..... ناحية ..... قضاء ..... محافظة .....
١٠- محل الوفاة : المخلة أو القرية : ..... الناحية : ..... قضاء : ..... محافظة .....
١١- تاريخ الوفاة (كتابة) : الساعة ..... ٢٠ ..... دقيقة ..... ٢٠ ..... شهر ..... ١ ..... سنة ٢٠١٠
١٢- اسم والد المتوفى ..... حميد الكبير
١٣- اسم والدة المتوفى .....
١٤- اسم المبلغ عن الوفاة ..... الجيران ..... القريب ..... الشاوي
١٥- صلته بالمتوفى :
١٦- عنوان المبلغ الكامل : .....

١٧- شهادة الوفاة الطبية

(١) المرض أو الحالة التي أدت للوفاة مباشرة (أ) ..... الاكدام مشقا ..... (سبب عن أو نتيجة لما يليه)
الحالات المرضية (إن وجدت) والتي أدت للسبب (ب) ..... مرض السكري ..... (سبب عن أو نتيجة لما يليه)
اعلاه مع ذكر السبب الأصلي في النهاية . (ج) .....
(٢) حالات مهمة أخرى ساعدت على الوفاة ولاصلة لها بالمرض أو الحالة التي سببت الوفاة .....

• إذا كان المتوفى امرأة في سن الانجاب (١٥ - ٤٩) سنة من العمر يؤخر الحمل الاتية
حدثت الولادة : أثناء الحمل ☐ أثناء الولادة ☐ أثناء النفاس ☐

الفترة التقريبية بين ظهور الأعراض والوفاة

١٨- حدثت الوفاة في : البيت ..... المستشفى ..... مكان آخر .....
١٩- اشهد أن الوفاة قد حدثت من الأسباب المبينة أعلاه . اسم الطبيب : .....
عنوان اشغال الطبيب : ..... توقيعه .....

٢٠- شهادة طبية عدليه (عملاً وتوقع من قبل الطبيب العدلي)
أن الموقع أدناه الدكتور: ..... الطبيب في : ..... قمت بتشريح جثة المتوفى .....
و المرسلة من قبل ..... حسب الاستمارة المرقمة ..... و المؤرخة في / / الساعة .....
بتاريخ / / ٢٠٠ فوجدت سبب الوفاة ..... توقيع الطبيب ..... ختم الطبابة العدلية

٢١- معلومات خاصة بمديرية الجنسية والأحوال المدنية (تؤخذ من هوية الأحوال المدنية)
رقم السجل ..... رقم الصحيفة ..... المحافظة ..... رقم هوية الأحوال المدنية ..... (وترفق بالشهادة)

سجلات لدى السلطة الصحية في ..... سنة ..... تسلسل .....
الختم والتوقيع

ملاحظة : توضع علامة (×) في المكان المناسب ١-نسخة الأحوال المدنية ٢- نسخة ذوي العلاقة ٣- نسخة الحاسبة الإلكترونية ٤- نسخة منظم الشهادة

بەشی پێنجەم

کۆمەڵکوژی کوردە فەیلییەکان:

هەر دوا بەدوای کۆدەتای بەعس لە ڕێکەوتی (17.7.1968)دا، حزبی بەعسی عارەبی لە سەرەتای ساڵی (1969)دا زۆرتر لە حەفتا هەزار کوردی فەیلی لە ئێراقەوە دەرکردو دوری خستنەوە بۆ ئێران – سەرچاوە: (دکتۆر جاسم تۆفیق خۆشناو، مەسەلەی کوردو یاسای نێو دەوڵەتان، 300). ئەنفالکردنی کوردی فەیلی لە ساڵی (1972)دا بە دەرکردنی نزیکەی لەنێوان (70-80) هەزاریان بۆ ئێران دەستپێکردەوە، لەبەرئەوەی ئێران لە ڕۆژی (30.11.1971)دا هەرسێ دوورگەی تونبول کوبرا، تونبول سوغراو ئەبو موسای داگیرکرد. بۆ جاری سێیەم لە ڕێکەوتی (8.4.1980)داو دوای هێرشکردنە سەر تاریق عەزیز، نزیکەی (150-300) هەزار کوردێکی فەیلی دەرکران و بەزۆر ڕەوانەی ئێران کران سەرچاوە: (رزگار سەعید قادر پشدەری، ألهجرة والتغییه الدیموغرافي وخطط التنمیة في العراق إقلیم کوردستان نموذجا، مرکز الدراسات الکوردیة (کوردۆلۆجی)، مطبعة ڕەنج، جنوب کوردستان – سلێمانی 2009، ل40)، هەروەها نزیکەی (15-20) هەزاریان لێ کوژران.

یەکەم دانیشتنی دادگاییکردنی تاوانبارانی کۆمەڵکوژی کوردە فەیلییەکان لە ڕێکەوتی (26.1.2009)دا دەستی پێکردو، دادگا ڕایگەیاند کە لەکۆی (34) تاوانباردا (16) تاوانباریان دادگایی دەکرێن. ئەو سەرکردەو باڵادەستانەی حکومەتی سەدام و حزبی بەعسی عارەبی کە وەکو تۆمەتباری کۆمەڵکوژی کوردە فەیلییەکان دادگایی دەکرێن بریتیین لە: (عەلی حەسەن ئەلمەجید ئەلحەسەن ئەلناسری ئەلتکریتی، ئەندامی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە لە ڕێکەوتی (25.1.2010)دا لە سێدارە درا. سەعدون شاکر مەحمود ئەحمەد ئەلعوبەیدی، وەزیری ناوەخۆ لە نێوان ساڵانی (1979-1986) و ئەندامی بەناو سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی ئیشتراکی هەڵوەشاوە، لیوا روکن سابیر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری، بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی سەربازی لە ماوەی نێوان (8.4.1986-6.4.1991)دا، تاریق حەنا میخائیل عەزیز عیسا، وەزیری دەرەوەو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامی ئەنجومەنی بەناو سەرکردایەتی شۆڕشی بەعسی هەڵوەشاوە، مزبان خزر هادی مەندەلاوی، ئەندامی سەرکردایەتی

هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیستی، عەزیز ساڵح نۆمان ئەلخەفاجی (عارەبێکی شیعەی خەڵکی ئەلشەترەیە - الشطرة)، ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیستی، کە لە رێکەوتی (22.5.2003)دا لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە دەستگیرکرا، ئەحمەد حوسێن خزەیر ئەلسامەڕائی، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار، سەبعاوی ئیبراهیم حەسەن ئەلناسری ئەلتکریتی، بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی لەماوەی نێوان (سەرەتای ساڵی 1990- مانگی ئاداری ساڵی 1991)، کە لە رێکەوتی (27.2.2005)دا لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانەوە دەستگیرکرا، فازڵ سلفیج محێمیدی ئەلعەزاوی، یارمەتیدەری بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی لەماوەی نێوان (29.10.1983-تەمووزی 1989)، وەتبان ئیبراهیم حەسەن ئەلناسری ئەلتکریتی، راوێژکاری سەدام کە لە رێکەوتی (13.4.2003)دا لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە دەستگیرکرا، محەمەد خزەیر سەباح ئەلحەلبوسی، بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری سەربازی، عەبدولحەمید سلێمان ئیبراهیم، ئەفسەری هەواڵگری و بەڕێوەبەری ئیقامە، سەعد ساڵح ئەحمەد سوڵتان پاسەوانی سەدام، فازڵ عەباس ئیبراهیم ئەلعامری، لە دەزگای هەواڵگری سەربازی، نوعمان عەلی محەمەد سلێمان ئەلتکریتی، لە (أدلة الجنائية) و ئەیاد تەها شەهاب ئەلدوری، ئەفسەر لە هەواڵگری گشتیی).

هەروەها سەدام حوسێن ئەلمەجید ئەلحەسەن ئەلناسری ئەلتکریتی، سەرۆک کۆماری ئێراق و سەرۆکی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و فەرماندەی گشتیی فەرماندەیی هێزە چەکدارەکان تاوانباری یەکەم و سەرەکی کۆمەڵکوژی کوردە فەیلییەکان بوو، بەڵام ئەو لە رێکەوتی (30.12.2006)دا لە سێدارە درا. هەریەک لەو تۆمەتبارانەی خوارەوە تاوانبارن بە هەوڵی جینۆسایدکردنی کوردە فەیلییەکان، بەڵام تاوەکو ئێستاکە دەستگیر نەکراون: (عزەت ئیبراهیم خەلیل ئەلدوری، وەزیری ناوەخۆی ئەوکات و ئەندامی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش. سەمیر محەمەد عەبدولوەهاب شێخلی، ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمی ئێراق و بەڕێوەبەری فەرمانگەی رەگەزنامە (جنسية). خزر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری. عەبدولستار خەلیل خەلیفە. ئەحمەد خەلیل ئیبراهیم. حەمید سلێمان محەمەد. عەبد ستیڤان خەڵەف ئەلڕاوی. نازم نجرس ئەحمەد. جیهاد بناوی محەمەد ئەلجبوری. مۆفەق ساڵح عەلی تکریتی. عەبدولحەمید یاسین ئەلغرێری. محەمەد

عەبدولوەهاب فەدعەم. هاشم عەبدوڵڵا محەمەد ئەلدلێمی ئەلغرێری. عەبدولحەمید سلێمان ئەلتکریتی. عەبود فەرحان جەڕاد ئەلعیساوی. محەمەد خەڵەف زیاد خرێبت. تاهیر ئەلعیتۆ. فەرەج ئەلتکریتی).

بەڵام بەگوێرەی بەڵگەنامەکان و سکاڵاکانی قوربانیەکان سەرەڕای تۆمەتبارانی سەرەوە، هەریەک لە (تەها یاسین رەمەزان جەزراوی (1938-20.3.2007)، ئەندامی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و فەماندەی بەناو سوپای میللی. موقەدەم قاسم محەمەد رازی، ئەفسەری سەرپەرشتیکاری لە سێدارە دانی کوردە فەیلییەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئەمن. موقەدەم باسل ئیسماعیل محەمەد، ئەفسەری سەرپەرشتیکاری لە سێدارە دانی کوردە فەیلییەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئەمن. عەقید کەمال ئەلنەداوی، بەڕێوەبەری ئەمنی کوت. موقەدەم عەلی بەرع، یارمەتیدەری بەڕێوەبەری ئەمنی کوت (کە پێموایە هەر عەقید عەلی عەبدوڵڵا بەرع-ە کە دواتر بۆتە بەڕێوەبەری ئەمنی بەغداو لە ساڵی (1983)دا بەشداری کۆمەڵکوژی بارزانییەکانی کردووە). موقەدەم عەبود ئەلجومەیلی، ئەفسەری سنوور. رەفیق شاکر موتەشەر، ئەندامی لقی واست (کوت)ی حزبی بەعسی عارەبی. رائید عەتیە فازڵ ئەلکنانی، ئەفسەری ئەمن لە کوت. زیاء ئەلملکاوی، ئەفسەری ئەمن لە کوت. جاسم گەیلان، ئەفسەری ئەمن لە کوت. موزەفەر ئەنتوان، باوەڕپێکراوی ئەمن لە کوت. نەقیب عەبدولکەریم ئەلغورەیری، ئەفسەری بنکەی پۆلیسی فوزەیلییە (16.4.1990). محەمەد عەبدوڵڵا، ئەفسەری ئەمن. نوری ئەلحەدیسی، ئەفسەری ئەمن لە نوعمانییە و عاشور غێدان، موفەوەزی ئەمن لە نوعمانییە، مولازمی ئەمن عەبدولحوسێن خزەیر نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی پارێزگای واست، رەفیق مەناف کازم ئەلخەشان نوێنەری فەرماندەیی هۆبەی واستی حزبی بەعس و رائیدی پۆلیس قاسم محەمەد ئەسعەد بەڕێوەبەری پۆلیسی کوت و سەرۆکی لیژنەی دەست بەسەراگرتنی سامان و ماڵی کوردە فەیلییەکان لە پارێزگای واست) وەکو تۆمەتبار ناویان هاتووە.

دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق بۆ دادگاییکردنی کۆمەڵکوژی کوردە فەیلییەکان تاکو ئێستاکە (44) دانیشتنی ئەنجام داوە. لە دوا دانیشتنی دادگای ناوبراودا کە دانیشتنی ژمارە (45)ی رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (29.11.2020)دا بوو بە سەرۆکایەتی دادوەر سەعد یەحیا عەبدولواحێد بەڕێوەچوو، بڕیاری سزادانی تاوانبارەکانی

بەمشێوەیەدا: (سزای لە سێدارەدان بۆ هەریەک لە سەعدون شاکر مەحمود ئەحمەد ئەلعوبەیدی وەزیری ناوەخۆ، عەزیز سالح نۆمان ئەلخەفاجی ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیستی هەڵوەشاوە و مزبان خزر هادی مەندەلاوی ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیستی هەڵوەشاوە، سزای دە ساڵ زیندانیکردن بۆ هەریەک لە تاریق حەنا میخائیل عەزیز عیسا، وەزیری دەرەوەو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و ئەحمەد حوسێن خزەیر ئەلسامەرائی سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار. هەروەها دادگا بێتاوانی دە تاوانباری راگەیاند بەبیانووی نەبوونی بەڵگەی پێویست کە ئەمانەن: ئەیاد تەها شەهاب ئەلدوری، لیوا روکن سابیر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری، سەبعاوی ئیبراهیم حەسەن ئەلناسری ئەلتکریتی، سەعد ساڵح ئەحمەد سوڵتان، عەبدولحەمید سلێمان ئیبراهیم، فازڵ سلفیج محێمیدی ئەلعەزاوی، فازڵ عەباس ئیبراهیم ئەلعامری، محەمەد خزەیر سەباح ئەلحەلبوسی، نوعمان عەلی محەمەد سلێمان ئەلتکریتی و وەتبان ئیبراهیم حەسەن ئەلناسری ئەلتکریتی).

هەروەها دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق بە سەرۆکایەتی دادوەر سەعد یەحیا عەبدولواحێد لە دانیشتنی ئەمڕۆکەیدا (29.11.2010)دا، بڕیاریدا تاوانی راگواستن و بە کۆمەڵکوشتنی کوردە فەیلییەکان بەگوێرەی مادە (11)ی یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق بە تاوانی کۆمەڵکوژی (جینۆساید) بناسێنێ.

((محضر تنفيذ حكم الاعدام))

مديرية الامن العامة

١٩٨٨/١/١٦

استنادا للمراسيم الجمهورية لسنة ١٩٨٨ واشارة الى قرارات حكم الاعدام بالمدعوين المرقمة ١٤٨/ج/١٩٨٨ المؤرخة الصادرة من رئاسة محكمة التمييز برقمها المرقمة ١٦٣٢ في ١٩٨٨/٥/١٦ فقد تم تنفيذ حكم الاعدام شنقاً حتى الموت بالمجرمين كل من رشد جابر رضا ورسول عبد الله محمد بن راضي حمادي وسير نعيم كريم وكرار نعيم كريم وبحضر المحضر المسمى ١٩٨٨/١/١٦ حسب الاصول .

المنفذ	المنفذ	الطبيب مدير صحة الامن العام
قاسم محمد راضي	باسل اسماعيل محمد	اثبت بأن المذكورين قد فارقوا الحياة

INDICT



AP





کۆمەڵکوژی بارزانییەکان:

یەکەم دانیشتنی دۆسیەی بارزانییەکان لە ڕێکەوتی (2.3.2009)دا بە سەرۆکایەتی دادوەر ڕەئوف ڕەشید عەبدولڕەحمان، وەزیری دادی کابینەی شەشەمی حکومەتی باشووری کوردستان بەڕێوەچوو، کە تاکو ئێستاکە ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (8.2.2011) سی و شەش دانیشتنی ئەنجام داوە. دوای وەرگرتنی پۆستی وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن دادوەر ڕەئوف ڕەشید، دادوەر محەمەد عەبدولساحب سەرۆکایەتی دادگای دۆسیەی تاوانبارانی کۆمەڵکوژی بارزانییەکانی گرتە ئەستۆ، لە دانیشتنی سی و چوارەمیشەوە دادوەر سەعد شاکر سەرۆکایەتی دەکات. ئەو تۆمەتبارانەی خوارەوە بە تۆمەتی لەناوبردن و کۆمەڵکوژی هەشت هەزار مرۆڤی بارزانی دادگایی دەکرێن: (عەلی حەسەن ئەلمەجید ئەلحەسەن ئەلناسری ئەلتکریتی، بەڕێوەبەری گشتیی ئەمنی ئەوکات و ئەندامی ئەنجومەنی بەناو سەرکردایەتی شۆڕش و سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی هەڵوەشاوە، تاریق حەنا میخائیل عەزیز عیسا، وەزیری دەرەوەو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامی ئەنجومەنی بەناو سەرکردایەتی شۆڕشی بەعسی عارەبی هەڵوەشاوە، وەتبان ئیبراهیم ئەلمەجید ئەلحەسەن ئەلناسری ئەلتکریتی، سکرتێری لیژنەی کاروباری باکووری ئەوکات، سەعدون شاکر مەحمود ئەحمەد ئەلعوبەیدی، وەزیری ناوەخۆی (1979-1986) و ئەندامی بەناو سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی هەڵوەشاوە، سوفیان ماهر حەسەن حوسێن ئەلغدێری ئەلتکریتی، فەرماندەی لیوای پاسەوانی کۆماری لەنێوان ماوەی (3.7.1983-5.8.1984)دا، هەروەها جێگری فەرماندەی گاردی کۆماری کە لە ڕێکەوتی (18.7.2004)دا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەستگیرکرا، حامد یوسف حەمادی، سکرتێری سەرۆک کۆمارو حکمەت ئیبراهیم مزبان ئەلعەزاوی، وەزیری مالیەو جێگری سەرۆک وەزیرانی ئەوکات، کە لە ڕێکەوتی (19.4.2003)دا لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە دەستگیرکرا). هەروەها هەریەک لە تاوانبارانی لە سێدارە دراو سەدام حوسێن ئەلمەجید ئەلحەسەن ئەلتکریتی سەرۆک کۆماری ئێراق و سەرۆکی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (30.12.2006)، بارزان ئیبراهیم ئەلمەجید ئەلحەسەن ئەلتکریتی ڕاوێژکاری سەدام (15.1.2007) و عەواد حەمەد بەدر

ئەلبەندەر ئەلسەعدون (1945-15.1.2007)، سەرۆکی دادگای بەناو شۆڕش دەستیان هەبووە لە بەکۆمەڵ کوشتنی هەشت هەزار بارزانی کە تەنیا ڕەگەزی نێری گرتەوەو ژنەکانیان نەگیران. چەندین تاوانباری ڕاکردووش هەن کە دەستیان هەبووە لە شاڵاوی دڕندانەی لەناوبردنی بارزانییەکان کە گرنگترینیان ئەمانەن: (عزەت ئیبراهیم خەلیل ئەلدوری، جێگری سەرۆکی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس. دکتۆر فازڵ حوسێن بەڕاک، بەڕێوەبەری گشتیی ئەمن. لیوا ماهر عەبدولڕەشید تۆفیق (لە هەندێ بەڵگەنامەدا بەمشێوەیە ناوەکەی نووسراوە لیوا روکن ماهر عەبدولڕەشید محەمەد ئەلڕەشید ئەلناسری)، بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی سەربازی ئەوکات (1983). لیوا روکن عەبدولموحسین خەلیل، بەڕێوەبەری ئەمنی شیمالی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان. عەمید خەیری ساڵح داود چلمێران موسڵاوی، بەڕێوەبەری ئەمنی هەولێر لەکاتی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان و بەڕێوەبەری ئەمنی دهۆک لە ساڵانی (1985-1987)و ماوەیەکیش بەڕێوەبەری ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان بووە. عەقید عەلی عەبدوڵڵا بەرع، بەڕێوەبەری ئەمنی بەغدا. موقەدەمی ئەمن حەقی ئیسماعیل ئەفسەر لە بەڕێوەبەرێتی ئەمنی بەغدا. رائیدی ئەمن یاسین ئەسعەد، ئەفسەر لە هۆبەی سێ. ڕەفیق کازم نوعمە سەلمان، رازگری نهێنی فەرماندەیی لقی باکووری سەربازی. وەلید خەلیل عایش رازگری نهێنی لقی هەولێری پارتی بەعسی عارەبی لە ساڵی (1983) و سالم مشعان ئەلکریشی، بەڕێوەبەری ئەمنی بوسەیە لە پارێزگای موسەنا).

ئەوەی شایەنی باسە حکومەتی ڕەگەزپەرست و ڕەفتار فاشی سەدامی عروبەو بەعس، شاڵاوی دڕندانەی دەستگیرکردن و بەکۆمەڵ کوشتنی بارزانییەکانی لەماوەی یازدە ڕۆژدا لەنێوان (31.7.1983-10.8.1983)دا ئەنجامدا، کە هەریەک لەو شارۆچکەو دێهاتانەی گرتەوە (قوشتەپە، بەحرکە، حەریر، باتاس و دیانا)، کە بووە هۆی بزرکردن و دواتر لەناوبردنی هەشت هەزار مرۆڤی سیڤیل و بێتاوانی بارزانی، جگە لەوەی کە هەندێکیان سەربە رژێم بوون وەکو: (شێخ عوسمان شێخ ئەحمەد محەمەد عەبدولسەلام بارزانی، ئەندامی ئەنجومەنی بەناو یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان کە پەرلەمانە کارتۆنییەکەی سەربە سەدام بوو، عیماد شێخ عوسمان شێخ ئەحمەد محەمەد عەبدولسەلام بارزانی، ئەندامی ئەنجومەنی بەناو نیشتمانیی ئێراق کە پەرلەمانە کارتۆنییەکەی سەربە سەدام بوو لەگەڵ سابیر مەلا

مستەفا محەمەد عەبدولسەلام بارزانی کە کوڕی مەلا مستەفای بارزانی بوو). ئەوانە هەموویان لە ڕێکەوتی (26.7.1983)دا دەستگیرکران کە ژمارەیان (23) بوو. دوای ئەوانیش لە ڕێکەوتی (31.7.1983) و ڕێکەوتی (10.7.1983)دا بە دوو جارو لەو ماوەیەدا هەشت هەزار مرۆڤی بارزانی بە تۆمەتی هاوکاریکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان و یارمەتیدانی سوپای ئێران و چەک هەڵگرتن لەدژی بەناو سوپای ئێراق دەستگیرکران. ئەو تۆمەتە هیچ بنچینەیەکی ڕاستی نەبوو، بەڵکو ئەو کەسانە تەنیا لەبەر ئەوە لەنێوبردران کە کورد و سەربە خێڵی بارزانی بوون.

بارزانییەکان بەتایبەت ئەوانەی بەغدا کە دابوویانە پاڵ ڕژێمی سەدام، دەبوایە هەر زوو هەست بە مەترسی گیران و لەناوبردنی خۆیان بکەن، چونکە ڕژێم هەر دوای هەفتەیەک تێپەڕبوون بەسەر دەستپێکردنی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێراق – ئێران (22.9.1980-8.8.1988)، عوبەیدوڵڵا مستەفا بارزانی، وەزیری دەوڵەت و ئەندامی ئەنجومەنی بەناو نیشتمانیی ئێراق کە پەرلەمانە کارتۆنییەکەی سەربە سەدام بوو لە بەغدا دەستگیرکردو شوێن بزریکرد. نزیکەی دوو هەفتەیەک دواتر واتە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (1980)، ڕژێم ئەوجارەیان لوقمان مستەفا بارزانی لە (ساحة التحریر)ی بەغدا دەستگیرکردو تاوەکو ئێستاکەش بێسەرو شوێنە، لە ساڵی (1983)شدا ڕژێمی بەعس لەگەڵ دەستگیرکردنی هەشت هەزار بارزانییەکە چوار کوڕی لوقمانی مەلا مستەفای بارزانی دەستگیرکردن و لەناوی بردن. لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کە بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی ڕژێمی بەعس و سەدام، ئازادی کوڕی لوقمان بارزانی خوێندکاری کۆلیژی ئاداب بووە لە بەغدا لەکاتی دەستگیرکردنیدا، کەچی بە تۆمەتی چەک هەڵگرتن لەدژی هێزە چەکدارەکانی ئێراق و یارمەتیدانی سوپای فارس لە ناوچەی حاجی ئۆمەران سزای لە سێدارە دانی بۆ دەرچووەو لە سێدارە دراوە. دەستگیرکردنی هەردوو کوڕی مەلا مستەفای بارزانی بەبێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان لەدژی ڕژێم ئەنجام دابێت، ئاماژەیەکی زەق بوو بۆ گرتن و لەناوبردنی تەواوی بارزانییەکانی تری باشووری کوردستان، هەروەها سەرەتای هۆنینەوەی پلانێکی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی سەدامی عروبە بووە لەدژی کۆمەڵێک مرۆڤی بێتاوان و سیڤیلی بارزانی کە هەرچی سەربە ڕەگەزی نێرو تەمەنی سەرووی پازدە ساڵی بوو گرتەوە.



الجمهورية العراقية
وزارة الداخلية
٦٠٠

رقم الدوكان	رقم القيد		الكي	نوع العملية		الحي والمحلة			تاريخ القيامة يوم	شهر	سنة
1	٥٩ ٥١٩٩٧٢٣		1	[redacted]	3	[redacted]	4	٧٩	5 [redacted]	١٠	٨٥
الاسم الثلاثي (ع٣٥)									الجنس		
2	ازاد ه لقمان ه مصطفى			2 1	3 البارزاني				6 [redacted]		
تاريخ الولادة			محل الولادة او (سبب ترقيم القيد) (ع٢٠)						الحالة الزوجية		
يوم	شهر	سنة									
5	2 اربيل								3 [redacted]		
النشاط			الشهادة		وصف ومكان المهنة (ع٣٠)				رقم المهنة	سنة	القضية	الدولي
4	2 [redacted]		3 [redacted]		4 طالب بجامعة بغداد				5 [redacted]	6 ٨٢	٨٧	١٠٤
العنوان	المحافظة والقضاء			الرمز	تفاصيل العنوان (ع٤٠)						السنة
5	1 بغداد الرصافة			1 ٤٢٠١	2 شارع فلسطين حي المستنصرية						3 ٨٢
الاسم			الكي كي		الوصمات MAP	الفيروس VDR		السعة الدموية		تسلسل الدوسيه	
6										١	

استمارة الخلاصة
ت ١٢٠

	رقم المتوفى	السجل	عدد العبارات	نوع العملية	تاريخ العملية
1	1 ٥٩ ٥١٩٩٧٢٣	2 ١	3 ٢	4 فتح / ٣ الغاء ١	5 ٢٠ / ١٠ / ٨٥

	الفقرة	تاريخ العبارة يوم شهر سنة	رمز العبارة	العبارات المرمزة	
2	1 ١٢	2 ٢٠ / ٨ / ٨٢	3	حكم عليه	
3			التفاصيل	4 بالاعدام استناداً الى المادة ٤٠ من قانون العقوبات العسكري لضباط القوات المسلحة الواقعة ومساعدة العدو الايراني لدخوله منطقة صالح عباس وتزويده بالمعلومات عن [redacted] وضد القوات / كتاب محكمة الثورة ١٩٤٦ / ١٩٨٢	٢٥ ٥ ٢

	الفقرة	تاريخ العبارة يوم شهر سنة	رمز العبارة	العبارات المرمزة	
2	1 ١٢	2 ٢٠ / ٨ / ٨٢	3	تنفيذ حكم الاعدام	
3			التفاصيل	4 كتاب مركز محكمة الثورة ١٩٤٦ / ١٩٨٢	٥٢ ٢

	الفقرة	تاريخ العبارة يوم شهر سنة	رمز العبارة	العبارات المرمزة	
2	1	2	3		
3			التفاصيل	4	

التدقيق	التدقيق	الدرج خالي CAP.	التدقيق VER.	الرقابة الرئيسية	تسلسل الاستمارة
					مدى

الجمهورية العراقية
رئاسة الجمهورية
السكرتير

بسم الله الرحمن الرحيم

سري للغاية وشخصي

العدد : ٢٦٥١/ك
التاريخ : ١٩٨٧/٨/٢٤

٥٧٨٢

الرفيق علي حسن المجيد المحترم

م/ العوائل البارزانية

نظراً لاستمرار تأكيد المجرم مسعود البارزاني على موضوع العوائل البارزانية التي كانت تسكن محافظة اربيل - مجمع قوش تبة وذلك من خلال الاتصالات غير المباشرة التي تحققت مع زمرته منذ عام ١٩٨٢ وحتى الان ، حيث انه يعتبر ذلك كشرط أو مقترح رئيس للبدء بحوار جدي مع قيادة الحزب والثوره ..

أمر السيد الرئيس القائد بتوجيه المسؤولين والاجهزة الامنية المعنية بالقضية الكردية - الذين من المحتمل الاتصال بهم من خلال طرف ثالث - بان يكون الرد محدد وموحد بأن (لا أحد يعرف عنهم شيئ سوى قيادة الدولة وأن المسألة الاساسية اكبر من قضية هذه العوائل) وأن يعتمد هذا الجواب في الرد على أي استفسار منهم قد يحصل عن مصير هذه العوائل .

نرجو اتخاذ مايقتضى .. مع التقدير

سكرتير رئيس الجمهورية

يتبع /-

مديرية م ر
تبلغ ٦٤٢ والمعنيين فان الاوان بالامر وللغرض
(١-٢)
٨/١٢

کۆمەڵکوژی دانیشتوانی گەڕەکی کانی ئاشقانی هەڵەبجە:

لە ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (13.5.1987)دا، لەڕاپەڕینێکی فراوانی کۆمەڵانی خەڵکی شاری هەڵەبجەدا لە دژی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی فاشی و ڕەگەزپەرستی عارەبی سەدام-دا، هێزەکانی بەناو سوپا، مونەزەمەی بەعس، ئەمن و هەواڵگری ئێراقی ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیانی شارەکەدا دەستگیرکردو، هەشتاو پێنج کەسیان بە فەرمانی عەلی حەسەن مەجیدو نزار خەزرەجی، فەرماندەی ئەوکاتی فەیلەقی یەکی بەناو سوپای ئێراق زیندەبەچاڵکرد. دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (1991)ی کۆمەڵانی خەڵکی ستەمدیدەی باشووری کوردستان، تەرمی ئەو شەهیدانە لەچەند گۆڕێکی بە کۆمەڵدا لە (بامۆکی) لای هەریەک لە شارۆچکەی هەڵەبجە، سەید سادق و شانەدەری دۆزرانەوە - سەرچاوە: (عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال، بەرگی یەکەم، ل228). بەڵام دوای تێپەڕبوونی بیست و دوو ساڵ بەسەر ئەو تاوانە، یەکەم دانیشتنی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی دۆسیەی گەڕەکی کانی ئاشقان لە ڕێکەوتی (4.11.2009)دا لە بەغدا لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق دەستیپێکردو، ئەمانەی خوارەوە وەکو تۆمەتبارانی سەرەکی شوەهیدکردنی (85) هاووڵاتی دانیشتووی هەڵەبجە و کاولکردنی گەرەکی کانی ئاشقان ناویان هاتووە: (عەلی حەسەن مەجید ڕازگری نهێنی بیرۆی باکووری حزبی بەعس، فەریق ڕوکن نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ ئەلخەزرەجی فەرماندەی فەیلەقی یەکی ئەوکاتی بەناو سوپا، لیوا ڕوکن خالید محەمەد عەباس عەلی ئەلجبوری بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری سەربازی کەرتی خۆرهەڵات، مونزر عەزیز خدر ئەلسەفار بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی سلێمانی، عەمید ڕوکن غانم ساڵح حەسەن ڕەبیع ئەلغەراوی فەرماندەی جەحفەلی پێنجی سووکی بەگری نیشتمانیی و عەلی حەسەن عوەید ئەلمەلکاوی فەرماندەی فرقەی (43)ی سوپای ئێراق). لەوکاتەدا ڕەفیق نیسان سەرحان هیلال، ڕازگری نهێنی فرقەی حزبی بەعس بووە لە هەڵەبجە و ڕائید وسام عەلی کازم بەڕێوەبەری پۆلیسی هەڵەبجە بووە، بەڵام ناویان لە لیستی داواکراوەکان و تاوانبارەکاندا نییە.

وەلێ دوای لە سێدارە دانی عەلی حەسەن مەجید تکریتی ناسراو بە (عەلی کیمیاوی) لە ڕێکەوتی (25.1.2010)دا بە دوو ڕۆژ، واتە لە ڕۆژی (27.1.2010)دا،

دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق بڕیاریدا بە راگرتن و داخرانی دۆسیەی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی تاوانی زیندەبەچاڵکردنی (85) هاووڵاتی بێتاوانی شاری هەڵەبجە و رووخاندنی گەڕەکی کانی عاشقان، کە گەڕەکێکی گەورە و گرنگ بوو لەناو شارۆچکەی هەڵەبجە.